# گوڵان

ساڵی بیست و هەشتەم (١٢٩٠)- (٢٥)ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١



**دکتۆر ساحب قارەمان:**

**دەبێت کورد بۆ دانوستاندنەکانی پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق مەرجی پێشوەختەی هەبێت**



**پرۆفیسۆر شێرزاد نەجار:**

**بارودۆخی سیاسی دەخوازێت لایەنە کوردستانییەکان لەسەر کۆمەڵێك خاڵی هاوبەش ڕێکبکەون**




**دکتۆر نەجدەت ئاکرەیی:**

**گرنگە لایەنی کوردستانی لە بەر ڕۆشنایی بەرژەوەندیی باڵای گەلی کوردستان بەشداریی هاوپەیمانییەکان بکات**

# عێراقی دوای هەڵبژاردن

# پەرتەوازەیی ناوماڵی شیعە و پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت






# www.gulan-media.com

# چاپکراوی نوێ

(یاداشتنامەی پزیشکێك لە کوردستان و ئەڵمانیا) کتێبێکی تازە چاپکراوە لە نووسینی (د. شوان عوسمان ئەمین) و لە بەرگ و دیزاینێکی جوان کەوتە بەردەستی خوێنەرانەوە، ئەم کتێبە بریتییە لە چەندین قۆناغی ژیانی تایبەتیی نووسەر، هەر لە دەرچوونی وەك پزیشکێك لە کۆلێجی پزیشکی تا گەشتکردنی بەرەو ئەڵمانیا، نووسەر وێستگەکانی ژیانی پزیشکیی خۆی بە زنجیرەو لە شێوەی بەسەرهات لەم کتێبەدا خستووتە ڕوو، سەرەتا ئاماژە بە دامەزراندن و دواتر وەك پزیشکێکی نیشتەجێی خولاو دەکات، زیاتریش جەخت دەکاتەوە لەسەر داواکاریی پێشکەشکردن بۆ پسپۆری و خوێندنی بۆرد.

گرنگترین قۆناغی نووسەر وەك پزیشك لەو کاتەوە دەست پێ دەکات کە گەیشتووەتە ئەڵمانیاو فێربوونی کۆرسی زمان و ڕاهاتن لەگەڵ کلتوورێکی جیاوازو نوێ. کارکردن وەك پزیشکێك لە نەخۆشخانەکانی ئەڵمانیا وێستگەیەکی دیکەی ژیانی نووسەرە، ئەم وێستگانە درێژەیان دەبێت، تا ئەو کاتەی دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان و کردنەوەی نۆرینگە و تێکهەڵکێشکردنی ئەزموونی دەرەوەو پراکتیزەکردنی پیشەکەی لە کوردستان.

پیرۆزبایی لە د. شوان عوسمان ئەمین دەکەین بە هیوای خزمەتی زیاتر لە بواری نووسین و پسپۆرییەکەی خۆی وەك پزیشکێکی لێهاتوو لە هەرێمی کوردستان.



# چاپکراوی نوێ

لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری دیراسات و توێژینەوەو ئەکادیمیای پارتی دیموکراتی کوردستان دوو کتێب چاپ وبڵاوکرانەوە، کە هەردووکیان لە نووسینی (دکتۆر دینمۆ حەمەد ئامێدبەك) و وەرگێڕانی (تەحسین وسو عەبدوڵلا)ن، کتێبی یەکەم بە ناوی (کۆدەکانی جیۆکلتووری سیاسەتی دەرەوەی ئێران)، ئەم کتێبە ئاماژە بەوە دەکات کە شیکردنەوەی سیاسەتی دەرەوە لە دەروازەی کلتوورییەوە ئاراستەیەکی نوێیە لە تیۆرەکانی پەیوەندیی نێودەوڵەتیدا، لە چارێکی کۆتاییی سەدەی ڕابردوودا، گرنگیی بابەتەکانی کلتوور، ناسنامە، شارستانیەت و ئایین لەلایەن پسپۆرانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان زیاتر دەرکەوتووە.



# چاپکراوی نوێ

کتێبی دووەم بە ناوی (کۆدەکانی جیۆپۆلەتیکی سیاسەتی دەرەوەی ئێران)،لە پێشەکی کتێبەکەدا باس لەوە کراوە کە ئێران لە ڕوانگەی جیۆپۆلیتیکەوە خاوەنی شوێنێکی ناوەندییە لە ڕۆژئاوای ئاسیا، قەفقاسیا، باشوورو ناوەڕاستی ئاسیا، بە درێژایی مێژوو هەموو ئەو دەوڵەتانەی لەسەر خاکی ئێران دروست بوونە کاریگەرییان هەبووە لەسەر ناوچەکە لەسەردەمی ئێستاشدا کۆماری ئیسلامیی ئێران چاوی لەسەر نفوزییەتی، لەو ناوچانەی کە ئاماژەیان پێکرا، تاران سیاسەتی دەرەوەی خۆی بە شێوەیەکی چالاکانە جێبەجێ دەکات.جگە لە چەندین بابەتی دیکەی پەیوەست بەم چەمکە لە دووتوێی ئەم کتێبەدا نووسراون و شیکراونەتەوە.دەست خۆشی لە وەرگێڕ(تەحسین وسو عەبدوڵڵا) دەکەین، بە هیوای بەرهەمی زیاتر.



گۆڵان

## د.هێمن غەنی بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری گوڵان
## نامەی دکتۆراکەی بە سەرکەوتوویی پەسەند کرا
## بابەت / پیرۆزبایی

ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو هەڤاڵ و هاوکارمان د.هێمن غەنی بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری گوڵان، نامەی دکتۆراکەی بە ناونیشانی (کەرامەتی مرۆیی وەك باڵاترین بەهای دەستووری، توێژینەوەیەکی شرۆڤەکاری و بەراوردکاری
(Human Dignity as a Highest Constitutional Value، a comparative and analytical study -
بە زمانی ئینگلیزی پێشکەشی زانکۆی سۆران کرد، لیژنەی سەرپەرشتیاریش کە پێکهاتبوون لە (پ. د. کامەران حسێن ساڵەیی سەرۆکی لیژنە و ئەندامیەتی هەر یەك لە پ.د. دەیڤید لینان، پ.ی.د. خالد ئیبراهیم ئەل سەلیم، پ.ی.د نایجڵ مارك، پ.ی.د جیۆڤانی ماریا) پاش گفتوگۆیەکی ٣ کاتژمێری بە زمانی ئینگلیزی نامەی دکتۆراکەی بە سەرکەوتوویی پەسەند کرا.

د.هێمن غەنی ماوەی زیاتر لە ١٥ ساڵە یەکێکە لە نووسەر و ڕۆژنامەنووسەکانی گۆڤاری گوڵان و بێجگە لە زمانی کوردی زمانەکانی (ئینگلیزی و عەرەبی و تورکی) بە باشی دەزانێت و، دیمانەی ڕۆژنامەوانییان پێ ئەنجام دەدات، هەروەها خاوەنی چەندین کتێبی فیکری و سیاسیشە کە لە زمانی عەرەبی و ئینگلیزییەوە بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕدراون.

بەم بۆنەیەوە، وێڕای ئەوەی بە ناوی خۆم و دەستەی نووسەران و تەواوی ستافی دەزگای گوڵانەوە گەرمترین پیرۆزبایی ئەم سەرکەوتنە گەورەیەی لێ دەکەین، لە هەمان کاتدا وەك ڕێزگرتنێك لە هەوڵ و ماندووبوونی و گرنگیی نامەی دکتۆراکەی، دەستەی نووسەرانی گۆڤاری گوڵان بڕیاری داوە، نامەی دکتۆراکەی وەك کتێبێکی دیکەی گوڵان بە زمانی کوردی پێشکەشی خوێنەران و کتێبخانەی کوردی بکات.

جارێکی دیکە پیرۆزبایی گەرم لە هەڤاڵ و هاوکارمان د. هێمن غەنی دەکەین. خەرمان بەرەکەت.

**فەرهاد محەمەد**
**سەرنووسەری گۆڤاری گوڵان**
**٢٠٢١ /١٠/٢٣**




Human Dignity as a Highest Constitution
Value:A comparative and Analytical Study

## دکتۆر جووتیار عادل:



# بەردەوام دەبین لە دابینکردنی مووچە لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا

## ئەکرەم ئەحمەد:




# دیزاینی ١٨ بەنداوی گەورە ئامادەیە و شوێنی ٢٠٠ بەنداوی بچووک و مامناوەندیش دەستنیشان کراوە

## دکتۆر ئاسۆ حەویزی:



# کارتی وەرگرتنی ڤاکسین کۆدی لەسەرە و ساختە ناکرێت و لە دنیادا باوەڕپێکراوە

## سوزان ڕۆز ئەکێرمان:



# کەمکردنەوەی گەندەڵی تەنیا بەشێکی پرۆسەی حوکمڕانیی باش پێکدەهێنێت





■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د. هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێیان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
ئەحمەد عەزیز
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:

Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

*Web: www.gulanmedia.com*

دڵشاد میران:



دامەزراندنی حکومەتی عێراق کاتێکی زۆر دەخایەنێت، لە کۆتاییدا لە نێوماڵی شیعە کەسێک بە تەوافوق بۆ سەرۆک وەزیران دەستنیشان دەکرێت

سرووشت عومەر :

پێویستە میدیای ناوخۆیی زیاتر گرنگی بە وەرزشی کچان بدات





هاووڵاتیان لە گرانیی نرخی چارەسەرییەکانی نەخۆشخانە ئەهلییەکان نیگەرانن

بۆچی کۆڤید ١٩ بۆ منداڵ مەترسیی زۆری نییە؟



بۆچی فەیسبوک تووشی گرفت بوو؟



لە ئەڵمانیا یازدەیەمین خولی فێستیڤاڵی فیلمی کوردی «بەرلین» بەڕێوە چوو









# عێراق و ئاکامەکانی هەڵبژاردن پەرتەوازەیی ناوماڵی شیعە و پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت

ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ئەم جارەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە ئاستێك پەرتەوازەیی لە نێومالّی شیعە دروست کردووە، کە دەرگای هەموو ئەگەرێکی خراپی بە کراوەیی هێشتووەتەوە، خالّی مەترسیدار لەم هاوکێشەیەدا ئەوەیە کە ئەو هێز و لایەنانەی خۆیان بە بالّی سیاسیی حەشد لە قەڵەم دەدا، وەك هاوپەیمانیی فەتح (بەدر + سادقون+ عەسائیبی ئەهلی حەق) بە سەرۆکایەتیی هادی عامری کە ژمارەی کورسییەکانی لە ٤٨ کورسییەوە کەم بووەتەوە بۆ ١٤ کورسی، هەروەها هاوپەیمانیی هێزی دەوڵەت (نەسر +حیکمە) کە تەنیا چوار کورسییان بە دەست هێناوە، ئەمە لە کاتێکدا کە لە هەڵبژاردنی ٢٠١٨ خاوەنی ٤٠ کورسی بوون، ئەم دۆڕاندنە گەورەیەی هەڵبژاردنیان پێ قبوول ناکرێت و وەك لە بەیاننامەکانی خۆیاندا ئاماژەی پێ دەکەن: «بە هیچ شێوەیەك ئەم ئاکامەی هەڵبژاردن پەسەند ناکەین و هەموو ڕێگەیەك دەگرینە بەر بۆ گێڕانەوەی دەنگەکانمان..»، ئەمەش زەنگێکی مەترسیدارە بۆ لەباربردنی پرۆسەی سیاسی لە عێراق و ئەگەری پەنابردنە بەر توندوتیژی زیاد دەکات، کە لێدوانی فەرماندەکانی حەشدی ئەمەیان نەشاردووەتەوە.

لە بەرامبەر تەیاری سەدر کە لە هەڵبژاردنی ئەم جارە ٧٣ کورسی بە دەست هێناوە، حزب و لایەنەکانی دیکەی شیعە بە پشتیوانیی حەشدی شەعبی هاوپەیمانییەکیان لە ناو (چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە) یان بە سەرۆکایەتیی نووری مالیکی دروست کردووە و، جیا لەوەی ئاکامی هەڵبژاردنەکە ڕەت دەکەنەوە، لە هەمانکاتدا بانگەشە بۆ ئەوەش دەکەن کە ئەوان دەتوانن کوتلەی گەورە دروست بکەن و حکومەتی داهاتووی عێراق پێکبهێنن.

پەیامی هاوپەیمانیی (چوارچێوەیەك بۆ هەماهەنگیی شیعە) کە بێجگە لە لیستی دەوڵەتی یاسا بە سەرۆکایەتیی نووری مالیکی هەموو لایەنە دۆڕاوەکانی حەشدی شەعبی لە خۆی دەگرێت، جۆرێك لە هاودژی پێوە دیارە و، لە کاتێکدا کە لایەنگرانی حەشدیان ڕژاندووەتە سەر شەقامەکان و هەڕەشە لە «جنین بلاسخارت»ی نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق و کۆمیسیۆنی بالّای هەڵبژاردنەکان دەکەن، لە هەمان کاتدا هەوڵەکانیشان خستووەتە گەڕ بۆ ئەوەی کوتلەی گەورە دروست بکەن، ئەم هەنگاوەشیان بۆ پێکهێنانی کوتلەی گەورە وەك دانپێدانانێکی زمنی بە ئاکامی هەڵبژاردنەکان دادەنرێت، بەڵام کێشەی سەرەکی لێرە ئەوەیە: ئەگەر (چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە) لە پێکهێنانی کوتلەی گەورە سەرکەوتوو نەبوون، ئەوا ئەو ئەگەرە دوور نییە کە هێزەکانی حەشدی شەعبی بارودۆخەکە بەرەو ئالّۆزییەکی مەترسیدارتر بەرن.

ئاکامی هەڵبژاردنی ئەم جارەی عێراق لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی پێشوازییەکی گەورەی لێ کراوە و، تەنانەت ڕۆژی هەینیی ڕابردوو ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی سەبارەت بەم هەڵبژاردنە پەیامێکی ئاراستەی عێراقییەکان کرد و، داوای لێ کردن تانەکانیان سەبارەت بە ئاکامی هەڵبژاردنەکان بە ڕێگەی یاسا چارەسەر بکەن، لێ سەرانی حەشدی شەعبی، گرنگی بە پەیامی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەدەن، یان پەیامی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی و حزبوڵڵای لوبنانی؟!

## • شکستی بالّی سیاسیی حەشد شکۆی باڵا سەربازییەکەشی شکاند

لە دوای هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٨ کە وەك سەرکەوتنێك بۆ بالّی سیاسیی حەشد لە قەڵەم درا و، هەر باڵە سیاسییەکەی حەشد لە چوارچێوەی هاوپەیمانیی فەتح حکومەتی پێکهێنا، هەنگاوێك بوو بۆ دروستکردنی دەوڵەتی قووڵ لە عێراقدا و دەستبەسەراگرتنی هەموو جومگە هەستیارەکانی دامەزراوەکانی دەوڵەت لەلایەن حەشدی شەعبییەوە، بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی خۆپیشاندانەکانی تشرین لە بەغدا و پشتگیریکردنی خۆپیشاندانەکان لەلایەن ئایەتوڵڵا سیستانی مەرجەعیەتی نەجەفەوە، دەوڵەتی قووڵ لەبەریەك هەڵوەشاوە و عێراق بەرەو قۆناخی نادەوڵەتی هەنگاوی هەڵگرت و، لەم قۆناخەشدا هێزەکانی حەشدی شەعبی

**ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ئەم جارەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە ئاستێک پەرتەوازەیی لە نێومالّی شیعە دروست کردووە، کە دەرگای هەموو ئەگەرێکی خراپی بە کراوەیی هێشتووەتەوە**

**هاوپەیمانیی هێزی دەوڵەت (نەسر +حیکمە) کە تەنیا چوار کورسییان بە دەست هێناوە، ئەمە لە کاتێکدا کە لە هەڵبژاردنی ٢٠١٨ خاوەنی ٤٠ کورسی بوون، ئەم دۆڕاندنە گەورەیەی هەڵبژاردنیان پێ قبوول ناکرێت**

**لە کاتێکدا کە لایەنگرانی حەشدیان ڕژاندووەتە سەر شەقامەکان و هەڕەشە لە «جنین بلاسخارت»ی نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق و کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان دەکەن، لە هەمان کاتدا هەوڵەکانیشان خستووەتە گەڕ بۆ ئەوەی کوتلەی گەورە دروست بکەن**

زەمینەیەکیان سازاندبوو کە خۆیان ڕاستەوخۆ بە بەدیلی هەموو دامەزراوەکانی دەوڵەتی عێراق دەزانی و، لەمەش زیاتر زۆر جار هەڕەشەی ترسناکیان لە خودی سەرۆك وەزیرانی ئێستای عێراق دەکرد، کە ڕاستەوخۆ فەرماندەی هێزە چەکدارەکانیش بوو. ئێستاش دوای ڕاگەیاندنی ئاکامی فەرمیی هەڵبژاردنەکان، لایەنگرانی حەشدی شەعبی بە گردبوونەوە و سازدانی خۆپیشاندانەکانیان، هەوڵەکانیان خستووەتەگەڕ بۆ ئەوەی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا پەك بخەن و، ڕێگە نەدەن هیچ لایەك هەنگاو بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو هەڵبگرێت، بەمەش مەترسییەکی دیکە دروست دەکەن کە پاشاگەردانیی سیاسی و مەترسیی پێکدادانی سەربازی لە هەموو ئاستێکدا لە عێراق بەردەوام بێت.

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: ئایا تا چەند موقتەدا سەدر کە حزبەکەی دەنگی یەکەمی لەم هەڵبژاردنە هێناوە، ئامادەباشیی ئەوەی تێدا دەبێت کە لەگەڵ هاوپەیمانیی شیعە دابنیشێت و تەنازول لە مافی هەڵبژاردنی خۆی بکات و، ڕێگە بدات کە نوێنەرانی حەشدی شەعبی حکومەتی داهاتوو پێکبهێنن؟ چاودێران ئامادەباشیی سەدر بۆ ئەو تەنازولە بە شێوەیەك ڕەت دەکەنەوە، کە دەڵێن: سەدر ئەیاد عەللاوی نییە واز لە مافی هەڵبژاردنی خۆی بێنێت و ڕێگەی پێکهێنانی حکومەت بۆ نووری مالیکی و باڵی سیاسیی حەشد تەخت بکات، لەمەش زیاتر هەندێك لە چاودێرانی دیکەی سیاسی دەڵێن: ئەگەر سەدر لە ژێر گوشاریشدا ناچار بێت ئەم کارە بکات، ئەوا خۆی بە دەستی خۆی جەماوەرەکەی لە کیس دەدات و، تەیاری سەدریش چارەنووسی لە هاوپەیمانیی ئەلعراقییەی ئەیاد عەللاوی باشتر نابێت.

لە بەرامبەر ئەمەدا پرسیاری دیکە دێنە گۆڕێ و دەرگای ئەو ئەگەرە دەکەنەوە و دەڵێن: ئەی ئەگەر حەشد ناچار کرا ئەم دۆڕاندنە قبووڵ بکات و ڕێگەکە بۆ سەدر تەخت بکەن، بۆ ئەوەی دەست بە دانوستاندن بکات بۆ پێکهێنانی کوتلەی گەورە، ئایا لەم حاڵەتەدا چی ڕوودەدات؟ لە وەڵامی ئەمەشدا چاودێران ڕایانوایە، ئەگەر حەشدی شەعبی شکستی باڵی سیاسییەکەی لەم هەڵبژاردنە قبووڵ بکات، ئەوا دەبێت باڵە سەربازییەکەشی ئەو شکستە قبووڵ بکات کە دەبێت چەك تەنیا لە دەستی دەوڵەتدا بێت، ئەمەش ڕاشکاوانە واتە نەمانی هێزەکانی حەشدی، بۆیە هەتا ئەگەر عێراقییەکانی ناو حەشدیش ئەمە قبووڵ بکەن، ئەوا سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی و حزبوڵای لوبنانی ئەمە قبوڵ ناکەن.

ئەوەی هەتا ئێستا لە هەڵویستی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی و حزبوڵای لوبنانی تێبینی دەکرێت، ئەوەیە هەر دوای ڕاگەیاندنی ئاکامی نافەرمیی هەڵبژاردنەکان و ئاشکرابوونی شکستی باڵی سیاسیی حەشد، ئیسماعیل قائانی فەرماندەی فەیلەقی قودسی کۆماری ئیسلامی سەردانی عێراقی کردووە و لەگەڵ باڵی سیاسیی حەشد کۆبووتەوە و، ئاکامی کۆبوونەوەکانی قائانی-یش لەگەڵ فەرماندەکانی حەشد، ئەو گردبوونەوە و خۆپیشاندانانەی ئەندام و لایەنگرانی حەشدە کە جیا لەوەی ئاکامی هەڵبژاردنەکان ڕەت دەکەنەوە، لە هەمانکاتدا بڕواشیان بەوە نییە کە یاسا ئەم کێشەیە چارەسەر بکات، ئەم ئاماژانە هەمووی پێکەوە یەك پەیامی لێ دەخوێندرێتەوە، ئەویش ئەوەیە نە موقتەدا سەدر دەتوانێت خۆی بخاتە ژێر گوشارەکانی حەشد، لەبەر ئەوەی بۆ سەدر ئەم کارە (خۆکوژیی سیاسییە)، نە باڵی سیاسیی حەشدیش دەتوانی ئەم ئاکامانە قبوڵ بکات چونکە بۆ ئەوانیش (هەم خۆکوژیی سیاسی و هەمیش خۆکوژیی سەربازی)یە.

کەواتە ئەوەی لە خوێندنەوەی واقیعی سیاسیی ئێستای عێراق هەڵدەهێنجرێت، ئەوەیە کە هەتا هێز و لایەنە پێکناکۆکەکانی شیعە لە ناو خۆیاندا ڕێکنەکەون لە سەر ئەوەی کام لایەن کوتلەی گەورە دروست بکات، یان پێکەوە ڕێکنەکەون بە هاوبەشی کوتلەی گەورە دروست بکەن، ئەوا هەنگاوەکان بۆ پێکهێنانی حکومەت هەر لە قۆناخی سڕبوون دەمێنێنەوە و، دەروازەیەك ناکرێتەوە بۆ ئەوەی پاشاگەردانیی ناو پرۆسەی سیاسیی عێراق کۆتایی پێ بهێندرێت.

**ئەگەر (چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە) لە پێکهێنانی کوتلەی گەورە سەرکەوتوو نەبوون، ئەوا ئەو ئەگەرە دوور نییە کە هێزەکانی حەشدی شەعبی بارودۆخەکە بەرەو ئاڵۆزییەکی مەترسیدارتر بەرن**

**دوای ڕاگەیاندنی ئاکامی فەرمیی هەڵبژاردنەکان، لایەنگرانی حەشدی شەعبی بە گردبوونەوە و سازدانی خۆپیشاندانەکانیان، هەوڵەکانیان خستووەتەگەڕ بۆ ئەوەی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا پەک بخەن و، ڕێگە نەدەن هیچ لایەک هەنگاو بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو هەڵبگرێت**

**نە موقتەدا سەدر دەتوانێت خۆی بخاتە ژێر گوشارەکانی حەشد، لەبەر ئەوەی بۆ سەدر ئەم کارە (خۆکوژیی سیاسییە)، نە باڵی سیاسیی حەشدیش دەتوانی ئەم ئاکامانە قبوڵ بکات چونکە بۆ ئەوانیش (هەم خۆکوژیی سیاسی و هەمیش خۆکوژیی سەربازی)یە**



# سیستمی هەڵبژاردن و گۆڕانکاریی گەورە لە نەخشەی سیاسیی عێراقدا

هەڵبژاردنی ١٠ی ئۆکتۆبەری ڕابردوو بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئەو ڕاستییەی بۆ هەموو لایەك ئاشكرا كرد، كە سیستمی هەڵبژاردن چۆن بێت، ئاكامی هەڵبژاردنیش هەر بەو شێوەیە دەبێت. لەمەوە ئەگەر بەراوردێك لە نێوان هەڵبژاردنەكانی نیسانی ٢٠١٨ و ئۆكتۆبەری ٢٠٢١ بكەین، دەبینین جیاوازییەكی گەورە لە ئاكامەكانی سیستمی یەك بازنەیی لە ئاستی یەك پارێزگا و سیستمی چەند بازنەیەك لەسەر ئاستی یەك پاریزگا دروست كردووە، بەمەش گۆڕانكارییەكی زۆر گەورە بە سەر نەخشەی سیاسیی عێراقدا هاتووە، ئەم گۆڕانكارییەش بە تەواوی پرۆسەی دانوستاندنەكان بۆ پێكهێنانی حكومەتی داهاتووی عێراق دیار دەبێت و كاریگەریی گەورەی لەسەر دەبێت.

ئاكامی هەڵبژاردنەكانی ئەمجارە لەسەر ئاستی كوردستان، قەوارەی ڕاستەقینەی پارتی دیموكراتی كوردستانی پیشان دا، ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە كە پارتی دیموكراتی كوردستان لە كۆی ٦٣ كورسیی كورد لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ٣٣ كورسی بەدەستهێناوە، ئەم ئاكامە هەر لە سەرەتاوە جۆرێك لە لێكتێگەیشتینی لەسەر ئاستی كوردستان دروست كردووە و مەزندەی ئەوە دەكریت، ئەم ئاكامە ببیتە بناغەیەكی باش بۆ سەقامگیریی سیاسی لە كوردستاندا.

لەسەر ئاستی كۆمەڵگەی عەرەبی سوننەش تا ڕاددەیەكی زۆر قەوارەی تەقدومی پێشخستووە و، لە دوای ئەویش هاوپەیمانیی عەزم بە پلەی دووەم دێت، ئەم ئاكامە



ئاماژەیە بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی عەرەبی سوننە بەرەو یەکخستنەوەی تواناکانی خۆیان هەنگاو هەڵدەگرن، ئامانجیانە کە دەست بە دووبارە ئاوەدانکردنەوەی ئەو کاولکارییانە بکەن کە شارەکانی سوننە بە هۆی شەڕی تیرۆریستانی داعشەوە بە سەریاندا هاتووە.

گۆڕانکاریی گەورە و چاوەڕواننەکراوی ئاکامەکانی ئەم هەڵبژاردنە لەسەر کۆمەڵگەی عەرەبی شیعەیە کە بە شێوەیەکی گەورە پەرتەوازەیی لە ناوماڵی شیعە دروست کردووە، هەروەها گۆڕانکاری لەسەر ئاستی هێزەکانی شیعە دروست کردووە، لەم گۆڕانکارییەشەدا کەمکردنەوەی کورسییەکانی (عەبادی و حەکیم) لە ٦٤ کورسیی هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٨ بۆ تەنیا چوار کورسی لە هەڵبژاردنەکانی ئۆکتۆبەری ڕابردوو، باشترین ئاماژەیە بەوەی کە چ گۆڕانکارییەکی گەورە لە ناو کۆمەڵگەی شیعە هاتووەتە ئاراوە، لەمەش گرنگتر ڕەتکردنەوەی ئاکامەکانی هەڵبژاردنەکان لەلایەن هاوپەیمانی (چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە) ئاماژەیەکی مەترسیداری دیکەیە کە پرۆسەی پیکهێنانی حکومەتی داهاتوو، جیا لەوەی پرۆسەیەکی ئاسان نابێت، بەڵام لە دەستتێوەردانی دەرەکیش بە دوو نابێت.

بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە گرنگە، گوڵان مێزگردیکی کراوەی بۆ هەر یەك لە بەڕێزان (پرۆفیسۆر شێرزاد نەجار، د.ساحیب قارەمان و د.نەجدەت ئاکرەیی) ڕێکخست و بەمجۆرە ئەو پرسە گرنگە لەو مێزگردەدا تاوتوێ کرا.



پرۆفیسۆر شێرزاد نەجار:

# بارودۆخی سیاسی دەخوازێت لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لەسەر کۆمەڵێک خاڵی هاوبەش ڕێکبکەون

ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئەوەی پیشان داین کە سیستمی هەڵبژاردن کاریگەریی گەورەی لەسەر ئاکامەکانی هەڵبژاردنەکان هەیە، ئەمەش واتە سیستمەکە چۆن بێت، ئاکامەکەش هەر بەو شێوەیە دەبێت، هەر بۆ نموونە: هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٨ لە چوارچێوەی سیستمی هەر پارێزگایەك و بازنەیەك ئاکامێکی هەبوو، ئەمجارەش لە چوارچێوەی سیستمی هەر پارێزگایەك و چەند بازنەیە ئاکامێکی دیکەی پیشان داین، هەر بۆیە ئەم سیستمە تازەیە ئاکامێکی نوێی ئەوتۆی هێنایە ئاراوە کە نەخشەیەکی سیاسیی نوێیش لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا دروست بێت، ئەم ئاکامە نوێیە جۆرێك لە پەرتەوازەیی لەناو ماڵی شیعە دروست کرد کە ماوەی ١٠ ساڵە ئەمریکا و دەوڵەتانی عەرەبی هەوڵدەدەن ئەو پەرتەوازەییە دروست بکەن و بۆیان نەکرا، بەڵام ئاکامی ئەم هەڵبژاردنە ئەوەی دروست کرد، بۆیە هەتا ئەگەر بڵێین پەرتەوازەییەکە بەو شێوەیەش نییە، بەڵام لایەنەکانی شیعە لەناو خۆیاندا تووشی کێشە و ململانێی گەورە کردووە. پرسیار ئەوەیە بۆچی ئاکامەکانی هەڵبژاردن توانی ئەم پەرتەوازەییە دروست بکات؟ بێگومان لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی:

١- کوتلەی شیعە کە حکومەت و وەزارەتەکانیان لە دەستدا بووە، لە جێبەجێکردنی خواستی هاووڵاتیاندا شکستیان هێناوە.

٢- هەژموونی ئێرانی لەسەر پرۆسەی سیاسیی عێراق شتێکی بەرچاو بووە، ئەمەش نیگەرانی لای هاووڵاتیان دروست کردووە.

کەواتە ئەو دەستەبژێرەی ئەمجارە بوونەتە ئەندامی پەرلەمان، دەستەبژێرێکن بە کاریگەریی سیستمی هەڵبژاردن و کاریگەریی هەوڵەکانی لەبەریەکهەڵوەشانی ماڵی شیعە و هێزی حزبەکان لە بازنەکانی هەڵبژاردن هەڵبژێردراون، بۆیە پرسیار لێرەدا دەبێتە ئەوەی ئایا ئەم دەستەبژێرە، دەستەبژێرێکی لێهاتوون، یان تەنیا دەستەبژێرێکن بە دەنگی حزبەکانیان هەڵبژێردراون؟ لەسەر ئەم پرسە لەسەر کاندیدی هەموو لایەنەکان (بە لایەنە کوردستانییەکانیشەوە) تێبینی زۆرن و، بەشی زۆریان بەو ئاستە لێهاتوو نین، کە ئومێدیان لەسەر هەڵبچنرێت.

لایەنیکی دیکە وێرای تێبینییەکان لەسەر ئەو دەستەبژێرەی دەبنە ئەندامانی داهاتووی پەرلەمانی عێراق، ئیشکالییەتێکە کە بۆ قاعیدە دەستوورییەکەیان دروست کردووە، بەپێی قاعیدەی دەستووری، سیستمی سیاسیی عێراق، سیستمێکی پەرلەمانی و دیموکراتی و فیدراڵییە، بەپێی ئەم سیستمە هەر هێز و لایەنێکی سیاسی لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگی یەکەمی هێنا، ئەو هێزە رادەسپێردرێت بۆ ئەوەی لە ماوەیەکی دیارکراودا (٣٠ڕۆژ) حکومەت پێکبهێنێت، ئەگەر سەرکەوتوو نەبوو، ئینجا هێزی دووەم ڕادەسپێردرێت، بەڵام لە سیستمی پەرلەمانی عێراقیدا، ئیشکالیەت بۆ قاعیدە دەستوورییەکە دروست کراوە و، دەڵێن: نەخێر، فراکسیۆنی گەورە حکومەت پێکدەهێنێت، لە کاتێکدا ئەمەش دیاری نەکراوە، فراکسیۆنی گەورەی پێش هەڵبژاردن، یان ئەو فراکسیۆنە گەورەی کە دوای هەڵبژاردن دروست دەکرێت، سەبارەت بەم ئیشکالیەتە دادگای دەستووری تەفسیرێکی کردووە، بەڵام ئەو تەفسیرەی دادگای دەستووری لەژێر گوشارێکی گەورەی سیاسیدا کرا، هەر بۆیە ئەگەر هەمان پرس ئاراستەی دادگای فیدراڵیی ئەڵمانیا، یان ئەنجومەنی دەستووری فەرەنسی بکرایە، ئەوان تەفسیرێکی دیکەیان دەبوو، بۆیە لەسەر پرسی دروستکردنی گەورەترین فراکسیۆن ئیشکالیەتێکی گەورە هەیە، ئەم ئیشکالیەتە گەیشتووەتە ئەوەی کە داوای هەڵوەشانەوەی پەرلەمانی عێراق دەکرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە بەشێك هەیە لە ئەدای پەرلەمانی عێراق ڕازی نییە، کە ئەم ڕازینەبوونەش هەبوو، ئەوا کاریگەریی گەورە لەسەر پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت دروست دەبێت.

لێرەوە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەگەرەکانی پێکهێنانی فراکسیۆنی گەورە، لەسەر ئەم پرسە هەندێك دەڵێن: یەکێك لە ئەگەرەکان ئەوەیە (تەیاری سەدر و سوننە و کورد) هاوپەیمانییەك لە ١٩٠ کورسی پێکبهێنن و حکومەت دروستکەن، بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئەوانەی ناویان لە خۆیان ناوە (چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە) کاردانەوەیان چۆن دەبێت، لانیکەم هەتا ئێستا بیانوویەکیان پیشان داوە کە ئاکامی هەڵبژاردنەکان ڕەت دەکەنەوە، باشە سبەی ئەگەر ئەو حکومەتەی سەدر پێکیدەهێنێت، ئەوان ڕەتی

**ئاکامەکانی هەڵبژاردن ئەرکی سەرشانی تیمی پارتی دیموکراتی کوردستانی قورستر کردووە، هەر بۆیە کە قورسایی بەو ئاستە بێت، ئەوا ڕۆڵی سەرۆک مسعود بارزانی لە ناو پرۆسەکەدا زۆر بەهێز دەبێت**

**ئەم ئاکامە نوێیە جۆرێک لە پەرتەوازەیی لەناو ماڵی شیعە دروست کرد، کە ماوەی ١٠ ساڵە ئەمریکا و دەوڵەتانی عەرەبی هەوڵدەدەن ئەو پەرتەوازەییە دروست بکەن و بۆیان نەکرا**

بکەنـەوە چ کێشـەیەك دروسـت دەبێـت؟

لەناو ئەم هەمـوو ئیشکالیاتەنەدا، کە هۆشیاریی سیاسـی لاواز بـوو، دەسـتەبژێری حاکـم هەمـوو تەرکیزیـان خستە سەر بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیـان و بەرژەوەندیـی گشـتییان ئیهمـال کـردووە. پرسـیار ئەوەیە چارەنووسی ئـەو وڵاتـە بـەرەو کویێ دەچێت؟

سـەبارەت بـە دەسـتتێوەردانی دەرەکیـی، پرسـیار ئەوەیـە: ئایـا ئێـران و ئەمریـکا لەنـاو ئـەم کێشمەکێشـە واز لـە بەرژەوەندیـی خۆیـان دەهێنـن و ئامـادەن لـە پێنـاوی عێراقـدا سـازش بکـەن؟ ئەمـە لە کاتێکدا پرسەکە پرسێکی عێراقییە و پەیوەندی بە عێراقییەکانـەوە هەیـە، بـەڵام هـەردوو جەمسـەری ئێـران و ئەمریـکا کێشـەی لەسـەر دروسـت دەکـەن، ئەمـەش ئایندەیەکـی نارۆشـن دروسـت دەکات.

لەنـاو ئـەم پرسـە ئاڵـۆزەی عێراقـدا، ئەگـەر بگەڕێینـەوە بـۆ شـێوازی لایەنـی کوردسـتانی لەسـەر ئـەم پرسـە گرنگـە، ئـەوەی ئێسـتا تێبینـی دەکرێت، هەمـوو لایەنـەکان لـە یـەك خاڵدا هاوئاواز دەبـن، کـە داوای یەکڕیـزی دەکـەن، بـەڵام لەسـەر ئـەم پرسـە مـن دەڵێـم: لـە سیاسـەتدا ڕێککەوتـن لەسەر خاڵی هاوبـەش لـە یەکڕیـزی گرنگتـرە، واتـە هەمـوو لایەنـەکان لـە سـەر بەرنامەیـەك ڕێکبکـەون، گرنگتریـن خاڵـە هاوبەشـەکان بریتیـن لـە:

١- مافـە دەسـتوورییەکانی گەلـی کوردسـتان بەپێـی دەسـتوور زامـن و جێبەجـێ بکرێـن.

٢- مـاددەی ١٤٠ لـە چوارچێـوەی سـەقفێکی زەمەنـی دیاریکـراودا جێبەجێ بکرێت و ئەو پرسە بـە هەڵواسـراوی کۆتایـی پـێ بهێنرێـت.

٣- لەسـەر ئاسـتی ئـەو مافانـەی پەیوەسـتن بـە کوردسـتان و عێراقـەوە، پرسـی نـەوت و گاز لـە چوارچێـوەی یاسـای نـەوت و گازی فیدراڵـی چارەسـەر بکرێـت.

٤- سندوقی داهاتەکان دابنرێت و بەپێی دەستوور بە سەر عێراقییەکاندا دابەش بکرێت.

ئـەم پرسـە گەوهەرییانـە و ئـەو بارودۆخـەی ئێسـتا کوردسـتان و عێراقـی پێـدا تێدەپەڕێـت و، لـە هەمووشـیان گرنگتـر بەرژەوەندیـی گشـتیی کوردسـتان فـەرزی دەکات کـە دەبێـت لایەنـە سیاسـییەکانی کوردسـتان لەسـەر خاڵـی هاوبـەش ڕێکبکـەون، بـۆ ئـەوەی بتوانـن لـە پرۆسـەی دووبارە بونیادنانـەوەی دەوڵەتـی عێراقـدا ڕۆڵیـان هەبێـت.

بـۆ پرۆسـەی دووبـارە بونیادنانـەوەی دەوڵەتـی عێـراق پێویسـتمان بـە چەنـد ڕێوشـوێنە کـە بیگرینەبـەر، ئەوانیـش بریتیـن لـە:

یەکەمیان: دامەزراوەی بەهێز.

دووەمیـان: حوکمـی یاسـا کـە دەسـەڵاتی دادوەری و فیکـرەی یاسـا و دەسـتووریش دەگرێتـەوە.

ئەگـەر بپرسـین: ئایـا ئەمانـە لـە ئێسـتای عێراقـدا بوونیـان هەیـە؟ بـە ڕاشـکاوی دەڵێـم: لـەو دەسـتەبژێرانەی کـە ئێسـتا لـە عێراقـدا دەسـەڵات بەڕێـوە دەبـەن، نابینریـن. بۆیـە دەگەینـە سـەر دووڕێیانێکـی دیکـە، ئەویـش ئەوەیـە ئەگـەر لـە پرۆسـەی بونیادنانـەوەی عێـراق شکسـتمان هێنـا چیمـان بەسـەر دێـت؟ بێگومـان زانسـتی سیاسـەت دەڵێـت بـەرەو هەڵدێـر دەچیـن.

کاتێك باس لە ئەرکی قورسی ناو ئەو پرۆسەیە دەکەیـن، کێشـەکە ئەوەیـە مـاوەی ١٨ ساڵە کێشـەمان لەسـەر چەمکـی فیدراڵیـەت هەیـە، بەشـێکی زۆری لایەنـە عێراقییـەکان کـە وتووێـژ لـە سـەر ئـەو چەمکـە دەکـەن، ئاشـکرا نەبـوو «چەمکـی فیدراڵیـەت» لای ئـەوان چ مانایەکـی هەیـە. ڕاسـتە لـە نـاو دەسـتووری عێراقـدا بـە شـێوەیەك



■

هەژموونی ئێرانی لەسەر پرۆسەی سیاسیی عێراق شتێکی بەرچاو بووە، ئەمەش نیگەرانی لای هاووڵاتیان دروست کردووە

■

لەسەر کاندیدی هەموو لایەنەکان (بە لایەنە کوردستانییەکانیشەوە) تێبینی زۆرن و، بەشی زۆریان بەو ئاستە لێهاتوو نین، کە ئومێدیان لەسەر هەڵبچنرێت

■

کە هۆشیاریی سیاسی لاواز بوو، دەستەبژێری حاکم هەموو تەرکیزیان خستە سەر بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان و بەرژەوەندیی گشتییان ژێر پێ خست



پێناسەی ئەم چەمکە کراوە، بەڵام ئەم پێناسەیە پێویستی بە ڕیفۆرمێکی دەستووری هەیە. هەر بۆ نموونە، ئەڵمانیا لە ساڵی ١٩٤٩ فیدراڵییەتی جێبەجێ کرد، بەڵام لەو کاتەوە دووجار ڕیفۆرمی گەورەی ئەنجام داوە.

بۆ ئیمەش لە عێراقدا ڕیفۆرمی لەم جۆرە زۆر پێویست و گرنگە، لەبەر ئەوەی ئەوە ماوەی ١٨ ساڵە ئەو دەسەڵاتانەی فیدراڵی کە پەیوەستن بە هەرێمی کوردستانەوە جێبەجێ ناکرین، بۆیە دەبێت مەخرەجێك بۆ ئەمە دروست بکرێت، ئەم مەخرەجەش بە ڕیفۆرمی دەستووری دەبێت. کە بەهێزترین خاڵی ئەم ریفۆرمە بۆ هەرێمی کوردستان ئەمە دەبێت:

(ئەگەر هاتوو دەسەڵاتی فیدراڵی هەڵنەستا بە جێبەجێکردنی ئەو دەسەڵاتانەی لە دەستوردا هاتوون و ئەم جێبەجێ نەکردنەش زیانی لە هەرێمیك لە هەرێمە فیدراڵیەکاندا، ئەوا ئەو هەرێمە دەتوانێت خۆی یاسا دەربکات و ئەو دەسەڵاتانە جێ بەجێ بکات).

کەواتە ئەرکی تیمی دانوستاندنکاری کوردستان قورس دەبێت، لەناو ئەم تیمەشدا بەپێی ئاکامەکانی هەڵبژاردن ئەرکی سەرشانی تیمی پارتی دیموکراتی کوردستانی قورستر کردووە، هەر بۆیە کە قورسایی بەو ئاستە بێت، ئەوا ڕۆڵی سەرۆك مسعود بارزانی لە ناو پرۆسەکەدا زۆر بەهێز دەبێت و دەتوانێت ڕۆڵێکی کارا بگێڕێت، نەك تەنیا بۆ زامنکردنی مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان، بەڵکو بۆ جێبەجێکردنیان، بۆ ئەمەش گرنگە سوود لە پرۆسەی سیاسیی لوبنان وەربگرێت، کە پەیڕەوەی (ثلث المعطل) دەکەن، ئەمەش بەو مانایەی هەر یەکێك لە سێ پێکهاتەکە مافی ڤیتۆی هەیە دەتوانێت هەر بڕیارێکی ئەنجوومەن یان داوای ئەوە بکات حکومەت دەست لەکار بکێشێتەوە، بۆیە ئەگەر پرانسیپێکی لەمجۆرە وەك مەرج دابنرێت و لە ڕێککەوتنەکە دابنرێت، ئەمە دەبێتە زامنێك بۆ ئەوەی دەقی ڕێککەوتنەکە باشتر جێبەجێ بکریت و، ئەگەر نەیانتوانی جێبەجێشی بکەن، ئەوا دەبێت هەموو حکومەتەکە دەست لەکار بکێشێتەوە.

**ئایا ئێران و ئەمریکا لەناو ئەم کێشمەکێشە واز لە بەرژەوەندیی خۆیان دەهێنن و ئامادەن لە پێناوی عێراقدا سازش بکەن؟**



دکتۆر نەجدەت ئاکرەیی:

# گرنگە لایەنی کوردستانی لەبەر ڕۆشنایی بەرژەوەندیی باڵای گەلی کوردستان بەشداریی هاوپەیمانییەکان بکات

ئاكامی هەڵبژاردنەكانی ئۆكتۆبەری ٢٠٢١ بۆ ئەنجومەنی نوینەرانی عێراق جۆرێك لە گۆڕانكاری لە نەخشەی سیاسیی عێراقدا دروست كرد، ئەو لایەنانەی وەك پارتی دیموكراتی كوردستان و تەیاری سەدر و تەقدوم، كە كورسیی باشیان بەدەست هێناوە، جۆرە هاوسەنگییەك لە هاوكێشەی سیاسیی عێراقی ئایندەدا دروست دەكەن، بەڵام ئەوەش ئاشكرایە كە ململانێیەكی نێودەوڵەتی و هەرێمیی قورس لەسەر عێراق هەیە، ئەم ململانێیەش بە سەر دوو بەرەدا دابەش بوون، كە بەرەیەكیان ئەمریكا و دەوڵەتانی كەنداون، بەرەكەی دیكەشیان كۆماری ئیسلامیی ئێرانە، بەڵام ئەوەی جێگەی هەڵوەستەكردنە، ئەو هیز و لایەنانەی دەنگی باشیان بە دەست هیناوە، بە شێوەیەكی گشتی دەكریت بە میانڕۆ وەسفیان بكەین، ئەمەش بەو مانایەی هەموو هێڵكەكانیان ناخەنە سەبەتەی ئەمریكاوە، واتە بە شێوەیەكی نەم و میانڕۆ جۆرە هاوسەنگییەك لە پەیوەندییەكانیان هەیە و، هەڵگری بۆچوونی تازەن، ڕاشكاوانەتر بریتین لە تەیاریكی ئەقڵانی تێكەڵ بە پرسی مەدەنی، ئەمەش واتە ئامانجیان ئەوەیە دیموكراتیەتێكی نیشتمانی و مەزهەبی لەبەر چاو بگیرێت و عێراقی داهاتوو بەرەو عێراقیكی دەستووری هەنگاو هەڵبگریت.

لەبەر ئەمەدا، ئێران لەسەر زاری وەزارەتی دەرەوەی پیرۆزبایی هەڵبژاردن و ئاكامەكانی لە عێراقییەكان كرد، بەڵام هێشتا بە تەواوەتی خۆی تێكەڵی بارودۆخی سیاسیی عێراق نەكردووە و، خۆی وەك تەماشاكەر نمایش كردووە، ئەمەش یەكێكە لە سیفەتەكانی سیاسەتی كۆماری ئیسلامی كە سەرەتا خۆی كەمتر تیكەڵ دەكات، هەتا بە تەواوەتی دیمەنی پرۆسە سیاسییەكە دەردەكەوێت و، هەركاتێك پێویستی كرد، یان وێنای پرۆسەكە بە دڵی ئەو نەبوو، ئەوا خۆی تێكەڵ دەكات و، كێشە دروست دەكات بۆ ئەوەی هاوكێشەكە بە لای خۆیدا ڕاست بكاتەوە.

پرسێكی دیكە كە پێویستە پیش كۆبوونەوەی پەرلەمان هێز و لایەنە سیاسییەكان لەسەری ڕێك بكەون، پرسی هەر سێ پۆستی (سەرۆكی پەرلەمان و سەرۆك كۆمار و سەرۆك وەزیرانە)، پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئایا ئەم سێ پۆستە وەك خۆیان لە نێوان (كورد و سوننە و شیعە) دەمێنێتەوە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارە، ئەزموونی ١٧ ساڵی ڕابردوو ئەوەمان پێ دەڵێت، ئەم پرسە بووەتە عورفێكی سیاسی دەستووری و پێناچێت گۆڕانكارییان تێدا بكرێت، لەوانەیە دەموچاوەكانی كورد و شیعە و سوننە لەو پۆستانە بگۆڕێن، بەڵام پۆستەكان لای هەر سێ پێكهاتەكە دەمێنێتەوە.

## كورد و ئاكامەكانی هەڵبژاردن

لەگەڵ ئەوەی گوتاری حزبە سیاسییەكانی كوردستان لەم هەڵبژاردنەشدا هەر گوتارێكی نەریتی پیشان بوو، كە هیچ گۆڕانكارییەكی تێدا نەبوو، بەڵام ئاكامی هەڵبژاردن سەلماندی قەوارەی هەر حزبیكی سیاسی چەندە، هەر بۆ نموونە: پارتی دیموكراتی كوردستان ٣٣ كورسی هێناوە، كە دەكاتە ڕێژەی ٥٢,٥٪ی كۆی كورسییەكانی كوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، هەروەها یەكێتی نیشتمانی لە كۆی ٦٣ كورسیی كورد ١٦ كورسی بەدەست هێناوە، نەوەی نوێش وەك بزووتنەوەیەكی نوێ و وەك بەدیلی بزووتنەوەی گۆڕان خۆی دەرخست و، حزبە ئیسلامییەكانیش چەند كورسییەكی شەرمنانەیان هێناوە.

ئەم ئاكامە پێمان دەڵێت: دەنگدەر دەنگی بۆ پاكێجی داواكارییەكانی نەداوە، بەڵكو دەنگی بۆ قەبارە و قورسایی و كاریزمای حزبەكە داوە، هەر بۆیە دەبینین كە قورسایی كاریزمای بارزانی كاریگەری خۆی هەبووە، بۆیە پارتی دیموكراتی كوردستانیش ئەو ژمارە زۆرەی كورسی بەدەست هێنا.

لێرەوە ئەگەر بپرسین: ئایا ئەو سێ لایەنەی لە هەر سێ پێكهاتەی كورد و سوننە و شیعە (پارتی و تەقدوم و سەدر) چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم ئاكامە دەكەن؟ ئایا دەتوانن پێكەوە ببنە هاوپەیمانێك و كوتلەی گەورە لەناو پەرلەمانی عێراق دروست بكەن؟ یان ئەگەر پرسیارەكە بە جۆرێكی دیكە بكەین و بپرسین: ئایا بەرژەوەندیی كورد لەگەڵ كام لایەنە (سوننە یا شیعە) هەتا هاوپەیمانی لەگەڵدا بكات؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێین: كورد لێكەوتەیەكی جوگرافی لەگەڵ عەرەبی سوننە هەیە، بەڵام سیاسی و مێژوویی و ڕیشەیی نا، لە ئێستاشدا كۆمەڵگەی سیاسیی عەرەبی سوننە، كۆمەڵگەیەكی فرە پێكهاتەی هەمەجۆرە و مەرجەعێك كۆیان ناكاتەوە، بۆیە ئەم پەرش و

مێژووی دانوستاندنەكانی پێشتر بۆ پێكهێنانی حكومەتی عێراق سەلمێنەری ئەزموونی لۆژیكانەی سەرۆک بارزانی-ن، كە ئەویش خۆی لە ڕێككەوتنی هەولێری ٢٠١٠ بۆ پیكهێنانی كابینەی دووەمی نووری مالیكی بەرجەستە دەكات

لە جێبەجێكردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور. شیعەكان بە ڕاشكاوی پاشەكشەیان كرد و كارێكیان كرد، ئەو ماددە دەستوورییە جێبەجێ نەكرێت، ئەمە بێجگە لەوەی كە ٥٦ ماددەی دەستووریی دیكەش هەن، هەر لەلایەن ئەوانەوە پاشەكشەی لێ كراوە و پێشێل كراون

هەرچی پەیوەندی نیوان كورد و عەرەبی شیعەیە، ڕاستە لە نێوانیاندا پەیوەندییەكی سیاسی و مێژوویی و خەباتی هاوبەش بوونی هەیە، بەڵام كاتێک شیعەی عەرەبیش گەیشتنە دەسەڵات، پاشەكشەیان لە زۆر پرس كرد، كە ئەو پرسانە داوای ڕەوای گەلی كوردستان بوون



بڵاوییەیان جۆریك لە ئینتهازیەتی پێ بەخشیون و ناتوانرێت پشتیان پێ ببەسترێت، ئەمە جیا لەوەی شارەکانیان لە شەڕی دژی داعش کاول بووە و، هێشتا بە تەواوەتی جووڵەیەکی پەرەپێدان و بونیادنانەوە دەستی پێ نەکردووەتەوە. بۆیە من وای بۆدەچم، پەیوەندیی نێوان کورد و عەرەب زیاتر تەکتیکی بێت، نەك ستراتیژی، خۆیشمان لە کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ بینیمان کە عەرەبی سوننە هیچ هەڵویستێکی بەرامبەر هەرێمی کوردستان نەبوو.

هەرچی پەیوەندی نیوان کورد و عەرەبی شیعەیە، ڕاستە لە نێوانیاندا پەیوەندییەکی سیاسی و مێژوویی و خەباتی هاوبەش بوونی هەیە، بەڵام کاتێك شیعەی عەرەبیش گەیشتنە دەسەڵات، پاشەکشەیان لە زۆر پرس کرد، کە ئەو پرسانە داوای ڕەوای گەلی کوردستان بوون، بۆ نموونە لە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور. شیعەکان بە ڕاشکاوی پاشەکشەیان کرد و کارێکیان کرد، ئەو ماددە دەستوورییە جێبەجێ نەکرێت، ئەمە بێجگە لەوەی کە ٥٦ ماددەی دەستووریی دیکەش هەن، هەر لەلایەن ئەوانەوە پاشەکشەی لێ کراوە و پێشێل کراون.

لە ناو ئەم واقیعەدا، لایەنی دانوستاندنکاری کوردستان پێویستە هەوڵ بدات، ئەو دەرفەتانەی بۆی دێنە پێشەوە، سوودیان لێ وەربگرێت و، لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان دانوستانەکان ئاراستە بکات، بۆیە ئەمەش پێویستی بە شاندێکی دانوستاندنکاری بەهێز و خاوەن لۆژیك هەیە، کە لەم بازنەیەدا گرەوی گەورە دەکەوێتە سەرشانی پارتی و لۆژیکی سەرۆك بارزانی، کە دەبێت زۆر بە باشی و بۆ بەرژەوەندیی گەلی کوردستان وەبەرهێنان لەو سەرکەوتنە بکەن، کە لەم هەڵبژاردنانە بەدەستیان هێناوە.

بێگومان بەرپرسیاریەتی سەرشانی سەرۆك بارزانی، بەرپرسیاریەتییەکی دوولایەنەیە، ئەمەش واتە هەم بەرپرسیاریەتی لەسەر شانە بەرامبەر کوردستان، هەم بەرامبەر بە عێراقیش..

- سەبارەت بە بەرپرسیاریەتیی سەرۆك بارزانی بەرامبەر بە کوردستان، ڕاماڵینی ئەو



پەرتەوازەییەیە کە پێشتر بوونی هەبووە و ئێستا دوای ڕاگەیاندنی ئاکامەکانی هەڵبژاردن، لایەنی لێکتێگەیشتن زیاتر بووە و، چاوەڕێی ئەوە لە سەرۆك بارزانی دەکرێت، کە ئەم سەرکەوتنە زیاتر بۆ یەکڕیزیی نێومالّی کوردستان وەبەرهێنانی تێدا بکات.

- سەبارەت بە عێراق، ئاشکرایە ئێستا عێراق بەرەو پرۆسەی دووبارە بونیادنانەوە دەچێت، بۆ ئەم پرۆسەیەش دوو پرس هێجگار گرنگن، یەکەمیان: ئەندازەی دەستووری و دامەزراوە دەستوورییەکانە، ئاشکرایە سەرۆك بارزانی بەردەوام پێداگری لەسەر ئەوە دەکات، کە دەبێت دەستوور وەك یەك سەفقە جێبەجێ بکرێت، ئەم پێداگرییەی سەرۆك بارزانی، دەبێتە فاکتەرێکی گرنگ بۆ ئەوەی دووبارە بونیادنانەوەی عێراق لە چوارچێوەی ئەندازەی دەستوور بێت و، دامەزراوە دەستوورییەکانیش وەك (پەرلەمان، حکومەت، سەرۆکایەتیی کۆمار، دەسەڵاتی دادوەری، سوپا، دامەزراوەکانی ئاسایش، ئەنجومەنی فیدراڵی و.. هتد) ببنە دامەزراوەیەکی کاریگەر و عێراق بەرەو بونیادنانەوەی دەوڵەتێکی فیدراڵی و دیموکراتیی ڕاستەقینە هەنگاو هەڵبگریت.

لە هەمبەر ئەم دوو بەرپرسیاریەتییەی دەکەوێتە سەر شانی سەرۆك بارزانی، مێژووی دانوستاندنەکانی پێشتر بۆ پێکهێنانی حکومەتی عێراق سەلمێنەری ئەزموونی لۆژیکانەی سەرۆك بارزانی-ن، کە ئەویش خۆی لە ڕێککەوتنی هەولێری ٢٠١٠ بۆ پیکهێنانی کابینەی دووەمی نووری مالیکی بەرجەستە دەکات. سەرۆك بارزانی لە ڕێککەوتنی هەولێر زۆر جەختی لەسەر مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان کردەوە، لە هەمانکاتدا زۆر جەختیشی لەسەر ئەوە کردەوە، دەستوور وەك سەفقەیەك جێبەجێ بکرێت و، بە کردەیی عێراق ببێتە دەوڵەتێکی فیدراڵی و دیموکراتی، بەڵام ئەوکات وەك خۆی ڕێککەوتنەکەی هەولێریان جێبەجێ نەکرد و، خۆیان زەرەریان کرد و، عێراقیان گەیاندە ئەو دۆخە ئالّۆزە، ئێستاش ئەگەر نەگەڕێنەوە بۆ لۆژیکی بارزانی، جارێکی دیکە عێراقیان لە دووڕێیانی (دەوڵەت و نادەوڵەت)یان بۆ ڕزگار ناکرێتەوە.



دکتۆر ساحب قارەمان:

# دەبێت کورد بۆ دانوستاندنەکانی پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق مەرجی پێشوەختەی هەبێت

ئەگەر هەڵسەنگاندن بۆ پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی ئەمجارە بکەین، دەتوانین بڵێین: یەکێك لە سیما جوانەکانی ئەم هەڵبژاردنە بە بەراورد بە هەڵبژاردنەکانی پێشوو ئەوەیە ساختەکاریی کەمی تیا کراوە، هەتا ئەگەر لە هەندێك شوێن کارتی دەنگدەریان کڕیوە و بردوویانە دەنگیان پێ داوە، بەڵام ساختەکاریی بەرچاو ئەگەر کرابێت، بە ڕێگەی کۆمپیوتەر و سۆفت وێر کراوە، هەر بۆیەشە دەبینین دەنگی حزبەکانیش کەمی کردووە و، وەك هەڵبژاردنەکانی دیکە دەنگی زۆریان بەدەست نەهێناوە.

سیمایەکی دیکەی جیاوازیی ئەم هەڵبژاردنە ئەوە بوو کە بۆ یەکەم جار بازنەی هەڵبژاردنەکانی بچووك کرانەوە و دەنگدەر لە بازنەی بچووکدا دەنگی دا، لەناو ئەم سیستمە تازەیەدا، لەوانەیە خەڵکانێك کاندید کرابن، تەنیا لەبەر ئەوەی لە بازنەی خۆیان ناسراون و لەوانەیە ئەزموونێکی ئەوتۆی سیاسیشیان نەبیت و، بە باشییش عەرەبی نەزانن، هەتا بتوانن لە پەرلەمانی عێراقدا ڕۆڵی خۆیان ببینن.

ئەم سیستمە تازەیە نەخشەی سیاسیی عێراقی گۆڕی، بۆ نموونە هەردوو هاوپەیمانیی حەکیم و عەبادی کە لە هەڵبژاردنی پێشوو پێکەوە ٦٤ کورسییان هەبووە، ئەمجارە بە هەردووکیان چوار کورسییان بەدەست هێناوە.

لێرەدا گۆڕانکاریی گرنگ، ئەو گۆڕانکارییە بووە کە لە ماڵی عەرەبی شیعە ڕووی داوە. پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: ماڵی شیعە چۆن خۆیان ڕێکدەخەنەوە؟ بێگومان بە مەزندەی من، بۆ ئەوەی دەسەڵات لە دەستی عەرەبی شیعە بمێنێتەوە، کۆماری ئیسلامیی ئێران دەستتێوەردان دەکات، هەر بۆیە ئەگەر بەپێی ئاکامەکانی هەڵبژاردن بێت، تەیاری سەدر ٧٣ کورسی هەیە و کوتلەی گەورەیە، لەو لاوە لە چوارچێوەی هەمانگیی شیعە کە مالیکی و عامری سەرۆکایەتی دەکەن، هەوڵەکانیان خستووەتەگەڕ و بانگەشەی ئەوە دەکەن، ئەوانیش دەتوانن کوتلەی گەورە دروست بکەن، هەندێك ئاماژەش لە سەردانی سەدر بۆ بەغدا دەخوێندرێتەوە کە نزیکبوونەوەیەك لە نیوان ئەو و مالیکی دروست دەبێت، ئێران لەم پرسەدا هەوڵدەدات زۆرینەی پەرلەمانی لە دەستی شیعەدا بمێنێتەوە، بۆ ئەوەی کورد و سوننە تەنیا بەشداری پێ بکەن.

لێرەدا ئەگەر ئەو پرسیارە بکەین: ئایا پارتی دیموکراتی کوردستان وەك براوەی هەڵبژاردنەکان چۆن وەبەرهێنان لەم سەرکەوتنە دەکات بۆ بەرژەوەندیی گەلی کوردستان؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لەو سەردانانەی شاندی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ لای کۆی لایەنە سیاسییەکان بەوانەی لە هەڵبژاردن کورسییان بە دەست هێناوە، بەوانەشی بەدەستیان نەهێناوە، ئەم جووڵانەی پارتی زەمینەسازکردنە بۆ ئەوەی هەمووو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لەژێر چەتری سەرۆکایەتیی هەرێم کۆببنەوە و، لە ناوماڵی کوردستان تەبایی و یەکڕیزی دروست بێت، بۆ ئەوەی کورد لە پرۆسەی دانوستاندنەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق باسکی بەهێز بێت و، بتوانێت پێداگری لەسەر مافەکانی خۆی بکات.

پارتی وەك حزبێکی سیاسی کە خاوەنی مێژوویەکی دێرینە لە هونەری دانوستاندن، دەبێت ڕۆڵێکی پێشڕەوانە لەم پرۆسەیەدا بگیرێت و، ڕێگە نەدات ئەوەی بە متمانەی خەڵك بە دەستمان هێناوە، لەسەر مێزی دانوستاندن بیدۆڕێنین، بۆیە گرنگە پارتی، یان ئەگەر هاوپەیمانییەکی کوردستانی دروست بوو (زۆر باشتر)، دەبێت مەرجی پێشوەختە دابنێن، ئەمەش واتە (ئێمە لەگەڵ ئێوە وەك هاوپەیمان ڕێککەوتووین کە ئەم بەرنامەیە جیبەجێ بکرێت، ئەگەر ئەم بەرنامەیە وەك خۆی جێبەجێ نەکرا، دەبێت چی بکەین؟ ئەوا لەم حاڵەتەدا، دەبێت ئەو مەرجە هەبێت کە هەموو حکومەتەکە بە دەست لە کار کێشاوە دابنرێت)، گرنگە ئەمە بکرێتە دیکۆمێنتێك و دیکۆمێنتەکەش بۆ خەڵکی کوردستان ئاشکرا بکرێت. بۆیە دووبارەی دەکەمەوە، دانوستاندنی ئەمجارەی پارتی دیموکراتی کوردستان، یان هاوپەیمانیی کوردستان دەبێت دانوستاندنێکی چارەنووسساز بێت و، پیتەکان بە جوانی خاڵبەندی بکرێن، بۆ ئەوەی ڕابردوو جارێکی دیکە دووبارە نەبێتەوە.

**یەکێک لە سیما جوانەکانی ئەم هەڵبژاردنە بە بەراورد بە هەڵبژاردنەکانی پێشوو ئەوەیە ساختەکاریی کەمی تیا کراوە**

**بۆ ئەوەی دەسەڵات لە دەستی عەرەبی شیعە بمێنێتەوە، کۆماری ئیسلامیی ئێران دەستتێوەردان دەکات**

**پارتی وەک حزبێکی سیاسی کە خاوەنی مێژوویەکی دێرینە لە هونەری دانوستاندن، دەبێت ڕۆڵێکی پێشڕەوانە لەم پرۆسەیەدا بگیرێت و، ڕێگە نەدات ئەوەی بە متمانەی خەڵک بە دەستمان هێناوە، لەسەر مێزی دانوستاندن بیدۆڕێنین**



دڵشاد میران
چاودێری سیاسی و دیپلۆماتکار بۆ گوڵان:

# دامەزراندنی حکومەتی عێراق کاتێکی زۆر دەخایەنێت، لە کۆتاییدا لە نێوماڵی شیعە کەسێک بە تەوافوق بۆ سەرۆک وەزیران دەستنیشان دەکرێت

**ئـەو دەرئەنجامانـەی کـە لـە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق دەرچـوون و کاریگەریی لەسـەر سـەرجەم پرسـە سیاسـی و پەیوەندییەکانـی نێـوان حـزب و لایەنـە سیاسـییەکانی عێـراق و کوردسـتان، هەروەهـا پاراستنی مافـە دەسـتووری و یاساییەکانی گەلی کوردستان؛ تـەوەری سـەرەکیی پرسیارەکانی گۆڤـاری گـوڵان بـوون بـۆ سیاسـەتمەدار و دیپلۆماتـکار دڵشـاد میـران، لێرەدا دەقی وتەکانی بڵاودەکەینـەوە.**

*** هەڵبژاردنـە پەرلەمانییەکـەی عێـراق گۆڕانکاریی گـەورەی لـە ڕێـژەی بەشـداربووان و دەنگـەکان بـۆ لایەنـە سیاسییەکان لێکەوتـەوە، وەکـو شـارەزا و چاودێرێکـی سیاسـی چ خوێندنەوەیەکـت بـۆ بارودۆخـی ئێسـتای عێـراق هەیـە و چـۆن لـەو گۆڕانکارییانـە و هۆکارەکانـی دەڕوانیـت؟**

- هەڵبژاردنـە پێشـوەختەکەی عێـراق کـە لـە بارودۆخێکـی هەسـتیاردا ڕووی دا، گۆڕانکاریـی گـەورە و ڕیشـەیی لەگـەڵ خۆیـدا هێنـا، دابەزینـی بەرچـاوی ڕێـژەی بەشـداربووان و کەمبوونـەوەی بەرچـاوی دەنگەکانـی هەمـوو ئـەو هێـزە چەکدارانـەی حەشـدی شـەعبی کـە لایەنـە سیاسـییەکانیان لەپەرلەمانـی عێراقـدا خاوەنـی دەنگێکـی زۆر بـوون و، خۆیـان بـە نوێنەرایەتیـی سیاسـیی ئێـران دادەنـا و، بـە بـەرەی (موقاوەمـە) وەسفی خۆیـان دەکرد، نارەزایەتی و خۆپیشاندەرانی گەنجانـەی شـارەکانی ناوەڕاسـت و خـوارووی عێراقـی لێکەوتـەوە، ئـەو خۆپیشـاندانەی بە زەبری هێز و کوشتن و برینداربـوون و ڕفاندنی چالاکانی مەدەنی دامرکایـەوە، دەرئەنجامەکـەی کەمبوونـەوەی ژمـارە و ڕێـژەی دەنگەکانـی هەمـوو ئـەو هێزانـە بـوو. ئـەم نارەزایەتییانـە لـە بنەڕەتدا تەنیـا لـە دژی خراپیی خزمەتگـوزاری و دابەزینی ئاستی بژێوی ژیـان و نەبوونی هەلی کار بۆ گەنجەکان نەبـوو، بە قـەد ئـەوەی لـە دژی لەدەسـتدانی سـەروەریی وڵات بـوو، هـەر خـۆی لەخۆیـدا بەرزکردنـەوەی دروشـمی (ئێمـە وڵاتمـان دەوێـت) لەلایـەن خۆپیشـاندەرەکانەوە داواکارییەکـی ڕەوا و ئاشـکرا بـوو، بـۆ گەڕانـەوەی شـکۆی نەتەوەیـەك، کـە چـی دیکـە نایەوێـت پاشـکۆی دەوڵەتێکـی بێگانـە بێـت و، بڕیـاری سیاسـی و چارەنووسـی لەژێـر ڕکێفـی بێگانـەدا بێـت.

*** لەهەرێمـی کوردسـتانیش ئەنجامـی هەڵبژاردنـەکان جیـاواز بـوو، پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان ژمـارەی کورسـییەکانی زیـادی کـرد و هێـزی دیکـەش نـەك هـەر کەمـی کـرد، بەڵکـو کورسییەکی وای بەدەست نەهێنا. خوێندنـەوەت بۆ دەرئەنجامـی هەڵبژاردنـەکان لـە هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم چۆنـە؟**

- هەرێمی کوردستان بـەراورد بە عێراق وەزعێکی جیـاوازی هەیـە، لێـرە پرسـی ڕزگاریخوازیـی نەتەوەیـی و هەسـتی نەتەوەیـی کاریگەریـی زۆری لەسـەر کـورد و کوردسـتانییەکان هەیـە، ئەوەتـا هێشـتا ناوچەیەکـی فراوانـی کوردسـتان کـە ناوچـە جێناکۆکەکانـە لـەوێ میللەتەکەمـان لەژێـر سـتەمی تەعریـب و ڕاگواسـتن و داگیرکردنـی خـاك و مـاڵ و موڵکیانـدا زوڵمیـان لـێ دەکرێت و، هەڕەشـەی لەناوچوونیـان لەسـەرە، لـە ناوچەکەشـدا دەسـەڵاتدارانی وڵاتانـی دەوروبـەر خێـر و خۆشـییان بـۆ ئـەم گەلـە ناوێـت، بۆیـە جگـە لـە بارزانـی وەکـو کاریزمایـەك و پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان وەکـو پارتێکـی سیاسـی کـە خاوەنـی قەزییەیەکـی نەتەوەییـە و ئـەو سیاسـەتەی پەیـڕەو کـردووە، زۆربـەی هێزەکانـی دیکـە ژمـارەی کورسـییەکانیان کەمی کرد. پارتی دیموکراتی کوردستان خۆی بە بەرپرسـیاری چارەسـەرکردنی خزمەتگوزارییـەکان و کەمکردنـەوەی شـوێنەواری قەیرانـەکان و باشـکردنی بارودۆخـی بژێـوی ژیانـی خەڵـك دەزانێـت، خـۆ ئەگـەر باسـی سـەقامگیریی سیاسـی و ئارامـی و ئاسایشـی خەڵـك بکەیـن؛ ئـەوا لای هەمـوان ڕوون و ئاشـکرایە کـە بارزانـی و پارتـی ڕۆڵێکـی سـەرەکییان لـە سـەقامگیریی سیاسـی و ئارامـی و ئاسایشـی کوردسـتان و باشـبوونی باروبژێـوی

**ئەو خۆپیشاندانەی بە زەبری هێز و کوشتن و برینداربوون و ڕفاندنی چالاکانی مەدەنی دامرکایەوە، دەرئەنجامەکەی کەمبوونەوەی ژمارە و ڕێژەی دەنگەکانی هەموو ئەو هێزانە بوو**

**بەرزکردنەوەی دروشمی (ئێمە وڵاتمان دەوێت) لەلایەن خۆپیشاندەرەکانەوە داواکارییەکی ڕەوا و ئاشکرا بوو، بۆ گەڕانەوەی شکۆی نەتەوەیەک، کە چی دیکە نایەوێت پاشکۆی دەوڵەتێکی بێگانە بێت**

ژیانی خەڵک هەیە، ئەو ئارامی و ئاسایش و خزمەتگوزارییەی کە لە ناوچەکانی دیکەی عێراقدا وێڕای پارە و داهاتێکی زەبەلاح کەچی بوونی نییە، مانەوەی ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارەکانی عەرەبی سوننە بەڵگەیە بۆ ئەم واقیعە. لەلایەکی دیکەوە پاراستنی هاوسەنگیی سیاسی و بەهێزیی پەیوەندیی بارزانی لەگەڵ بەغدا و دەوڵەتەکانی دیکەی ناوچەکە و جیهان کە بۆ متمانەبوون بە دواڕۆژ گرنگە، وای لە خەڵکی کرد، متمانەیان بە سەرۆک بارزانی هەبێت.

*** ململانێکانی نێومالّی شیعە هەروەکو هەموو جارێک بە ناوبژیوانیی دەرەکی و لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندیی مەزهەبی کۆتایی دێت؛ بەڵام ئەم ململانێ و ڕکابەرییە زۆر دەخایەنێت. ئایا لەم بارودۆخەدا کە گرووپە چەکدارەکانی سەر بە ئێران هەڕەشە دەکەن، تا چەند پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق دوادەکەوێت؟**

- منیش لەگەڵ ئێوەدا هاوڕام؛ کە بەم نزیکانە و بەم خێراییە پرسی دامەزراندنی حکومەتێکی نوێ لە عێراق بەڕێوە ناچێت، چونکە ئەو هێزانەی نێومالّی شیعە کە دەسەڵاتیان هەبووە و پۆستی سەرۆک وەزیرانی عێراق بە موڵکی خۆیان دەزانن و، لە ئێستادا کورسییەکانیان لە کەمی داوە، هەروا بە ئاسانی تەسلیم نابن و بەم واقیعە نوێیە ڕازی نابن، هەر وەکو بینیمان بە زەبری چەک و دابەزینیان بۆ سەر شەقام و هاندانی خۆپیشاندان هەڕەشەیان کرد، خۆ ئەگەر ئەم هێزانەی نێومالّی شیعە لەم نزیکانە لە نێو خۆیاندا ڕێک نەکەون، پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت زۆر زەحمەت بەرەوپێش دەچێت. هەموو ئەگەرەکان بەرەو ئەوە دەچن لە کۆتاییدا هەموو هێزە سەرەکییەکانی نێومالّی شیعە لە سەر کەسایەتییەک بە تەوافوق ڕێک دەکەون. عێراق دەوڵەتێکی دامەزراوەیی نییە و تاوەکو توێژینەوە و لێکۆڵینەوە ئەکادیمییەکان و زانستییەکانی لە سەر جێبەجێ بکرێت، عێراق لە ڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیشەوە ئەوەندە بەهێز نییە بتوانێت خۆی لە کاریگەرییەکانی دەوڵەتانی ناوچەکە و ئەمریکا و جیهان ڕاگرێت، هێزی کوردی و سوننە فاکتەرێکی هاوکارن بۆ دەستنیشانکردنی سەرۆک وەزیران، لەم ڕوانگەیەوە ئەو حزبانەی کە بە براوە دادەنرێن لە نێومالّی شیعە، هەر هەمان ئەو حزبانەن کە ١٨ ساڵە دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە و بە سیاسەتە چەوتەکانیان زیانیان بە عێراق گەیاندووە و، خۆیان بە بەرەی ئێرانەوە بەستووەتەوە. دامەزراندنی حکومەتی نوێی عێراق کاتێکی زۆر دەخایەنێت، گۆڕانکارییەکی جددی نابینم، بەڵام بە لێکتێگەیشتنی حزبەکانی شیعە و بە هۆی ترس لە ئەگەری زیاتر لەدەستدەرچوونی بارودۆخەکە و لەژێر فشاری مەرجەعیەت و لایەنی ئێرانی و دەرەکی سەرۆک وەزیرانێکی تەوافوقی دەستنیشان دەکرێت.

*** کەواتە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان هیچ گۆڕانکاریی هاوسەنگیی هێزی حزبە شیعەکانی لێ ناکەوێتەوە؟**

- هەرچەندە ڕەوتی سەدر زۆرترین ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمانی عێراقی بەدەست هێناوە؛ بەڵام بەبێ هاوپەیمانێتی لەگەڵ هەندێک لە هێزەکانی شیعە و کورد و سوننە ناتوانێت حکومەت پێک بهێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا من لەو بڕوایەدام، لە ئەنجامدا ڕەوتی سەدر نەک هەر ناتوانێت خۆیان بسەپێنن و دەوڵەتێکی سەدری دامەزرێنن، بەڵکو بواریشیان پێ نادرێت. لە کۆتاییدا لێکتێگەیشتن و دامەزراندنی هاوپەیمانیەتییەکان و حکومەت ئەم هۆکارانە کاریگەریی تێ دەکات:

١- ئەو واقیعەی عێراق کە لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس پەیڕەو کراوە و حکومەت و دەوڵەت بە لێکتێگەیشتن و تەوافوق دادەمەزرێت و بەڕێوەدەچێت.

٢- مەرجەعیەتی شیعە لە یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکانی نێومالّی شیعە و پاراستنی هەستیاریی دۆخەکە بۆ ئەوەی بەرەو دارمان نەچێت.

٣- کاریگەرییەکانی ئێران لەسەر ئەو هێزانەی وەلایان بۆ ڕژێمی ئیسلامیی ئێران هەیە.

ئەمە هەمووی بۆ دابەشکردنی پشک و پۆست و سازش کاریگەریی هەیە و، دۆخی عێراق بەرەو شەڕی ناوخۆ ناچێت، بەرژەوەندییەکانی ڕەوتی سەدر و هەموو هێز و لایەنە سیاسییەکانی دیکەی شیعە و ئێران و ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ویستی شەقام وادەخوازێت، خۆ ئەگەر لە ماوەی ساڵ و نیوێکدا ژیان و گوزەران و خزمەتگوزاریی و واقیعی تاڵی عێراق نەگۆڕێت، ئەمجارە ناڕەزایەتیی خەڵکی زیاتر دەبێت.

**جگە لە بارزانی وەکو کاریزمایەک و پارتی دیموکراتی کوردستان وەکو پارتێکی سیاسی کە خاوەنی قەزییەیەکی نەتەوەییە و ئەو سیاسەتەی پەیڕەو کردووە، زۆربەی هێزەکانی دیکە ژمارەی کورسییەکانیان کەمی کرد**

**پارتی دیموکراتی کوردستان خۆی بە بەرپرسیاری چارەسەرکردنی خزمەتگوزارییەکان و کەمکردنەوەی شوێنەواری قەیرانەکان و باشکردنی بارودۆخی بژێوی ژیانی خەڵک دەزانێت**

**ئەو هێزانەی نێومالّی شیعە کە دەسەڵاتیان هەبووە و پۆستی سەرۆک وەزیرانی عێراق بە موڵکی خۆیان دەزانن و، لە ئێستادا کورسییەکانیان لە کەمی داوە، هەروا بە ئاسانی تەسلیم نابن و بەم واقیعە نوێیە ڕازی نابن**

**عێراق دەوڵەتێکی دامەزراوەیی نییە و تاوەکو توێژینەوە و لێکۆڵینەوە ئەکادیمییەکان و زانستییەکانی لە سەر جێبەجێ بکرێت**



*** ئایا بەرزبوونەوەی بەهای نەوتی خاو بۆ سەرووی ٨٢ دۆلار و کەمبوونەوەی شوێنەواری پەتای کۆرنا فاکتەرێکی هاندەر نین، بۆ ئەو چاکسازی و باشکردنی خزمەتگوزارییەی کە ڕەوتی سەدر بەڵێنی داوە؟**

- گرفتی عێراق سامان و داهات نییە، کاتێك بەرمیلێك نەوت بەهاکەی لە سەرووی ١٠٠ دۆلار بوو، پەتای کۆرۆناش بوونی نەبووە، ئەم وڵاتە هەر بە خراپی بەڕێوەبراوە. گرفتی عێراق سیاسەتمەدارەکان و خراپ بەڕێوەبردنی ئیدارە و تەشەنەکردنی گەندەڵی و کێبڕکێی ناتەندروستی حزبایەتی و خۆبەستنەوەی سیاسەتی دەوڵەتە بە هێزی دەرەکییەوە، ئەگەر هەموو ئەم گرفتە ئاڵۆز و مەلەفە هەستیارانە چارەسەر نەکرێت، باوەڕ ناکەم لەم چوار ساڵەی داهاتووشدا وەزعی عێراق لەم گێژاوە سیاسییە دەربازی بێت.

*** پارتی دیموکراتی کوردستان وەکو براوەی سەرەکیی هەڵبژاردنەکە سەردان و گفتوگۆکانی بۆ لای لایەنە سیاسییەکان دەست پێ کردووە، لەم بارودۆخەدا بۆ ئێمەی کورد تا چەند گرنگە هێزە کوردستانییەکان کە ژمارەی کورسییەکانیان زیادی کردووە، بتوانن بە یەکڕیزی و یەکدەنگی ڕوو لە بەغدا بکەن و، مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی کوردستان بپارێزن؟**

- لەناو عێراقدا چەند کورد یەکڕیز و تەبا بێت و، لە ناو هێزێکی هاوپەیمانیی کوردستانی لە بەغدا بوونی هەبێت، ئەوەندە زیاتر میللەتی کورد و کوردستانییەکان بەهێزتر دەبن و دەستکەوتی زیاتر لە بەغدا بەدەست دەهێنن. لە ئێستادا پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئەرکی سەرشانی خۆی زانیوە دەستپێشخەری بکات و، سەردانی لایەنە سیاسییەکان بکات و، هەوڵی کۆکردنەوەی نێوماڵی کورد بدات، بۆ یەکهەڵوێستی و یەکڕیزی و تەبایی سازش پێویستە بەتایبەتی لە قۆناغی داهاتووی دامەزراندنی حکومەت و ئەو گۆڕانکارییانەی لە عێراق و ناوچەکە و ململانێی زلهێزەکان و کێبڕکێکانی ئەمریکا و ئێران ڕوودەدات. لەناو هەموو ئەم گۆڕانکارییانە ئەگەر کورد لێکتێگەیشتنی لە نێو خۆیدا نەبێت. سەرەتا کورد وەکو سوننە خۆیان بەدوور ڕادەگرن بۆ ئەوەی نەبنە بەرەیەك لە دژی بەرەیەکی دیکە تاوەکو شیعەکان نێوماڵی خۆیان ڕێك دەخەنەوە. بەشێوەیەکی گشتی کورد نابێت خۆی سەرقاڵی وەزعی عێراق بکات، چونکە ئەو هێزانەی ژمارەی کورسییەکانیان ڕووی لە زیادبوون کردووە، زۆر زەحمەتە بتوانن واقیعە تاڵەکەی عێراق وا بە ئاسانی و خێرایی بگۆڕن، لە نێوماڵی شیعە هێزەکانی کورسییان زۆر بووە و ئەوانەی کورسییان کەم بووە ١٨ ساڵە هەر لە حوکمدا بوون، بە درێژایی ئەو ماوە زۆرە هیچیان نەکردووە، ئێستا دەیکەن؟ ئەوەی گرنگە بۆ کورد ئەوەیە کە بە یەکگرتوویی و بەهێزەوە لە بەغدا بوونی هەبێت، بۆ ئەوەی بەرگریی لە مافی خەڵکی کوردستان بکرێت.

**ئەو حزبانەی کە بە براوە دادەنرێن لە نێوماڵی شیعە، هەر هەمان ئەو حزبانەن کە ١٨ ساڵە دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە و بە سیاسەتە چەوتەکانیان زیانیان بە عێراق گەیاندووە و، خۆیان بە بەرەی ئێرانەوە بەستووەتەوە**

**گرفتی عێراق سیاسەتمەدارەکان و خراپ بەڕێوەبردنی ئیدارە و تەشەنەکردنی گەندەڵی و کێبڕکێی ناتەندروستی حزبایەتی و خۆبەستنەوەی سیاسەتی دەوڵەتە بە هێزی دەرەکییەوە**

# دیمانەی تایبەت



سوزان ڕۆز ئەکێرمان پرۆفیسۆری یاسا و زانستی سیاسییە لە زانکۆی ییڵ. لە توێژینەوەکانیدا بایەخ دەدات بە چەند پرسێکی گرنگی وەك دیراسەتی بەراوردکاری پەیوەست بە یاسای کارگێڕی و داڕشتنی سیاسەت، ئابووری سیاسیی گەندەڵی و چۆنیەتی کۆنترۆڵکردنی. هەروەها نووسەری چەندین کتێبە لەم بارەیەوە، بۆ نموونە (گەندەڵی و دەوڵەتی مۆدێرن: کۆمەڵێك توێژینەوە لە بواری ئابووریی سیاسی. گەندەڵی و حکومەت: هۆکار، دەرئەنجام و چاکسازی. یاسای کارگێڕیی بەراوردکاری)، گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە تەوەرە سەرەکییەکانی بریتی بوون لە پرسی گەندەڵی و هۆکار و دەرئەنجامەکانی و ڕێگاکانی بەرەنگاربوونەوە و کەمکردنەوە و سنوردارکردنی، هەروەها پرۆسەی چاکسازی لە مەودا بەرفراوانەکەیدا.

سوزان ڕۆز ئەکێرمان
تایبەتمەندی بواری بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بۆ گوڵان:

# کەمکردنەوەی گەندەڵی تەنیا بەشێکی پرۆسەی حوکمڕانیی باش پێکدەهێنێت

*** هەروەك ئاشکرایە گەندەڵی دەردێکی کوشندەیە و وڵات بەرەو هەڵدێر و سەرگەردانی دەبات، وەك یەکەم پرسیار ئایا ئێوە وەك کەسێکی شارەزا و تایبەتمەندی ئەم بوارە چۆن پێناسەی گەندەڵی دەکەن؟**

- بە تێڕوانینی من دەکرێت بەو شێوەیە پێناسەی گەندەڵی بکرێت کە بریتییە، یان پێکهاتووە لە خراپ بەکارهێنانی ئەو پۆستەی پێت سپێردراوە بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی شەخسی، یان تایبەتی. بە دڵنیاییەوە دەبێت ئەوە بڵێین کە پێویستە هەر کۆمەڵگەیەك بۆ خۆی بڕیاری ئەوە بدات، ئایا چ ڕەفتارێك، یان کردارێك بە خراپ بەکارهێنان وەسف و پێناسە دەکات و ئایا پێی وایە چ کردار و ڕەفتارێکیش قابیلی قبووڵ نییە.

*** ئەگەر لە پێناسەی گەندەڵییەوە بچینە سەر هۆکارەکانی سەرهەڵدانی، ئایا بە دید و بۆچوونی ئێوە هۆکارە ڕیشەییەکانی هاتنەئارا و تەشەنەسەندنی گەندەڵی چین؟ واتە بۆچی گەندەڵی لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا دێتەئاراوە و بڵاو دەبێتەوە؟**

- ئەوەی لەبارەی هۆکارەکانی دروستبوون و سەرهەڵدانی گەندەڵییەوە دەتوانین ئاماژەی پێ بکەین، ئەوەیە کە هۆکاری ڕیشەیی کاری گەندەڵکاری بریتییە لە خواست و ویستی بەرپرسە گشتییەکان بۆ خۆدەوڵەمەندکردن و بەدەستهێنانی قازانج شان بە شانی خواستی تاکەکەس و کۆمپانیاکان بۆ پێشێلکردنی ڕێساکان لە پێناو بەدەستهێنانی قازانج و دەستکەوتدا. لێرەدا نابێت ئەو ڕاستییە نادیدە بگرین، کە پاڵنەری بەدەستهێنانی قازانج داینەمۆی گرنگی گەشەکردنی ئابوورییە، بەڵام ئەم پاڵنەرە کاریگەرییەکی کاولکاری و تێکشکێنەری دەبێت، کاتێك دەبێتە هۆی ئەوەی بەرپرسەکان پابەندبوونی خۆیان پێشێل بکەن بۆ جێبەجێکردنی ڕێساکان و بایەخدان و بەرەودان بە بەرژەوەندیی گشتی.

> **هۆکاری ڕیشەیی کاری گەندەڵکاری بریتییە لە خواست و ویستی بەرپرسە گشتییەکان بۆ خۆدەوڵەمەندکردن و بەدەستهێنانی قازانج**

*** زۆر جار باس لەوە دەکرێت کە بوونی گەندەڵی نەك هەر تەنیا دەبێتە هۆی ناکارابوونی سیستمی حوکمڕانی، بەڵکو ئەم سیستمە تووشی داخوڕان و داڕووخانیش دەکاتەوە و، لە دەرئەنجامدا سەرجەم کۆمەڵگەکە بە ئاقارێکی مەترسیداردا دەبات، تا چەند ئێوە لەگەڵ ئەم بۆچوون و لێکدانەوەیەدا هاوڕان؟**

- لە ڕاستیدا ئەم پرسیارە دوو وەڵام هەڵدەگرێت، یان وەڵامی ئەم پرسیارە دوو لایەن لەخۆ دەگرێت. لەلایەکەوە، کاری بەرتیلپێدان و بەرتیلوەرگرتن و کارە هاوشێوەکانی دیکە دەبنە هۆی بنکۆڵکردنی کار و کۆشش و هەوڵە شەرعییەکانی پەیوەست بە دەستەبەرکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکانەوە و هەنگاوە پەیوەندیدارەکان بە سەپاندن و جێبەجێکردنی یاساوە، لەلایەکی دیکەوە ئەگەر حکومەت دوچاری ناکارایی و ئیفلیجبوون ببێتەوە بە هۆی تەشەنەسەندنی هەژاری و توندوتیژیی بەربڵاو و دابەزینی ئاستی پەروەردە و خوێندنەوە، ئەوا لەو کاتەدا ناتوانین ئۆباڵەکە بخەینە ئەستۆی لە ئارادابوونی گەندەڵی، لەوەش زیاتر ئەوەش کارێکی چاوەڕوانکراو و پێشبینیکراوە کە بوونی حکومەتێکی لاواز بۆی هەیە سەربکێشێت بۆ بازنەیەکی بەتاڵ کە تێیدا حکومەتە لاوازەکە هۆکارێك بێت بۆ تەشەنەسەندنی گەندەڵی و گەندەڵیش پاڵپشت بێت بۆ حکومەتە لاوازەکە.

*** ئێوە کتێبێکتان نووسیوە لەبارەی حوکمڕانی و گەندەڵییەوە، لێرەدا دەمانەوێت ئەو پرسیارە بکەین، ئایا گەندەڵی بە شێوەیەکی حەتمی دەرئەنجامی پرۆسەی حوکمڕانییە، واتە ئایا تەنیا لە چوارچێوەی پرۆسەی حوکمڕانیدا- بە تایبەتی لە کەرتی گشتیدا- دەتوانین باس لە گەندەڵی بکەین؟**

- من لەو باوەڕەدا نیم کە گەندەڵی بە شێوەیەکی حەتمی گرێدراو بێت بە کەرتی گشتییەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین، کە هەمیشە مەترسی لە ئارادایە. کەواتە، لەم ڕووەوە دەبێت لە ڕێی دارشتنی پرۆگرامی تایبەتەوە کار بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بکەین، ئەویش لە پێناو سنووردارکردنی پاڵنەرەکانی پەنابردن بۆ گەندەڵی و دروستکردنی کەرتێکی گشتی و چینێکی سیاسیی ڕاستگۆ و توانادار.

*** تا چ ڕادەیەك سەرهەڵدان و تەشەنەسەندنی گەندەڵی لە دەرئەنجامدا سەردەکێشێت بۆ لاوازبوون و نەمانی ئینتیمای نەتەوەیی و نەمان و لەناوبردنی متمانەی نێوان حکومەت و هاووڵاتییەکانیدا؟**

- ئەوەی دەکرێت لەم ڕووەوە بوترێت ئەوەیە کە بە دڵنیاییەوە کێشەکە ئەوەیە کە دەبێت ئاشکرابوونی گەندەڵی لە نێو حکومەتدا هاوشان بێت بە دارشتن و جێبەجێکردنی پرۆگرامەکانی پەیوەست بە سنووردارکردن و کەمکردنەوەی ڕوودانی. بە پێچەوانەوە، خەڵکی دوچاری نائومێدبوون دەبنەوە لە ئاست حکومەتەکەیاندا.

*** وەك کەسێکی شارەزای بواری کاروبارە کارگێڕی و یاساییەکان، ئایا بە تێڕوانینی ئێوە باشترین ستراتیژیەت و ڕێگاچارە چین بۆ ئەوەی دامەزراوەکانی دەوڵەت و حوکمڕانی بە چەشنێك دابڕێژدرێنەوە کە ببنە هۆی کەمکردنەوە و بەرپێگرتن بە گەندەڵی، بە تایبەتی لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا؟**

- لە ڕاستیدا ناتوانین و ناکرێت وەڵامی سادەی ئەم پرسیارە بدرێتەوە، چونکە ناکرێت تەنیا ڕێگاچارەیەك دەستنیشان بکەین و بانگەشەی ئەوە بکەین کە بەسەر سەرجەم دەوڵەت و کۆمەڵگەکاندا جێبەجێ دەبن و، دەرئەنجامێکی باشیشی لێ دەکەوێتەوە. چونکە مەسەلەکە تەنیا بە لێکۆڵینەوە و سزادانی ئەو کەسانەی لە گەندەڵییەوە تێوەگلاون چارەسەر نابێت. بەڵکو دەبێت ئەو کەسانەی سەرقاڵی پرۆسەی چاکسازین، کار بکەن بۆ دارشتنەوەی بونیاد و پرۆگرامی دەوڵەت و سیستمە سیاسییەکە بە چەشنێك کە چیتر نەبنە هۆی سەرهەڵدان و هاتنەئارای گەندەڵی، بۆ نموونە دەکرێت پێداچوونەوەیەکی گشتی بکرێت بە پرۆسەی پێدانی پڕۆژەکانی حکومەت بە چەشنێك کە بواری گەندەڵی و بەرتیلپێدان بچووك و بەرتەسك بکاتەوە.

*** هەر لە پەیوەندی بە پرۆسەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵییەوە، تا چەند کارێکی گرنگ و بە پەلەیە کە پاڵنەری خۆبەدوورگرتن لە گەندەڵییەوە دروست بکرێت، واتە کەشێك دروست بکرێت کە پەنا بۆ گەندەڵی نەبردرێت، لە بری ئەوەی تەنیا پشت بە لێکۆڵینەوە و سزادانی ئەو کەسانە ببردرێت کە دەستیان داوەتە کاری گەندەڵی؟**

- ئێوە بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەتوانن بگەڕێنەوە

بوونی حکومەتێکی لاواز بۆی هەیە سەربکێشێت بۆ بازنەیەکی بەتاڵ کە تێیدا حکومەتە لاوازەکە هۆکارێک بێت بۆ تەشەنەسەندنی گەندەڵی و گەندەڵیش پاڵپشت بێت بۆ حکومەتە لاوازەکە

دەبێت لە ڕێی دارشتنی پڕۆگرامی تایبەتەوە کار بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بکەین، ئەویش لە پێناو سنووردارکردنی پاڵنەرەکانی پەنابردن بۆ گەندەڵی و دروستکردنی کەرتێکی گشتی و چینێکی سیاسیی ڕاستگۆ و توانادار

دەبێت ئەو کەسانەی سەرقاڵی پرۆسەی چاکسازین، کار بکەن بۆ دارشتنەوەی بونیاد و پرۆگرامی دەوڵەت و سیستمە سیاسییەکە بە چەشنێک کە چیتر نەبنە هۆی سەرهەڵدان و هاتنەئارای گەندەڵی

دەکرێت پێداچوونەوەیەکی گشتی بکرێت بە پرۆسەی پێدانی پڕۆژەکانی حکومەت بە چەشنێک کە بواری گەندەڵی و بەرتیلپێدان بچووک و بەرتەسک بکاتەوە



بۆ وەڵامەکانی پێشووم. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی دەتوانم لێرەدا زیادی بکەم، ئەوەیە کە دەبێت ڕێگاچارە و میکانیزمەکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی بەرفراوان و گشتگیر بن، مەبەستم ئەوەیە نابێت تەنیا تەرکیز لەسەر ئەو کەسانە بکرێتەوە کە لە گەندەڵییەوە تێوەگلاون، واتە پێویستە ئەو میکانیزمانە لەوە بڕوانن ئایا چۆن پرۆگرامەکانی دەوڵەت پاڵنەر دەخولقێنن بۆ بەرتیلپێدان و بەرتیلوەرگرتن. لەوەش زیاتر، ڕەنگە هەڵمەتە سیاسی و داراییەکانیش سەرچاوەی کاری گەندەڵی بن.

*** ئێوە ئاماژەتان بە پرۆسەی چاکسازی کرد، لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا پرۆسەی چاکسازی تەنیا لە ڕیشەکێشکردن، یان بەرتەسککردنەوەی گەندەڵیدا کورت دەبێتەوە، یان دەتوانین بڵێین کە مەودا و سنووری پرۆسەی چاکسازی بەرفراوانترە؟**

- ئەوەی نکۆڵی لێ ناکرێت، ئەوەیە کە پرۆسەی چاکسازی لە بنەڕەتدا پەیوەستە بە ئامانجی کاراکردنی حکومەتەوە، مەبەستم ئەوەیە ئامانجی سەرەکیی ئەم پرۆسەیە بریتییە لەوەی حکومەت ئەدایەکی باشتری هەبێت و، کاراتر کار بکات لە پێناو بەدیهێنان و برەودان بە بەرژەوەندییەکانی خەڵك. لە ڕاستیدا کەمکردنەوەی گەندەڵی تەنیا هەنگاوێك، یان بەشێکی کار و کۆششەکانی پەیوەست بە حوکمڕانیی باش دادەنرێت. چونکە ئەگەر پرۆسەی چاکسازی کورت بکرێتەوە لە هەوڵەکانی بەرەنگاربوونەوە و کەمکردنەوەی گەندەڵیدا، ئەوا لە کۆتاییدا ئەم پرۆسەیە دەبێتە هۆی ئەوەی دەوڵەتەکە ببێتە دەوڵەتێکی سنووردار و ئەو کاتەش کارێکی کەمی لە دەست دێت بۆ برەوپێدان و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خەڵك. ئەگەر وەڵامەکەم پوخت بکەمەوە، ئەوا پێم وایە دەبێت چاکسازی پرۆگرامێکی ئەرێنی بێت، نەك پرۆگرامێکی نەرێنی کە تەنیا جەخت لەسەر بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بکات.

*** لە پەیوەندی بە هاوکاریکردنی ئەو وڵاتانەی هەوڵەکانیان چڕکردووەتەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، ئایا چۆن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەتوانێت ڕۆڵێکی بنیاتنەر ببینێت و بەشدارییەکی بەرهەمدار بکات لە هەوڵەکانی ئەو دەوڵەتانەدا بۆ هێنانەدی ئامانجەکەیان کە پەیوەستە بە کەمکردنەوەی گەندەڵییەوە؟**

- کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەتوانێت هاوکار بێت و ڕۆڵێکی بنیاتنەر و ئەرێنی ببینێت، ئەویش لە ڕێی ئەوەی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی کار بکەن بۆ بەرپێگرتن و کۆت و بەندکردنی گواستنەوەی ئەو داهات و داراییانەی بە گەندەڵی بەدەست هاتوون، هەروەها لە ڕێی سەپاندن و جێبەجێکردنی ڕێساکانی پەیوەست بە دژایەتیکردنی سپیکردنەوەی پارەوە.

**کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەتوانێت هاوکار بێت و ڕۆڵێکی بنیاتنەر و ئەرێنی ببینێت، ئەویش لە ڕێی ئەوەی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی کار بکەن بۆ بەرپێگرتن و کۆت و بەندکردنی گواستنەوەی ئەو داهات و داراییانەی بە گەندەڵی بەدەست هاتوون**

جۆن تیرمان

بەڕێوەبەری سەنتەری پەیمانگای تەقەنی ماساشوسێتس بۆ دیراساتی نێودەوڵەتی بۆ گوڵان:

# ئارامی و سەقامگیریی عێراق بەندە بە چارەسەرکردنی کێشەی تایفەگەری لەم وڵاتەدا

جۆن تیرمان بەڕێوەبەر و توێژەری باڵایە لە سەنتەری پەیمانگای تەقەنی ماساشوسێتس بۆ دیراساتی نێودەوڵەتی. شارەزای چەند بوارێکی گرنگە، وەك چارەسەری ناکۆکی، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، ناکۆکیی ئیتنی، سیاسەتی دەرەوە، تیرۆریزم و مافەکانی مرۆڤ. گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا کە تەوەرە سەرەکییەکانی پەیوەست بوون بە بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئایندەی پەیوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و عێراق و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار.

دیمانەی تایبەت



*** ئاشکرایە کە کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کێشەی درێژخایەن و ئاڵۆزن و هەوڵەکانی چارەسەرکردنیشیان بە شکست و نائومێدی کۆتایی پێ دێت، تێڕوانینی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- لە ڕاستیدا یەکێک لە کێشە درێژخایەن و ئاڵۆزەکانی ئەم ناوچەیە بریتییە لە کێشەی تایفەگەری، بە تایبەتی ناکۆکیی نێوان شیعە و سوننە، کە ڕیشەیەکی دوور و درێژ و ڕەهەندێکی ئایدیۆلۆژی و سیاسی هەیە و، بووەتە کێشە و ناکۆکییەکی درێژخایەن. چونکە ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە بۆ مێژوو، ئەوا دەبینین ئەم ناکۆکییە هەڵکشان و داکشانی بەخۆوە بینیوە، بەڵام لە سەدەی ١٦وە ئەم ململانێیی دەسەڵاتە زەقتر بووەتەوە، بە تایبەتی لە میزۆپۆتامیا/عێراقدا. لە ڕۆژگارێکی دیاریکراودا، ئیمپراتۆریەتی فارسی-شیعە- توانی کۆنترۆڵی ناوچەکە بکات، بەڵام زۆربەی کات ئەم ناوچەیە لە ژێر کۆنترۆڵی ئمپراتۆریەتی عوسمانی-سوننە- دا بوو. لە ئێستادا دووبارەبوونەوەی ئەم ڕکابەرییە بەدی دەکەین لە نێوان تورکیا و ئێران و لە نێوان گرووپە جیاوازەکان وەك حەشدی شەعبی و ئەل قاعیدە و داعشدا.

*** چۆن دەکرێت بارودۆخی کۆمەڵگەکانی ئەم ناوچەیە گۆڕانکاری بەسەردا بێت، کە بینیمان دەستتێوەردانە دەرەکییەکان، بە تایبەتی دەستتێوەردانی سەربازیی ئەمریکا و هەوڵەکانیان بۆ برەوپێدانی دیموکراسی و بنیاتنانی نەتەوە شکستیان هێناوە؟**

- من پێم وانییە هیچ گۆڕانکارییەکی ڕاستەقینە ڕووبدات، ئەگەر سەرچاوەی ئەو گۆڕانکارییە خودی کۆمەڵگەکان نەبێت. ئێمە دەتوانین لەم ڕووەوە ئاماژە بە ئەزموونی

**کێشەی تایفەگەری، بە تایبەتی ناکۆکیی نێوان شیعە و سوننە، کە ڕیشەیەکی دوور و درێژ و ڕەهەندێکی ئایدیۆلۆژی و سیاسی هەیە و، بووەتە کێشە و ناکۆکییەکی درێژخایەن**

ئەو بیرۆکەیەی پێی وایە هێزێکی دەرەکی دەتوانێت دەستتێوەردان بکات و دیموکراسی بنیات بنێت بۆ وڵاتێکی دیکە، یان کۆمەڵگەیەکی دیکە کە ئامادەی گۆڕانکاری نەبێت، بیرۆکەیەکی شێتانەیە

نەتەوەکانی ئەم ناوچەیە شەرعییەت بە جوولەکە و بە کورد نادەن بۆ ئەوەی دەوڵەتی خۆیان هەبێت

پێدەچێت ئەو وڵاتانەی ڕێککەوتننامەی ئاشتییان لەگەڵ ئیسرائیلدا واژۆ کردووە، بەو ئامانجە ئەم کارەیان کردبێت کە لە رووی ئابووری، و تەکنەلۆژییەوە پەرە بە خۆیان بدەن، لە بری ئەوەی خۆیان گرفتار بکەن بە کێشەی فەلەستینەوە

ئەفغانستان بکەین، ئەوە بوو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ هەوڵی دا دامەزراوە دیموکراتییەکان لەو وڵاتەدا بچەسپێنێت، بەڵام سەرەنجامەکەی شکستێکی گەورە بوو. نموونەیەکی دیکە لەم ڕووەوە بریتییە لە عێراق کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەمان هەنگاوی هەڵگرت و هەمان ڕێچکەی دووبارە کردەوە. لە ڕاستیدا، ئەو بیرۆکەیەی پێی وایە هێزێکی دەرەکی دەتوانێت دەستتێوەردان بکات و دیموکراسی بنیات بنێت بۆ وڵاتێکی دیکە، یان کۆمەڵگەیەکی دیکە کە ئامادەی گۆڕانکاری نەبێت، بیرۆکەیەکی شێتانەیە. هەر ئەمەش هۆکاری شکست و سەرنەکەوتنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو لە ئەفغانستان، بە تێڕوانینی من ئەمریکا لە عێراقیشدا سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت. هەرچەندە لەم ڕووەوە ئەمریکا دوو ئەزموونی سەرکەوتووی هەیە لە بنیاتنانی دیموکراسی لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە، ئەڵمانیا و یابان. هەرچۆنێک بێت، ئەو کۆمەڵگەیانە لە هەلومەرجێکدا بوون کە بتوانرێت پەرە بە دیموکراسی بدرێت، مەبەستم ئەوەیە بناغەیەکی بەهێز و پتەویان هەبوو بۆ بە دیموکراتیکردنی وڵاتەکە، واتە کەم تا زۆر کۆمەڵگەی یەکڕەنگ بوون، کە هیچ یەکێك لەم خەسڵەت و ڕەهەندانە لە ئەفغانستان، یان عێراقدا لە ئارادا نین.

*** کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆرن و لە هەمان کاتدا کێشەی قورس و ئاڵۆزن، یەکێك لەو کێشە درێژخایەن و ئاڵۆزانەی لەم ناوچەیەدا هەیە، بریتییە لە ناکۆکیی فەلەستین و ئیسرائیل، کە تا ڕادەیەك بێ ئومێدی هەیە لە پەیوەندی بە چارەسەرکردنی ئەم ناکۆکییەوە، ئێوە چۆن لەم مەسەلەیە دەڕوانن و ئایا دەکرێت هیچ بەرەوپێشچوونێك بە ئاراستەی گەیشتن بە چارەسەری ئەو ناکۆکییەدا بەدی بێت؟**

- بە تێڕوانینی من ئەگەری ئەوە هەیە بۆ ڕۆژگارێکی دوور و درێژ ئەم ناکۆکییە درێژە بکێشێت، چونکە فەلەستینییەکان بوونی ئیسرائیل قبووڵ ناکەن و شەرعییەت بەوە نادەن کە دەبێت جوولەکە دەوڵەتی خۆی هەبێت. لەم ڕووەوە، کورد و جوولەکە بە دەست هەمان کێشەوە دەناڵێنن. نەتەوەکانی ئەم ناوچەیە شەرعییەت بە جوولەکە و بە کورد نادەن بۆ ئەوەی دەوڵەتی خۆیان هەبێت. بۆ نموونە کاتێك ئیسرائیل، تاکلایەنانە لە غەززە کشایەوە، بە ئومێدی ئەوەی ئەو کۆمەڵگەیە بتوانێت خۆی جڵەوی چارەنووسی خۆی بگرێتەدەست و گۆڕانکاری ئەنجام بدات و ببێتە سەنگافورەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بەڵام ئەوەی ڕووی دا، بریتی بوو لە کۆنترۆڵکردنی غەززە لەلایەن حەماسەوە. هەروەها لە ساڵی ١٩٩٣دا و لە شاری ئۆسلۆ، ئیسرائیل گەیشتە ڕێککەوتن لەگەڵ یاسر عەرەفات، بەڵام ئەوە بوو نەیتوانی کۆمەڵگەکەی پابەند بکات بە ڕێککەوتنەکەوە. لەبەر ئەوە، پێم وایە ئەم ناکۆکییە درێژە دەکێشێت، تا ئەو کاتەی فەلەستینییەکان بوونی ئیسرائیل قبووڵ دەکەن. ئەگەرنا سەرکردایەتیی ئیسرائیل پێی وایە دەبێت وڵاتەکەی هێندە بەهێز بێت کە بوار نەدات لەلایەن ئەم هێزانەوە تێکبشکێندرێت.

*** بەڵام ئێوە دەڵێن دەوڵەتانی ئەم ناوچەیە شەرعییەتی بوونی دەوڵەتی ئیسرائیل قبووڵ ناکەن، کەچی ساڵێك زیاتر بەر لە ئێستا چەند وڵاتێکی عەرەبی بڕیاریان دا پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئیسرائیلدا ئاسایی بکەنەوە و ڕێککەوتنی ئاشتی لەگەڵدا واژۆ بکەن، ئێوە چۆن لەم پەرەسەندنە دەڕوانن و ئایا پێتان وایە خزمەت بە سەقامگیریی ناوچەکە دەکات و هۆکارێك دەبێت بۆ کەمکردنەوەی گرژی و ئاڵۆزییەکان؟**

- لە ڕابردوودا کێشەی فەلەستین هۆکارێك بوو بۆ یەکخستنی هەڵوێستەکانی وڵاتانی عەرەبی دژ بە ئیسرائیل. بەڵام چیتر مەسەلەکە بەم شێوەیە نەماوەتەوە، ئێستا ئەو وڵاتانەی شەرعییەتێکی زیاتریان هەیە، لەوە دەڕوانن کە خۆیان لە وڵاتە ڕادیکاڵەکان دوور بخەنەوە و پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیلدا دابمەزرێنن. ڕاستە پاڵنەرێکی نوێ هەیە کە ئەم دەوڵەتانە یەك دەخات، کە ئەویش بریتییە لە ترس و نیگەرانی لە ئێران. هەرچۆنێك بێت، ئێمە دەتوانین ئاماژە بە وڵاتی مەغریب بکەین کە هیچ نیگەرانییەکی نییە لە بارەی ئێرانەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بڕیاری دا، ئاشتی لەگەڵ

ئیسرائیلدا بەرپا بکات و، لەم ڕووەوە بە چەشنی وڵاتانی کەنداو کێشەی فەلەستین نەکاتە ئاستەنگ و بەربەستێك. پێدەچێت ئەو وڵاتانەی ڕێککەوتننامەی ئاشتییان لەگەڵ ئیسرائیلدا واژۆ کردووە، بەو ئامانجە ئەم کارەیان کردبێت کە لە ڕووی ئابووری، و تەکنەلۆژییەوە پەرە بە خۆیان بدەن، لە بری ئەوەی خۆیان گرفتار بکەن بە کێشەی فەلەستینەوە، چونکە پێیان وایە کە هیچ دەرئەنجامێکی لێ ناکەوێتەوە. کەواتە ئەم وڵاتانە توانیویانە گۆڕانکاری لە خۆیاندا بەدی بهێنن، ئەویش لە بەشێکیدا لەبەر ترس و نیگەرانییەکانیان لە ئاست ئێراندا. لێرەدا ئەوەی دەمەوێت جەختی لەسەر بکەمەوە، ئەوەیە تێکڕای ئەو کۆمەڵگەیانە گۆڕانکارییان تێدا بەدی هاتووە لە ڕووی قبووڵکردنی جوولەکە و ئیسرائیلەوە. هەر ئەمەش هۆکاری ئەوە بوو کە سەرەڕای شەڕەکەی ئەم دواییە غەززە هیچ گۆڕانکارییەکی گەورە لە هەڵوێستی وڵاتانی کەنداودا نەهاتەئاراوە لە ئاست ئیسرائیلدا. هەروەها ئەمە ئاشتییەکی جیاوازە بە بەراورد بەو ئاشتییەی کە ئیسرائیل ئەنجامی داوە لەگەڵ میسر و ئەردەن کە وەك ئاشتییەکی سارد ماوەتەوە. مەبەستم ئەوەیە بڵێم ئەم ڕێککەوتنانە- لەگەڵ میسر و ئەردەن- زۆر گرنگ بوون لە ئاستی ستراتیژیدا، بەڵام وەك ئاشتییەکی ڕووکەشی مانەوە لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی، واتە نەبوونە ئاشتی لەسەر ئاستی نەتەوەکان. بە پێچەوانەوە، ڕێککەوتنەکان لەگەڵ وڵاتانی کەنداو و وڵاتی مەغریب بوونەتە ئاشتی لە نێوان نەتەوەکان و دەکرێت ببێتە مۆدێلێك بۆ ئەوەی وڵاتانی دیکەی عەرەبی پیادەی بکەن. ئەگەر ئەمە ڕوویدات، ئەوا کاریگەرییەکی گەورەی دەبێت لەسەر سەقامگیری و گەشەکردنی ناوچەکە.

*** ئەگەر باسی بارودۆخی عێراق و پەیوەندییەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و عێراق بکەین، ئایا ئێوە چۆن لە هەلومەرجی ئەم وڵاتە و کێشەکانی دەڕوانن و ئایا وێنای چ پەیوەندیەك لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا دەکەن؟**

- من پێم وانییە بتوانرێت کێشەکانی عێراق، یان بارودۆخی ئەم وڵاتە بە گشتی بە ئاقاری ئارامی و سەقامگیریدا ببردرێت، ئەگەر کێشەی تایفەگەری لەم وڵاتەدا چارەسەر نەکرێت، ئەگەر ئێران بەردەوام بێت لە وێناکردنی عێراق وەك ڕێڕەوێك بۆ گەیشتن بە سووریا و لوبنان و ئیسرائیل. لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت بوترێت کە دەرفەتێکی کەم لە ئارادایە کە شەراکەتی ستراتیژیی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و عێراق بتوانێت ئەم کێشانە بنبڕ بکات. ئەمەش لەبەر ئەوەی ئێران



وڵاتێکی دراوسێ و نزیکە و ئەمریکاش دوور. ئێران پابەندە بە بەدیهێنانی ئامانجەکەی کە بریتییە لە برەودان بە هەژموونی خۆی لە عێراقدا، لە کاتێکدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە سایەی ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن دەیەوێت عێراق جێ بهێڵێت، چەندین میلیشیای بەهێز هەن کە پشتیوانیی ئێران دەکەن، لە کاتێکدا سوپای عێراق- کە ئەمریکا پشتیوانی لێ دەکات تەواو لاوازە بە بەراورد بە هێزی میلیشیاکانی ئەو وڵاتە. ئێمە لاوازیی سوپای عێراقمان بینی لەسەروەختی شەڕی دژ بە داعشدا. کەواتە ئەگەرچی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هێزێکی مەزنترە بەراورد بە ئێران، بەڵام لایەنە لاوازەکەیە لە پەیوەندی بە ڕکابەرییەکەوە لە عێراقدا.



## دکتۆر جووتیار عادل

وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی فەرمانگەی میدیا و زانیاری لە ئەنجومەنی وەزیران بۆ گوڵان:

# بەردەوام دەبین لە دابینکردنی مووچە لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا

**گرفتی گرانیی نرخی بەنزین ڕوو لە چارەسەرکردن دەکات**

**لێژنەی باڵای ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا کۆدەبێتەوە و بڕیاری گرنگ بۆ پاراستنی هاونیشتمانیان دەدەین**

**ئەگەر نوێنەرەکانمان لە بەغدا بەهێز بن، هاوکارمان دەبن بۆ چارەسەرکردنی هەموو ئەو کێشانەی لەگەڵ بەغدا بێ چارەسەر ماونەتەوە**

بەهێزیی کورد و نوێنەرەکانی لە بەغدا و چارەسەرکردنی گرفت و کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێم و عێراق و پرسی مووچە و چاکسازییەکانی حکومەت و چارەسەرکردنی گرفتی بەرزبوونەوەی نرخی بەنزین و نەوت، تەوەرەی سەرەکیی گفتوگۆیەکی تایبەتی گۆڤاری گوڵان بوون لەگەڵ دکتۆر جووتیار عادل وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی فەرمانگەی میدیا و زانیاری لە ئەنجومەنی وەزیران.

*** پرسی کورد لە بەغداو یەکڕیزی و تەبایی هێزە کوردستانییەکان تا چەند بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان جێگای بایەخە، بەتایبەتی بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان لە چوارچێوەی دەستوور و جێبەجێکردنی یاساکاندا؟**

- بەهێزیی کورد لە بەغدا بۆ بەهێزیی حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگە؛ حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهێز دەبێت، ئەگەر نوێنەرەکانی ئێمە لە عێراق بەهێز بن و پابەندی سیاسەتە گشتییەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بن، بۆ ئەوەی هاوکار بن بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کوردستان و جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و دابینکردنی شایستە داراییەکانی مووچەخۆران و خەڵکی کوردستان، ئەمەش بە یەکڕیزی و تەبایی نێوان پارت و هێزە کوردستانییەکان دێتەدی، کە یەک دیدگا و ستراتیژیان بۆ داواکارییەکانی هەرێم و دۆزینەوەی چارەسەری هاوبەش بۆ سەرجەم گرفتەکان هەبێت.

*** ڕۆئیای حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ماددەی ١٤٠ی دەستووری و چارەسەرکردنی سەرجەم گرفتەکانی دیکەی نێوان هەرێم و بەغدا چییە؟**

- پەیڕەوکردنی پرەنسیپی (سازان و یەکسانی و هاوبەشیی ڕاستەقینە) چارەسەری زۆر لە گرفتەکانی نێوان هەرێم و عێراق دەکات، ئێمە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سەر بنەمای ئەو لێکتێگەیشتن و پشوودرێژییەی ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر لە کێشەکانی نێوانمان چارەسەر کرد، گرفت و کێشەی دیکەش ماوە و لەمەشدا دەگەڕێینەوە سەر پێویستیی جێبەجێکردنی دەستوور؛ بۆ نموونە چارەسەرکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووریی تایبەت بە ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک و تەواوی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، هەر لایەنێکی سیاسی، یان هاوپەیمانێتییەکیش بۆ دامەزراندنی حکومەتی داهاتووی عێراق دروست بێت، پەیڕەوکردنی ئەم پرەنسیپانە و تێگەیشتن لە چەمکی (فیدراڵییەت و هاوبەشیی ڕاستەقینە) لە زەروورەتەکانی قۆناغەکەیە، خۆ ناکرێت لە سیاسەت و داڕشتنی سیاسەتدا کورد و حکومەتی هەرێمی کوردستان بە چەند پۆست و ئیمتیازاتێکی کاتی ڕازی بکەن، لە کاتێکدا گرفتە سەرەکییەکەی عێراق لە پابەندنەبوون بە دەستوور و بنەماکانی هاوبەشیی ڕاستەقینە سەرچاوەی گرتووە. ئێمە لەو بڕوایەداین هەر لایەنێکی سیاسی و کوتلەیەکی سیاسی ئەرکی دامەزراندنی هاوپەیمانێتی بۆ دامەزراندنی حکومەتی عێراقی لەسەر شان بێت، دەبێت ڕەچاوی پێکهاتەی کورد و خواستە ڕەواکانی بکات و، بەرژەوەندیی باڵای عێراق و کوردستانی لە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەکانی دیکەوە دابنێت.

**پەیڕەوکردنی پرەنسیپی (سازان و یەکسانی و هاوبەشیی ڕاستەقینە) چارەسەری زۆر لە گرفتەکانی نێوان هەرێم و عێراق دەکات**

**هەر لایەنێکی سیاسی و کوتلەیەکی سیاسی ئەرکی دامەزراندنی هاوپەیمانێتی بۆ دامەزراندنی حکومەتی عێراقی لەسەر شان بێت، دەبێت ڕەچاوی پێکهاتەی کورد و خواستە ڕەواکانی بکات و، بەرژەوەندیی باڵای عێراق و کوردستانی لە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەکانی دیکەوە دابنێت**

*** شەپۆلێکی نوێی کۆرۆنا هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکەی گرتووەتەوە؛ بەتایبەتی دوای هەڵکشانی خێرای ژمارەی تووشبووان و بەرزبوونەوەی ڕێژەی مردن؛ ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان چ ڕێکارێک دەگرێتەبەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم مەترسییە و پاراستنی گیانی هاونیشتمانیان؟**

- لە ژێر ڕاسپاردەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتی تەندروستی و لیژنەی باڵای ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا نموونەیەکی جوانیان نیشانی دنیا دا، لە ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا و پاراستنی گیانی هاووڵاتیان و کەمکردنەوەی شوێنەوارە مەترسییەکانی ئەو پەتا جیهانییە، ئەو دەمە زۆر بە زیرەکانە و پرۆفیشناڵانە بڕیاری بوێر و جددیمان دەرکرد و توانیمان ڕێگری لە بەرزبوونەوەی ئاستی بڵاوبوونەوەی پەتا و زیادبوونی ڕێژەی قوربانییەکان بکەین، ئەمە لە کاتێکدا لە زۆر وڵاتانی گەورە و پێشکەوتووی دنیا بارودۆخەکەیان زۆر خراپتر و مەترسیدارتر بوو. هەرچۆنێک بێت وێڕای قەیرانی سەختی دارایی، حکومەت سەرکەوتوو بوو لە ڕاگرتن و پاراستنی دۆخەکە و دابینکردنی ڤاکسین بۆ هاووڵاتیان، بەڵام کۆرۆنا بەم شێوەیە لەگەڵ پشتگوێخستنی خۆپارێزی و ڕێنماییەکانی تەندروستی و گۆڕینی وەرزەکان، جارێکی دیکە سەرهەڵدەداتەوە، ئەم شەپۆلە نوێیەش

زۆر مەترسیدارە و ئەرکی سەرشانی ئێمەیە لە حکومەت گیانی هاووڵاتیان و فەرمانبەران و قوتابیان و مامۆستایان و هەموو چین و توێژەکانی دیکە بپارێزین، داواش لە سەرجەم هاووڵاتیانی کوردستان دەکەین، ڕێکارەکانی خۆپارێزی و مەرجەکانی تەندروستی بە جددی جێبەجێ بکەن و ڤاکسین وەربگرن، بەتایبەتی دوای ئەوەی لەچەند ڕۆژی ڕابردوو ڕێژەی تووشبووان بەرز بووەتەوە. بڕیارە ئەمڕۆ (ڕۆژی دووشەممە) لیژنەی باڵای ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆببێتەوە بە مەبەستی ئەوەی ڕێکاری گونجاو بگرینەبەر و چەند بڕیارێکی گرنگی لێ بکەوێتەوە.

*** پرۆسەی چاکسازیی و هەنگاوەکانی دووبارە ڕێکخستنەوەی داهات و خەرجییەکان تا چەند کاریگەریی لەسەر باشبوونی بارودۆخی دارایی هەرێم هەبووە؟ ئایا دەکرێت بوترێت قۆناغی مەترسیداری قەیرانمان تێپەڕاندووە؟**

- حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێکارەکانی ڕێکخستنەوەی داهات و ڕێگرتن لە بەفیڕۆچوون و کەمکردنەوەی خەرجییە زیادەکان سەرکەوتوو بووە، پرۆسەی چاکسازی و پەیڕەوکردنی کۆمەڵێك سیاسەت و بەرنامە بۆ باشکردنی ئەدای حکومەت و بە هەماهەنگی لەگەڵ کەرتی تایبەت و ئاراستەکردنی بەپێی پێداویستی و خواستی هەرێم، بەوەی دەرفەتێکی زیاترمان بە کۆمپانیاکان و بەڵێندەرەکان دا و، ژینگەیەکی لەبارمان بۆ ڕەخساندن، بۆ ئەوەی خزمەتی زیاتری هاووڵاتیان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بکەن، تەنانەت چاودێریی و بەدواداچوونێکی جددی و باشتری جێبەجێکردنی پرۆژەکانمان کردووە، هەموو ئەم هەنگاو و ڕێکارانە ڕۆڵی خۆیان هەبووە لە پێشخستنی چاکسازی، ئەو چاکسازییەی لە پێناو هاووڵاتیاندا فەراهەم کرا.

*** یەکێك لە دۆسییە گەرمەکانی نێوان هەر دوو حکومەتی هەرێم و بەغدا مەسەلەی مووچەی فەرمانبەرانە؛ ئایا پشکی هەرێم و ٢٠٠ ملیار دینارەکە هیچ کێشەیەکی تێدایە و لەکاتی خۆیدا ٢٠٠ ملیار دینارەکە دێت و مووچە لە کاتی خۆیدا بێ لێبڕین دابەش دەکرێت؟**

- لە مانگی ئاداریی ئەمساڵدا ئێمە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیارمان دا، مووچە ١٠٠٪ تەمویل بکرێت و بە تەواوەتی دابەش بکرێت، ئەمەش لە دەرئەنجامی (چاکسازییەکان و گفتوگۆکانی حکومەت لەگەڵ حکومەتی عێراق) دروست بوو. ئێمە بڕیارمان داوە ٢٥ی مانگ مووچە بدرێت، بەردەوامیی ئەم مووچەیەش تا لە توانای هەرێمدا بێت و، بەپێی ئەو داهاتەی دەستی دەکەوێت، ڕیزبەندی دەدرێتە دابینکردنی مووچە، هیچ حکومەتێك خوازیار نییە مووچە بە لێبڕین دابەش بکات، ئێمەش خۆمان بە خزمەتکاری خەڵك دەزانین و بەپێی ئەو چاکسازی و گۆڕانکارییانە بێت کە ڕووی داوە و ئەو داهاتەی دێتە دەستمان، بەردەوام دەبین لە دابینکردنی مووچە لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا.

*** ناوبەناو گرفتی گرانیی نرخی بەنزین و سووتەمەنی سەرهەڵدەدات. هۆکار و چارەسەرەکان چین کە حکومەتی پەنای بۆ بردووە بۆ ئەوەی چارەسەرێکی ئەو گرانییە بکات؟**

- نرخی بەنزین و نەوت و سووتەمەنییەکان بە شێوەیەکی گشتی لە سەر ئاستی جیهان گران بووە، چونکە نەوت بەهایەکی پێوانەیی تۆمار کردووە و چووەتە سەرووی ٨٣ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك، ئێمە وەکو حکومەت هەموو هەوڵێکمان داوە ئەم بابەتە چارەسەر بکرێت و خۆشبەختانە و ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزیری سامانە سرووشتییەکانی ڕاسپاردووە بۆ چارەسەرکردنی ئەم بابەتە، بۆ ئەم مەبەستە بەڕێز وەزیری سامانە سرووشتییەکان سەردانی بەغدای کرد و ڕێککەوتن کە ١٥٠ ملیۆن لیتر نەوتی سپی بۆ هەرێمی کوردستان بە سێ بەش دابین بکرێت، سەبارەت بە بەنزینیش لەگەڵ بەغدا ڕێککەوتین ڕۆژانە یەك ملیۆن و هەشتا هەزار لیتر بەنزینمان بۆ بنێرن، لە هەمان کاتیشدا ئێمە هەوڵ دەدەین پێداویستیی ناوخۆ لە ڕێگەی پاڵاوگەی کار و لالاس و تا ڕاددەیەکیش پاڵاوگەی قەیوان دابین بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین پێداویستیی ڕۆژانەی هاووڵاتیان دابین بکەین و وردە وردە گرفتی گرانیی نرخی بەنزین بەرەو کۆتایی بچێت.

**داوا لە سەرجەم هاووڵاتیانی کوردستان دەکەین، ڕێکارەکانی خۆپارێزی و مەرجەکانی تەندروستی بە جددی جێبەجێ بکەن و ڤاکسین وەربگرن**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێکارەکانی ڕێکخستنەوەی داهات و ڕێگرتن لە بەفیڕۆچوون و کەمکردنەوەی خەرجییە زیادەکان سەرکەوتوو بووە**

**هیچ حکومەتێک خوازیار نییە مووچە بە لێبڕین دابەش بکات، ئێمەش خۆمان بە خزمەتکاری خەڵک دەزانین**



ئەکرەم ئەحمەد

بەڕێوەبەری گشتیی بەنداوەکان لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:

# دیزاینی ١٨ بەنداوی گەورە ئامادەیە و شوێنی ٢٠٠ بەنداوی بچووک و مامناوەندیش دەستنیشان کراوە

**کێشـەی کەمئـاوی هەمیشـە یەکێکـە لـەو کێشـە بنەڕەتییانـەی کـە پێویسـتی بـە دیراسـەتی جددی هەیە بۆ چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوە و چارەسـەرکردنی، یـەك لـە ڕێگاکانیـش بریتییـە لـە دروسـتکردنی بەنـداوەکان بـۆ گلدانـەوە و هەڵگرتـن و پاراسـتنی ئـاو لـە وەرزی بارانبارینـدا و بەکارهێنانـەوەی لـە سەروەختی بێ ئاویدا. بۆ قسـەکردن لـە بـارەی ئـەم پرسـە گرنگـە، گـوڵان دیدارێکـی لەگـەڵ ئەکـرەم ئەحمـەد بەڕێوەبـەری گشـتیی بەنـداوەکان لـە وەزارەتـی کشـتوکاڵ و سـەرچاوەکانی ئـاو لـە حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان ئەنجام دا.**

*** کوردسـتان خاوەنـی سـەرچاوەی زۆری ئـاوە و چەندیـن ڕووبـار و زێـی پێدا تێـپەڕ دەبێـت و، دەزانیـن کە هەڵکەوتەی دیموگرافیای کوردستان وایـە کـە چەندیـن شـوێنی شـیاوە بـۆ بەنـداوی گـەورە و سـتراتیژی، ئەگەرچـی تـا ئێسـتا تەنیا خاوەنـی بەنـداوەی دەربەندیخـان و دووکانیـن، ئایـا بۆچـی بـۆ ئاسایشـی و سـەقامگیریی ئـاو پـڕۆژەی بەنـداوی سـتراتیژی جێبەجـێ ناکرێـت؟**

- لـە ڕاسـتیدا بـۆ دروسـتکردنی بەنـداو و گلدانـەوەی ئـاو هەمـوو پـلان و ئامادەکارییـەك هەیـە، بـەڵام تەنیـا پێویسـتمان بـە تەرخانکردنـی بودجەیـە. ئەگەرچـی لـە چەنـد سـاڵی ڕابـردوو ١٤ بەنداوی بچووك و مامناوەند و ١٠٠ پۆنتمان دروسـت کـردوە و ١٦ بەنـداوی دیکـە لەژێـر جێبەجێکردندایـە کـە لـەم بەنداونـە چـوار بەنداویـان گـەورەن. هـاوکات ١٨ بەنداوی گـەورەی دیکـەش دیزاینیـان ئامادەیـە و ٢٠٠ بەنـداوی بچـووك و مامناوەنـد شـوێنەکانیان لـە هەمـوو هەرێـم دەستنیشـان کـراون. ئـەوەی لـە بەنـداو دروسـتکردن گرنگـە، ئەوەیـە کـە دەبێـت بودجەکـەی بەپێـی پێویسـت بێـت و بتوانرێـت کارکردنـی تێدا بـەردەوام بێـت، چونکـە بەنـداو نابێـت لەهێـچ قۆنـاغ و کاتێکـی کارکـردن تێیـدا ڕابوەسـتێت، ئەگـەر کارکـردن لـە جێبەحێکردنـی بەنـداو ڕابوەسـتێت، ئـەوا پڕۆژەکـە تووشـی زەرەر و زیـان دەبێـت و، بـە ئاسـانی ناتوانرێـت کاری تێدا دەسـت پـێ بکرێتـەوە. لەلایەکـی دیکـەوە ئەگـەر تەماشـای هـەر سێ پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهـۆك بکەیـن، هەریەکـەی بـە دوو ڕووبـار دەورە دراوە، هەولێـر بـە زابـی گـەورە و بچـووك و سـلێمانی سیراون و زابی بچووك و دهۆکیش زابی گـەورە و زابـی خـازر. بـەڵام ئێمـە پێویسـتمان بـە دەزگا و ئیدارەیەکـی گشـتگیر و تـەواوی ئـاو هەیـە، هـەر لـە گلدانـەوە و دابەشـکردن و خاوێنکردنـەوە و دووبـارە دابەشـکردنەوەی ئـاو بەسـەر هاووڵاتیانـدا.

*** سـاڵانە بـە هـۆی هەڕەشـەکانی وڵاتانـی دراوسـێ بـە گرتنـەوەی ئـەو ئـاوی ڕووبـار و زێیانـەی دێنـە کوردسـتان، بەتایبەتـی لـە وشکەسـاڵی تووشـی کێشـە و وشـکبوونی زێیـەکان دەبیـن، چـۆن دەتوانرێـت ئەمـە چارەسـەر بکرێـت؟**

- کێشـەی ئـاو لـە ناوەڕاسـتی سـاڵانی حەفتـاوە هەسـتی پـێ کـرا، دەتوانیـن بڵێیـن لـە سـاڵی ١٩٧٥بـوو و لـە سـاڵی نەوەتـەکان زۆر بـە ڕوونـی هەسـت بـە کێشـەی ئـاو کـرا. لـەو کاتـەدا وڵاتانـی هەرێمایەتـی کەوتنەخـۆ بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکە، بەتایبەتـی تورکیـا و ئێـران و تـا ڕاددەیەکیـش سـووریا، هـەر یەکەیـان چەندیـن بەنـداوی گـەورە و سـتراتیژییان دروسـت کـرد. لـە سـاڵی ١٩٨٩لـە سـەروەختی دەسـەڵاتی تۆرگـوت ئـۆزال، بڕیـاری دا پـڕۆژەی گـاپ جێبەجـێ بکرێـت، کـە دوا بەنـداو لـەو پـڕۆژە سـتراتیژییە بەنداوی ئەلیسـۆیە کـە لـە سـاڵی ڕابـردوو تـەواو بـوو، ئێرانیـش لەسـەر زابـی بچـووك و سـیروان ٣٠ بەنـداو و دوو تۆنێڵـی دروسـت کـرد. ئەمـە لـە کاتێکـدا لـە دابونەریتـی وڵاتانـدا هاتـووە کـە دابەشـکردنی ئـاو دەبێـت دادپەروەرانـە بێـت و ئـەو وڵاتانـەی لـە خـوار زێـی و ڕووبارەکانـن و ئـەو زێـی و ڕووبارانـەی بـەو وڵاتانـەدا دادەڕۆن، دەبێـت لێـی سـوودمەند بـن، بـەڵام وڵاتانـی دراوسـێی ئێمـە ئـەو ڕێنمایـی و یاسـا نێودەوڵەتـی و دابونەریتـەی لـە دابەشـکردنی ئـاو هەیـە، نەیانپاراسـت، بەڵکـو بـۆ چارەسـەری ئـەو کێشـانەی لـەو بـارەوە دەبێـت ئێمـە لـەو بارانـەی لـە وڵاتەکەمـان دەبارێـت، ئـەوە بتوانیـن و پڕۆژەمـان هەبێـت، ئـاو گل بدەینـەوە و

**لە چەند ساڵی ڕابردوو ١٤ بەنداوی بچووك و مامناوەند و ١٠٠ پۆنتمان دروست کردووە و ١٦ بەنداوی دیکە لەژێر جێبەجێکردندایە کە لەم بەنداونە چوار بەنداویان گەورەن**

بیپارێزین و لەو ئاوەی لە وڵاتان لە ڕێگای زێ و ڕووبارەکان بۆمان دێت، لەوانیش کار بۆ گلدانەوەی ئاوەکە بکەین و لە دابەشکردنی ئاوەکەشدا دەبێت بەو جۆرە کار بکەین کەمترین بەهەدەردانی ئاو هەبێت. پێویستە پرۆژەکانی دابەشکردنی ئاو پرۆفیشناڵ بکرێت و، پرۆژەی ئاودێریی ستراتیژی دروست بکرێت، کە ئەمە دەبێتە هۆکارێکی بەهێز بۆ بەدیهێنانی ئاسایشی خۆراکیش و دوا کار و پرۆژەش خاوێنکردنەوەی ئاوی پیس و ئاوەڕۆکانە. کە ئەم ئاوەی لەو پرۆژانە بەرهەم دێتەوە، لە ئاودێریی باخچە و دارستانەکان بەکار بێت، نەک ئاوی پاک بۆ کاری ئاودان بەو شێوەیەی کە ئێستا کە بەدی دەکەین، چونکە ئاودانی سەوزایی و دار و درەخت و دارستانەکان تاوان و گوناهە کە بە ئاوی پاک ئاو بدرێن.

**دابەشکردنی ئاو دەبێت دادپەروەرانە بێت و ئەو وڵاتانەی لە خوار زێی و ڕووبارەکانن و ئەو زێی و ڕووبارانەی بەو وڵاتانەدا دادەڕۆن، دەبێت لێی سوودمەند بن**

*** بڕیار بوو و پارەش بۆ دروستکردنی چەند بەنداوێک تەرخان کرا، بەتایبەتی لەم دواییانە بودجە بۆ بەنداوی زەڵان و چەق چەق تەرخان کرا، ئایا ئەم بەنداوانە کەی تەواو دەکرێن و کارکردن تێیاندا بە چی گەیشتووە؟**

- بەشێک لە بەرنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگیدانی زیاترە بە دروستکردنی بەنداو و تێگەیشتنێك هەیە لەم ڕووەوە. ئێمە پلانی خۆمان بۆ جێبەجێکردنی بەنداو لە هەرێمی کوردستاندا بۆ سەرۆکایەتیی حکومەت نارد، لە پاشان وەك هەنگاوێك بودجە بۆ جێبەجێکردنی چەند بەنداوێك لەلایان سەرۆکی حکومەتی کوردستانەوە تەرخان کرا، کە لەم هەنگاوەدا دروستکردنی ١٢ بەنداو و لێدانی بیرێك بوو کە بڕی ئەو بودجەیە ١٣ ملیار دینار بوو و ١٠ ملیار دیناریشی بۆ تەواوکردنی بەنداوی گۆمەسپان تەرخان کرد، بودجەیەکیش بۆ بەنداوی زەڵان و چەق چەق تەرخان کرد، کە بەو بڕە بودجەیەی ئەو دوو بەنداوەش هەنگاوێك لە جێبەجێکردنیان دەچێتە پێشەوە.

**ووڵاتانی دراوسێی ئێمە ئەو ڕێنمایی و یاسا نێودەوڵەتی و دابونەریتەی لە دابەشکردنی ئاو هەیە، نەیانپاراستووە**

*** بڕیار بوو بەنداوی گۆمەسپان دەست پێ بکاتەوە و بەنداوێکیش لە بەستۆڕە دروست بکرێت، ئەمانە بە چی گەیشتن؟**

- لە بەنداوی گۆمەسپان دەست بەکارکردن کراوەتەوە، کە بۆ ئەمساڵ ١٠ ملیار دیناری لەلایان سەرۆکی حکومەتی هەرێم بۆ تەرخان کراوە و جەنابی سەرۆکی حکومەت بڕیاری داوە کە بەنداوێکیش لە بەستۆڕە دروست بکرێت، ئێمەش خەریکی پلان و ئیش و کارەکانین بۆ ئەو بەنداوە، کە ئەم بەنداوەش گرنگیی زۆری بۆ حەوزی ئاوی ژێر زەویی باکووری هەولێر هەیە، چونکە لەو حەوزەدا ئاستی ئاوی ژێر زەوی زۆر دابەزیوە، هەر بۆ نموونە بیری ئاوەکان هەر یەکەی لە ١٥٠ تا ٢٠٠ مەتر ئاستی ئاویان دابەزیوە، بەنداوەکە بۆ دروستکردنی ناوچەیەکی گەشتیارییش زۆر پێویست و گرنگە و بۆ گلدانەوەی ئاو و ئاودێرییش لە سنووری هەولێر سوودی یەکجار زۆرە.

**ئاودانی سەوزایی و دار و درەخت و دارستانەکان تاوان و گوناهە کە بە ئاوی پاک ئاو بدرێن**

*** ئاستی ئاوی بەنداوەکانی دووکان و دەربەندیخان دابەزیون، بەتایبەتی لەو ساڵانەی باران کەم دەبارێت، ئایا چۆن دەتوانرێت ئەو حاڵەتانەیان تێدا ڕوونەدات و چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە؟**

- ئەوە ڕاستە کە ئاستی هەر دوو بەنداوەکەی دووکان و دەربەندیخان لە ئاستی نزمن و ئەم دوو بەنداوەش تەمەنیان زۆر بەڕێ کردووە، هۆکاری زۆری کەمئاویشیان زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ کەمیی باران و گرتنەوەی سەرچاوەی ئاوەکانیان لەلایان ئێران و تورکیاوە. چارەسەریش ئەوەیە کە ئاوەکانیان کەم بەر بدرێتەوە، تاوەکو ئەو ئاستی ئاوەی ئێستا هەیانە بیانپارێزین.

*** دامودەزگاکانی بەنداوەکان لە هەرێم نزیکەی ٤٠٠ فەرمانبەریان هەیە و، دەزانین ئەم لایەنەش سیادییە، ئایا عێراق چی بۆ کردوون؟ ئایا مووچەیان پێ دەدات و ئیمتیازاتیان وەك فەرمانبەرانی هاوپیشەیانە لە عێراق؟**

- ستافی بەنداوە گەورەکان سیادییە و ماوەیەك حکومەتی عێراق مووچەی فەرمانبەرەکانی خەرج دەکرد، بەڵام ئەو پارەیەشی لە بودجەی هەرێمی کوردستان دەبڕی، لەم دواییانە بە یەکجاری عێراق مووچەی فەرمانبەرانی بەنداوەکانی بڕی، ئەمەش وای کرد هەر حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆی مووچەی ئەو فەرمانبەرانە بدات، لەلایەکی دیکەوە حکومەتی هەرێم هەموو کێشەکانی ئەو لایەنەی گرتە ئەستۆی خۆی و بە هەموو شێوەیەك لە حکومەتی عێراق دابڕاین.

*** پلانتان چییە بۆ دەستپێکردنەوەی بەنداوی**



**بێخمە کە بۆ بەرهەمهێنانی کارەباش سوودی زۆری هەیە؟**

- بێخمە دراسەیەکی زۆری دەوێت و گفتوگۆی زۆر لە بارەوە کراوە. بەنداوی بێخمە بووەتە بابەتێکی سیاسیی تەواو، لە ڕووی تەکنیکییەوە کێشەیەکی کەمی هەیە، بەڵام دروستکردنی پەیوەستە بە بڕیاری سەرکردایەتیی سیاسییەوە.

*** ئایا ئەو شوێنانە کوێن کە دەستنیشان کراون بۆ بەنداوی گەورە و ستراتیژی کە لە هەموو ڕوویێکەوە سوودی بۆ هەرێمی کوردستان هەبێت؟**

- ئێمە بۆ هەرێمی کوردستان ١٨ بەنداوی ستراتیژیمان دیزاین کردووە، لەوانە لە سەر زابی بچووك زەڵگە و تەق تەق، لەسەر زێی گەورە دێرەلوك و ڕەشاوە و ڕەواندز و مەنداوە، لەسەر سیروان بەردەسور و باوەنور و لەسەر چەمی ئاوەسپی هەمانە کە گۆمەسپان و باسەرە. ئەم بەنداونە هەر هەموویان بەنداوی ستراتیژین و تەنیا چاوەڕوانی بودجەین بۆ جێبەجێکردنیان، بێگومان بە تەواوبوونی ئەو بەنداوانە تا ئاستێکی زۆر کێشەی کەمئاوی لە هەرێمی کوردستان کەم دەبێتەوە. ئاو بەدیلی نییە و کێشەی کەمئاوی و بەنداو دروستکردن تەواوکاری یەکترن و بە هۆی بەنداوەوە کێشەی کەمئاوی نامێنێت. هەروەها دەستگرتن بە ئاوەوە هاوکاریکردنی هەرێمەکەیە و هەر کەسێك لەلای خۆیەوە گرنگی بە ئاو بدات و هەر یەکێکمان بەپێی پێویستی خۆی ئاو سەرف بکات و بە هیچ شێوەیەك بە هەدەر نەدرێت و، حکومەت وەك ئەوەی کە ئاو بە سیادی هەژمار دەکات، بەو پێیە گرنگی پێ بدات و، کار لەسەر چارەسەری کێشەکانی بکات و، پڕۆژەی ستراتیژی بۆ گلدانەوەی و دابەشکردنی بە شێوەی هونەری و تەکنیکی و دلۆپاندن کە بە مجۆرە کەمترین ئاو سەرف دەبێت و بەهەدەر نادرێت، هەروەها دروستکردنی پڕۆژەی ئاودێریی ستراتیژی و ڕیسایکلینی ئەو ئاوە قورسانەی هەیە بۆ دووبارە بەکارهێنانەوەیان لە باخچە و سەوزاییەکاندا و لە کاتێکدا ئەو کارانەی لە کۆتاییدا ئاماژەم پێ دان، جێبەجێیان بکەین، پێویستمان بە بیری ئاوی خواردنەوە نابێت، یان کەمترین بیری ئاوی خواردنەوەمان دەوێت.

**پێویستە هەر کەسێک لەلای خۆیەوە گرنگی بە ئاو بدات و هەر یەکێکمان بەپێی پێویستی خۆی ئاو سەرف بکات و بە هیچ شێوەیەک بە هەدەر نەدرێت**



**دکتۆر ئاسۆ حەوێزی**

وتەبێژی وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:

# کارتی وەرگرتنی ڤاکسین کۆدی لەسەرە و ساختە ناکرێت و لە دنیادا باوەڕپێکراوە

# زۆربەی ئەوانەی لەژێر چاودێریی چڕدان ئەو کەسانەن کە ڤاکسینیان وەرنەگرتووە

**ئاشکرایە کە پەتای کۆرۆنا کێشەی گەورە و فرەلایەنی خوڵقاند و، لە ئێستاشدا ڕێژەی تووشبون و مردن بەم پەتایە مایەی نیگەرانییە، باشترین ڕێکاری بەرەنگاربوونەوەشی بریتییە لە بەکارهێنانی ڤاکسینی دژ بەم پەتایە، بۆ قسەکردن لە بارەی دۆخی ئەم پەتایە و ڕێژەی وەرگرتنی ڤاکسین لەلایەن خەڵکەوە و ژمارەی سەنتەر و بنکەکانی پێدانی ڤاکسین و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار، گوڵان دیدارێکی لەگەڵ دکتۆر ئاسۆ حەوێزی وتەبێژی وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان ئەنجام دا.**

*** بارودۆخی هەرێمی کوردستان بەگشتی و هەولێر بەتایبەتی لە ڕووی پەتای کۆڕۆنا چۆنە؟ تا ئێستا لە هەرێم بە گشتی ژمارەی تووشبووان بە پەتای ڤایرۆسی کۆڕۆنا چەندە و ژمارەی گیان لەدەستدان چۆنە و ئێستا چەند کەس لە نەخۆشخانەکاندا لە ژێر چاودێریی چڕدان؟**

- ئەو ئاماژانەی هەیە پێمان دەڵێت کە کۆڕۆنا هێشتا هەیە و مەترسیدارە و لە هەموو شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان ڕۆژانە حاڵەتی پۆزەتیڤ تۆمار دەکرێت و، حاڵەتی تووشبووی مەترسیدارمان هەیە و ڕێژەی تووشبوون بەو ڤایرۆسە لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستان ئێستا بەگشتی ١١-١٥٪ بە گوێرەی ئەو پشکنینانەی کە ڕۆژانە ئەنجام دەدرێت. ئێستا لە هەموو هەرێمی کوردستان ئەو تووشبووانەی بەو پەتایە کە لە ژێر چاودێریی چڕدان، لە ١٠٠ نەخۆش نزیك دەبێتەوە، ئەمەش وادەکات ڕێژەیەك مردنی ڕۆژانە تۆمار بکرێت. هاوکات ئەگەر باسی هەولێر بکەین لە ڕووی تووشبوونی هاووڵاتییان بەو ڤایرۆسی کۆڕۆنا، ئەوە ڕۆژانە ڕێژەی تووشبوون لە نێوان ١٠-١٥٪ە بەپێی ئەو پشکنینانەی بۆ ئەو مەبەستە دەکرێت و ڕێژەکەش بەپێی ئەو پشکنینانەی ئەنجام دەدرێن، دەگۆڕێت.

*** ئایا میکانیزمی پشکنینی کۆرۆنا خێراتر بووە و ڕۆژانە چەند کەس پشکنینیان بۆ دەکرێت؟**

- بێگومان ئێستا پشکنینی ئەو ڤایرۆسە زۆر خێرایە و لە ماوەی چەند کاتژمێرێك دەرئەنجامی دەردەچێت و پشکنین هەر بەردەوامە و ڕۆژانە ژمارە و ڕێژەیەکی زۆر خەڵك لە لایان بنکە و سەنتەرەکانی تەندروستی پشکنینیان بۆ ئەنجام دەدرێت.

**ئێستا لە هەموو هەرێمی کوردستان ئەو تووشبووانەی بەو پەتایە کە لەژێر چاودێریی چڕدان، لە ١٠٠ نەخۆش نزیک دەبێتەوە، ئەمەش وادەکات ڕێژەیەک مردنی ڕۆژانە تۆمار بکرێت**

*** بەپێی ئەو ئامارەی لاتانە بەگشتی تا ئێستا چەند کەس لە هەرێمی کوردستان ژەمی یەکەمی ڤاکسینی وەرگرتووە و چەند کەسیش هەردوو ژەمی وەرگرتووە و ئایا هەرێمی کوردستان گەیشتووەتە ئەو ڕێژەیە لە وەرگرتنی ڤاکسین کە پێویستە؟**

- ئەو کەسانەی کە پێویستە لە هەرێمی کوردستان ڤاکسین وەربگرن، دیاری کراوە کە تەمەنیان لە سەرووی ١٨ساڵەوەیە، ئەمەش بڕیارێکی مەرکەزییە و ژمارەکە زیاتر لە سێ ملیۆن و ٢٥٥ هەزار کەسە کە ئەو ژمارەیە پێویستە هەردوو ژەم ڤاکسین وەربگرن و ئەوانەی یەکەم ژەمی ڤاکسینیان لە هەرێمی کوردستان وەرگرتوە ٢٠٪ە و ئەوەی هەردوو ژەمیان

وەرگرتووە ١٣٪ە، کە بەگشتی تا ئێستا لە هەرێم یەک ملیۆن و ١٠٠ هەزار ژەم ڤاکسین دابەش کراوە و لەلایەن هاووڵاتیانەوە وەرگیراوە، وەرگرتنی ڤاکسینیش بەردەوامە لەلایەن خەڵکەوە. بەڵام تا ئێستا بەپێی ڕێنمایی و پێویست ڕێژەی تەواوی خەڵک ئەو ڤاکسینەیان وەرنەگرتووە، ئەگەرچی ئەوە بەدی دەکرێت کە خەڵک سەردانی سەنتەر و بنکەکانی وەرگرتنی ڤاکسین دەکەن و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕێژەکە بەرەو بەرزبوونەوە دەچێت. وەرگرتنی ڤاکسین




زۆر پێویستە بۆ هەموو کەسێک تاوەکو بتوانرێت بەرگری لەشی بەهێزتر بێت و لەو پەتایە پارێزراو بێت. لەکاتێکیشدا تووشی پەتاکەش ببێت، ئەوا ئەگەر ڤاکسینی وەرگرتبێت زیاتر بەرگری دەکات و ژیانی پارێزراو دەبێت. بۆیە لێرەدا بە پێویستی دەزانم بۆ خۆپارێزی و بەرگری لەش لەو پەتاییە دوو ڕێنمایی بە هەند وەربگرین و جێبەجیان بکەین، یەکەمیان: وەرگرتنی ڤاکسین لەلایەن خەڵکەوە زۆر پێویست و گرنگە. دووەم: ڕێنماییەکانی خۆپارێزی وەک خۆی جێبەجێ بکرێت.

*** وەک دکتۆر و شارەزایەک لە بارەی ڕێنماییەکان بۆ خۆپارێزی چی بە خەڵک دەڵێین؟**

- ڕێنماییەکانی خۆپارێزیی تەندروستی بۆ ئەو ڤایرۆسە هەروەک خۆیەتی و زۆریش پێویستە خەڵک پابەندیان بێت، بەتایبەتی بەستنی ماسک و نەچوونە شوێنی قەرەباڵغ و دووریی نێوان خەڵک لە مەتر و نیوێک بۆ دوو مەتر بێت، تاوەکو بەرکەوتن ڕوونەدات و دەستەکان بە سابوون و شامپۆ بە جوانی بشۆرن، لەکاتی هەستکردن بە بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی و هەبوونی کۆکە سەردانی پزیشک و نەخۆشخانە بکەن بۆ دڵنیابوون لەو پەتایە پشکنین ئەنجام بدەن، هەر لەم ڕووەوە لەلایان وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێم زۆر جەخت لە جێبەجێکردنی ڕێنماییە خۆپارێزییە تەندروستییەکان دەکرێتەوە، بەڵام کە کەرەنتین نەبووەتە ڕێگایەک لەو کات و ساتە ئەوە زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بارودۆخی گوزەران و ژیانی هاووڵاتیان ڕەچاو کراوە، بەڵام ئەگەر پەتاکە لەوە زیاتر و مەترسیدارتر بێت، ئەوە هەموو بیرۆکەیەک کراوەیە بۆ ئەوەی جێبەجێ بکرێت بۆ پاراستنی ژیان و گیانی هاووڵاتیانمان.

*** ئایا جیاوازی لە نێوان جۆری ڤاکسینەکان هەیە و لە کوردستان بۆچی متمانە و ئامادەیی خەڵک بۆ کوتانەکە بەپێی پێویستی و مەترسیی ئەو پەتایە نییە؟ ئایا ڤاکسین تا چەند بەرگری لە جەستەی مرۆڤ دروست دەکات بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو پەتایە؟ ئەو جۆرە ڤاکسینانەی بۆ کوردستان دابین کراوە، چین و ژمارەو ڕێژەیان تا ئێستا چەندە؟**

- جیاوازی لەنێوان ڤاکسینەکان نییە و، هەر سێ لەو ڤاکسینانەی لە هەرێم بەردەستە وەک ڤایزەر و ئەنترازینیکا و سینۆ فارما، هەر هەموویان لە ڕووی زانستی تەندروستی کاریگەریی زۆر باشیان هەیە. لە بەرنامەی نیشتمانی عێراقیش بەردەوام پشکی هەرێمی کوردستان دەگات و، ئێستا لە پاش ئەوەی خەڵک ناوی خۆی تۆمار دەکات بۆ لێدانی ڤاکسین، ئەوە زۆر بە خێرایی دەگەڕێتەوە، وەکو سەرەتا و چەند مانگێک پێش ئێستا نییە کە

دوابکەوێت و هەر سێ جۆر لە ڤاکسینەکان بە بێ جیاوازی بۆ بەهێزکردنی بەرگریی لەشی مرۆڤ لە دژی ڤایرۆسەکە زۆر گرنگن. هەر بۆیە لێرەدا دڵنیایی بە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان دەدەین، کە متمانەیان بە ڤاکسینەکان هەبێت و، هۆکارێکی زۆر بەهێز و گرنگە بۆ بەهێزبوونی بەرگری و پاراستنی مرۆڤەکان لەو پەتایە و پێویستە هەموو ئەو کەسانەی دیاریکراون، ئەو ڤاکسینانە وەربگرن، وەرگرتنی ئەو ڤاکسینە وا دەکات بەرگریی لەشی مرۆڤ بەهێزتر بێت و شەڕی ڤایرۆسەکە بکات.

*** بۆ خێراتر وەرگرتنی ڤاکسین چەند بنکە و سەنتەری وەرگرتنی ڤاکسین لە هەموو هەرێم بەگشتی و لە پارێزگای هەولێر بەتایبەتی دانراون، ناوەناوەش دەبیستین بۆ هەندی توێژی جیاجیا بنکە و شوێنی وەرگرتنی ڤاکسین دەکەنەوە، ئەمە بۆ کێیە و چۆنە، بۆ نموونە بۆ خانەنشینان و خاوەن پێداویستیی تایبەت؟**

- ئێستا بەگشتی لە هەرێمی کوردستان بۆ وەرگرتنی ڤاکسین زیاتر لە ١٧١ سەنتەر هەیە، و لەناو شارو و قەزا و ناحیەکانی سنووری پارێزگای هەولێریش نزیکەی ٥٠ سەنتەری وەرگرتنی ڤاکسین هەیە. هەروەها بۆ چەندین چین و توێژی تایبەتیش- وەك کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت و خانەنشیان- تاوەکو ماندوو نەبن و بە خێرایی و بە ماوەیەکی کەم ڤاکسن وەربگرن، ئەوا سەنتەر و کاتی تایبەتمان بۆ کردوونەتەوە و ئەوان دەتوانن لە نزیکترین سەنتەر لە ماڵ و شوێنی نیشتەجێبوونیان وەربگرن، ئەمەش هەر خەمخۆریی حکومەتی هەرێمە بۆ خەڵکی کوردستان تاوەکو پارێزراو بن لەو ڤایرۆسە و وەرگرتنی ڤاکسین گرنگترین ڕێکارە بۆ خۆپارێزی و هێورکردنەوەی دۆخەکە لەو پەتایە.

*** ئایا بۆ هەندێ کەس هەردوو ژەمی ڤاکسنیشی وەرگرتووە، هەر تووشی پەتاکە دەبێت، هەیە گیانیشی لەدەست داوە، ئەمە چۆنە؟**

- زۆرجار باس لەوە دەکرێت ئەو کەسە ڤاکسینی وەرگرتووە و تووشی کۆڕۆنا بووە، بەڵام وەرگرتنی ڤاکسین زۆر گرنگە بۆ هەموو کەسێك، چونکە لە کاتێکدا تووشی ڤایرۆسەکەش بێت، ئەوە ڤاکسینەکە شەڕی ڤایرۆسەکە دەکات، لەبەر ئەوەی هێزی بەرگریی لەش زۆر بەرز دەکاتەوە و تا ئاستێکی باش مرۆڤەکان لە مردن ڕزگار دەکات. هەروەها لە کاتێکدا لەگەڵ شارەزایان و پسپۆڕان لەناو وەزارەتی تەندروستی و لەدەرەوەش لە نەخۆشخانەکان لەگەڵ پزیشکان قسە بکەیت، ئەوە بۆت ڕوون دەبێتەوە، زۆربەی زۆری ئەوانەی لە چاودێریی چڕدان، یان لە سەنتەر و نەخۆشخانەکان بە هۆی ئەو ڤایرۆسەوە خوێندراون، ئەو کەس و خەڵکانەن کە ڤاکسینیان وەرنەگرتووە.

*** ئایا بڕیارە لێدانی ڤاکسین بۆ هاووڵاتیان زیاتر و خێراتر بکرێت؟**

- هەرچی پێویست بکات بۆ زیاتر خزمەتکردن و پارستنی گیان و ژیانی هاووڵاتیان حکومەتی کوردستان و وەزارەتی تەندروستی و هەموو دامودەزگا تەندروستییەکان ئامادەیە و دەیگرێتەبەر و ئەو سەنتەر و بنکانەی ئێستا لە کوردستان لە شار و شارۆچەکان دیاری کراون، بۆ وەرگرتنی ڤاکسین بەپێی پێویستن و زیاتریش پێویست بێت ئەوە بە دڵنیاییەوە ئەو سەنتەرانە دەکرێتەوە. بەڵام ئەوەی زیاتر لێرە گرنگە ئاماژەی پێ بکەین، ئەوەیە کە پێویستە هاووڵاتیان بەرەو وەرگرتنی ڤاکسین بچن و دڵنیابن تا ئەوپەڕی متمانەوە وەرگرتنی ڤاکسین یەکێکە لە ڕێکارە هەرە پێویست و گرنگەکان بۆ خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا.

*** بڕیارە کارتی پێکوتە بە خەڵك بدرێت، مەرج بۆ ئەو کارتە چییە و گرنگیی کارتەکە چییە و مەرجەکانی چین؟ گوایە ئەو کارتە لە هەموو وڵاتانی جیهان قبووڵە و کاری پێ دەکرێت؟**

- تا ئێستا زیاتر لە ٤٠ هەزار کارتی ڤاکسین لە هەموو هەرێمی کوردستان بۆ ئەو خەڵکانە کراوە کە پشکی زیاتر بەر هەولێر کەوتووە، کە زیاتر لە ٢٠ هەزار کەسە کە ئەو کارتەیان بۆ کراوە کە هەردوو ژەمی ڤاکسینەکەیان وەرگرتووە، مەرجەکەش زیاتر ئەوەیە کە کەسەکە هەر دوو ژەمی ڤاکسینی وەرگرتبێت. ئەو کارتەش لە هەموو وڵاتانی دنیا باوەڕ پێ کراوە.

**تا ئێستا لە هەرێم یەک ملیۆن و ١٠٠ هەزار ژەم ڤاکسین دابەش کراوە و لەلایەن هاووڵاتیانەوە وەرگیراوە**

**وەرگرتنی ڤاکسین زۆر پێویستە بۆ هەموو کەسێک تاوەکو بتوانرێت بەرگری لەشی بەهێزتر بێت و لەو پەتایە پارێزراو بێت**

**جیاوازی لە نێوان ڤاکسینەکان نییە و، هەر سێ لەو ڤاکسینانەی لە هەرێم بەردەستە وەک ڤایزەر و ئەنترازینیکا و سینۆفارما، هەر هەموویان لە ڕووی زانستی تەندروستی کاریگەریی زۆر باشیان هەیە**

**لە هەرێمی کوردستان بۆ وەرگرتنی ڤاکسین زیاتر لە ١٧١ سەنتەر هەیە، و لەناو شارو و قەزا و ناحیەکانی سنووری پارێزگای هەولێریش نزیکەی ٥٠ سەنتەری وەرگرتنی ڤاکسین هەیە**



# مامۆستایانی وانەبێژ داوای دامەزراندن و هەژمارکردنی ساڵی خزمەتیان دەکەن

**مامۆستایانی وانەبێژ لە چەند ناوچەیەکی هەرێمی کوردستان ماوەی چەند ساڵێکە لە ڕێگەی گردبوونەوە داوای دامەزراندن و هەژمارکردنی ساڵی خزمەتیان دەکەن، لە ئێستادا نزیکەی ٢٣ هەزار مامۆستای وانەبێژ لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان هەن، وەزارەتەکانی دارایی و پەروەردەش لە سەر ئەوە ڕێککەوتن، چارەسەری کۆتایی بۆ ئەو خواستەی مامۆستایانی وانەبێژ بدۆزنەوە و کێشەکەیان بە میکانیزمێکی نوێ چارەسەر بکرێت.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

سەرەتا محەمەد عوسمان کەریم کە مامۆستایەکی وانەبێژە، لە ئاخافتنێکدا بۆ گوڵان داواکارییەکانی لە چەند خاڵدا دەخاتەڕوو: «یەکەم: دامەزراندنی مامۆستایانی وانەبێژ لە کەرتی پەروەردە، چونکە ساڵانێکی زۆرە دامەزراندن لە کەرتی پەروەردە نەکراوە، سەرەڕای خانەنشینبوونی ژمارەیەکی زۆری مامۆستایان و فەرمانبەرانی ئەم کەرتە، پێویستیشە لە کاتی دامەزراندنی مامۆستایانی وانەبێژ ڕەچاوی (ساڵی وانەبێژ و ساڵی دەرچوون و کۆنمرە و پسپۆڕی) بکرێت. دووەم: «حکومەتی هەرێم مامۆستایانی وانەبێژ بکاتە گرێبەست تا ئەو کاتەی هەنگاوەکانی پرۆژەی چاکسازی لە مووچەی مووچەخۆراندا جێبەجێ دەکرێت، بە بڕینی مووچەخۆری ناشایستە، بەمەش مامۆستای وانەبێژی شایستەی پێ دابمەزرێنێت. سێیەم: تا ئەو کاتەی دۆخی ئابووریی هەرێمی کوردستان جێگیر دەبێت. مامۆستایانی وانەبێژ بەردەوام بن لە وانەبێژی بەم مەرجانەی خوارەوە:

أ — بە نووسراو و فەرمانی ڕەسمی وەزارەتی پەروەردە مامۆستایانی وانەبێژ لانەدرێن لە کاتی هاتنی مامۆستای میلاك لە کاتی ڕێکخستنی میلاکات و وەك مامۆستای میلاك حیساب بکرێن. ب - دیاریکردنی بڕە پارەیەکی دیاریکراو جێگیر نزیکەی (٥٠٠) هەزار دینار کە بە بەردەوام پێیان بدرێت لە هاوین و زستان، نەك تەنیا لە کاتی دەوام، بەوەش مامۆستایانی وانەبێژ دەتوانن بژێوی ژیانیان دابین بکەن، هەروەها کێشەی بە شەوانە وانەبێژان و ئەرکی بەڕێوەبەر لە ڕێکخستنی لیستی مووچەی وانەبێژان کەمتر دەبێتەوە و جیاوازیی نێوان مامۆستای میلاك و وانەبێژ لە ئەرك و فەرمانی قوتابخانە نامێنێت و، پرۆسەی پەروەردە باشتر هەنگاو دەنێت».

ئەو مامۆستایە کێشەکانی مامۆستایانی وانەبێژی لەم چەند خاڵەدا خستەڕوو: یەکەم: نەبوونی هیچ نووسراوێکی فەرمی لە نێوان وانەبێژ و وەزارەتی پەروەردە. دووەم: نەبوونی هیچ یاسایەك لە پەرلەمان وەك یەکەمەکانی زانکۆ کە بە یاسا دەڵێت هەرکات زانکۆکان پێویستیان بوو، دادەمەزرێن، بەڵام لە پەروەردە ئەو یاسایە بوونی نییە. سێیەم: نەبوونی دۆسیەی تایبەت بە وانەبێژان لە زۆربەی پەروەردەکان. چوارەم: نەدانی شایستەی دارایی لە کاتی خۆی کە زۆربەیان کرێی ڕێگا دەدەن. پێنجەم: حیساب نەکردنی پارە بۆ وانەبێژ لە کاتی تاقیکردنەوەکان کە وەك میلاك چاودێرە و لە لیژنەی وردبینیشە. شەشەم: کەمتەرخەمیی پەروەردەکان کە لە کاتێکی زوو فەرمانی کارگێڕی بۆ وانەبێژ دەرناکات، ئەوەش وا دەکات کە جۆریك لە پەرش و بڵاوی دروست بێت، وانەبێژ هەبووە ئەم ساڵ لە سەرتاوە دەوامی کردووە، کەچی ئێستا پێی دەڵێن ناوت نەهاتووەتەوە، ئایا ئەی ئەو ساڵە دەوامی کردووە، بە خۆبەخش بووە؟ ئەوەش بە هیچ پێوەر و یاسایەك قابیلی قبووڵکردن نییە».

عوبێد خدر گۆمەشینی سەرپەرشتیاری پەروەردەییە و جەخت لەوە دەکاتەوە کە «بابەتی مامۆستایانی وانەبێژ یەکێکە لەو بابەتانە گرنگانەی کە پێویستی بە چارەسەرێکی بەپەلە هەیە، چونکە ڕێژەیەکی زۆری مامۆستای وانەبێژ لە قوتابخانە و ناوەندەکانی خوێندن لە هەرێمی کوردستان هەن، چەند ساڵێکە بە هۆی نەبوونی پلەی دامەزراندن لە وەزارەتی پەروەردە و کەمیی میلاکی مامۆستایان لە ناوەندەکانی خوێندن، چ ئەو مامۆستایانەی ساڵانە بە هۆی تەواوکردنی خزمەتی وەزیفییان خانەنشین دەبن و، چ ئەوانەش بە هۆی مردن و نەخۆشیەوە ڕێژەیان کەم دەبێتەوە، ئەمەش وا دەکات بۆشاییەکی زۆر لە قوتابخانەکان دروست ببێت». هاوکات دەڵێت: «ساڵانە ڕێژەیەکی زۆری قوتابیی زانکۆ و پەیمانگاکان لە کۆلیژ و بەشە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان دەردەچن، بە ئومێدی ئەوەی دواتر لەو بەش و پسپۆڕییەی تەواویان کردووە، لە یەکێك لە ناوەندەکانی خوێندن کار لە پسپۆڕییەکەی خۆیان بکەن، کە وەك پیشەیەك بۆ بژێوی ژیان و داهاتووی خۆیان سوودمەند بن، بەڵام بەداخەوە لە ساڵی ٢٠١٤وە بە شێوەیەکی فەرمی دامەزراندن لە هەموو وەزارەت و فەرمانگەیەك ڕاگیراوە، دەرچووی زانکۆمان هەیە، شەش، حەوت ساڵە تەواوی کردووە، کەچی تا ئێستا لە هیچ شوێنێك دانەمەزراوە، لە هەرێمی کوردستان بە هۆی نالەباریی بارودۆخی سیاسی و ئابووری و شەڕی داعش، جگە لەوەش نەبوونی پلانێکی تۆکمەی ساڵانە لەلایەن وەزارەتەکان بۆ دامەزراندنی نەتوانراوە ڕێژەیەك بە گوێرەی پێویستی ساڵانەی هەر وەزارەتێك دابمەزرێن.» گوتیشی: «من وەك سەرپەرشتیاری پەروەردەیی داوا لە حکومەت و جەنابی وەزیری پەروەردە دەکەم بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی ڕێگە چارەیەکی گونجاو بۆ کێشەی مامۆستایانی وانەبێژ بدۆزنەوە، چونکە مامۆستایانی وانەبێژ چەند ساڵێکە بە بڕە پارەیەکی کەم و دیاریکراو، ڕۆڵی کاریگەریان لە ناوەندەکانی خوێندن بینیوە و نەیانهێشتووە پرۆسەی خوێندن بوەستێ و هەرەس بێنێ.» وەك دوا وتەشی گوتی: «یەکێك لە گرفتەکانی مامۆستایانی وانەبێژ ئەوەیە ماوەیەك لە قوتابخانە وانە دەڵێنەوە، دواتر کە مامۆستای میلاکیان بۆ هات، دەنێردێنەوە ماڵەوە، ئەوە جگە لەوەی دڵنیا نین لەوەی ساڵی داهاتوو فەرمانی کارگێڕییەکەیان بۆ نوێ دەکرێتەوە، یان لە هەمان شوێن و هەمان بابەت و هەمان بەشەوانەی پێ دەدرێتەوە، یان پێیان دەڵێن ئێوە زیادن و پێویستمان بە ئێوە نییە».

لەتیف حوسێن، بەڕێوەبەری پەروەردەی شارباژێڕ سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «ماوەیەکی زۆرە مامۆستایانی وانەبێژ کێشە و ناڕەزایی و داخوازییان هەیە، ئەگەرچی وەزارەتی پەروەردە و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پەروەردە چەندین جار لەسەر ئەو بابەتە قسەیان کردووە و، بە هەندیان وەرگرتووە، بەڵام بە هۆی ئەوەی دۆخی دارایی حکومەتی هەرێم لەبار نەبووە، نەتوانراوە داخوازییەکانیان جێبەجێ بکرێت، من وەکو بەڕێوەبەرێکی پەروەردە ئەو داوایەیان بە مافێکی شەرعی دەزانم و پێویستە هەموومان گوێیان لێ بگرین، بەڵام پێویستە ڕەچاوی دۆخی ئابووریی هەرێم بکرێت، تەنانەت بەهۆی قەیرانەوە فەرمانبەر و مووچەخۆرانی حکومەت لە ڕابردوودا وەکو پێویست مووچەکانیان وەرنەگرتووە. بە خۆشحاڵییەوە لە ئێستادا کۆدەنگییەك هەیە بۆ ئەوەی ئەو کێشەیە بە میکانیزمێکی باشتر چارەسەر بکرێت، جگە لەوەش پێویستە هەوڵبدرێ لە داهاتوودا هەنگاوی بە گرێبەست کردنیان، یان بە هەمیشەیی کردنیان خێرا تر بکرێت، چونکە مامۆستاسانی وانەبێژی گرێبەست ئەمری واقعن و بەشێکی دانەبڕاون لە کەرتی پەروەردە، بە تایبەت پەروەردەی دەرەوەی شارەکان و پێویستە داخوازییەکانیان بە هەند وەربگیرێت».

**ساڵانێکی زۆرە دامەزراندن لە کەرتی پەروەردە نەکراوە، سەرەڕای خانەنشینبوونی ژمارەیەکی زۆری مامۆستایان و فەرمانبەرانی ئەم کەرتە**

**وانەبێژ هەبووە ئەم ساڵ لە سەرتاوە دەوامی کردووە، کەچی ئێستا پێی دەڵێن ناوت نەهاتووەتەوە، ئایا ئەی ئەو ساڵە دەوامی کردووە، بە خۆبەخش بووە؟ کە خۆبەخش بووە، نابێ بزانێ؟ وەک ئەوەیە بە فێڵ دەوام بە کەسێ بکرێ**

**لە ساڵی ٢٠١٤وە بە شێوەیەکی فەرمی دامەزراندن لە هەموو وەزارەت و فەرمانگەیەک ڕاگیراوە، دەرچووی زانکۆمان هەیە، شەش، حەوت ساڵە تەواوی کردووە، کەچی تا ئێستا لە هیچ شوێنێک دانەمەزراوە**

**وەک سەرپەرشتیاری پەروەردەیی داوا لە حکومەت و جەنابی وەزیری پەروەردە دەکەم بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی ڕێگە چارەیەکی گونجاو بۆ کێشەی مامۆستایانی وانەبێژ بدۆزنەوە**

# هاووڵاتیان لە گرانیی نرخی چارەسەرییەکانی نەخۆشخانە ئەهلییەکان نیگەرانن



«پێشتر زۆرم لە بارەی گرانیی نرخی پشکنین و دەرمان لە نەخۆشخانە ئەهلییەکان گوێ لێ ببوو، بەڵام زۆر کاریگەر نەبوو لام، تا ئەو کاتەی براکەم گرێیەك لە سەری پەیدا بوو، دکتۆر داوای چەند فەحسێکی کرد، چووینە خەستەخانەی حکوومی، گوتیان ئەو فەحسانە تەنیا لە نەخۆشخانەی رزگاری دەکرێت و پێویستە سرەی بۆ دابنرێت، ئێمەش لەبەر ئەوەی دکتۆرەکە پێی ڕاگەیاندبووین کە ئەو گرێیە گومانی پیسبوونی لێ دەکرێت، بە پەلە چووین بۆ نەخۆشخانەیەکی ئەهلیـ دوای یەکەم فەحس هەر لەوی گوتیان دەبێ ئەشیعەی رەنین و کومەڵێ فەحس و زەرعی بە پەلەی بۆ بکەن، ئەوانیشمان هەر لەوێ کرد، ئەمجارە چەندین فەحسی دیکەیان پێ کردینەوە، جگە لە پارەی زەرع، پارەی دکتۆرەکە بە جیا وەردەگیرا کە مۆخەکەی دەردەهێنا، پارەی موختەبەریش بە جیا، خوا ئاگادارە نزیکەی دوو هەفتە لەم نەخۆشخانەیە ئەم سەر و ئەو سەریان پێ کردین، دەرەقەتی ئەو هەموو قەرزە نەهاتین، براکەم ئوتۆمبیلەکەی نارد، بۆیان فرۆشت، ئاخیر جار کە هیچ فەحسێك نەما بیکەن، گوتیان نەخۆشییەکەی عایدی ئێمە نییە، عایدی نەخۆشخانەی نانەکەلییە و بیبەن بۆ ئەوێ، لە کاتێکدا ئەوان دەیانزانی کە براکەم چەند دەستکورت و نەدارە، ئەوان هەر زوو دەیانزانی ئەو دەردەیەتی و عایدی ئەوان نییە، کە چووینەوە نانەکەلی هەموو فەحسەکانیان دووبارە کردەوە، تەنانەت زەرعی مۆخیشیان بۆ کردەوە بەڵام هەمووی بە خۆڕایی.» ئەوە وتەکانی ژیان فەتحوڵا بوو کە مامۆستایە لە پەروەردەی دەشتی هەولێر، وەك دواوتەشی گوتی: «داواکارم وەزارەتی تەندروستی سنوورێك بۆ ئەو نەخۆشخانە ئەهلییانە دابنێت، چونکە پاراستنی گیانی نەخۆش لە ئەستۆی ئەواندایە».

هاووڵاتی سمکۆ عەونی، هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «بەداخەوە کەرتی گشتی تەندروستی شکستی هیناوە و کەرتی تایبەتیش لەم نێوەندەدا سوودی وەرگرتووە، بۆیە گرنگ و پێویستە حکومەت و وەزارەتی تەندروستی هەوڵ بۆ پێشخستنی کەرتی گشتی بدەن و چاودێری زیاتری کەرتی تایبەت بکەن، من خەڵك دەناسم بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشەکانیان خانوویان فرۆشتووە، یان قەرزی زۆریان کردووە و کەوتوونەتە سەر ساجی عەلی، لەم کوردستانە بیمەی تەندروستی نییە، وەزعی تەندروستی باش نییە، لێرە ئەوەی نەخۆشێکی

**لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا ژمارەی نەخۆشخانە ئەهلییەکان لە هەرێمی کوردستان بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، بەشێکی هاووڵاتیانی جەخت لەوە دەکەنەوە، نەخۆشخانە حکومییەکان باشترن و ئەو نەخۆشخانە تایبەتانە بە بێ سانسۆر و چاودێری کار دەکەن. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان زیاتر ئەو بابەتە تاوتوێ دەکەن.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**



هەبێت، تووشی ماڵوێرانی دەبێت، جگە لەوەی گرانیی چارەسەرییەکان کاریگەریی خراپ لە سەر دەروونی نەخۆش دروست دەکات و پاشەکشە بە چاکبوونەوەی دەکات. چارەسەر و مانەوەی تەنیا یەك شەو لەم نەخۆشخانانە لە داهاتی یەك مانگی زۆرینەی خەڵك زیاترە».

د. ڕێبین شێخ عەزیز بەرزنجی پزیشکی ددان وبەڕێوبەری بەشی کاروباری هونەری لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی تەندروستیی هەولێر، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «تاوەکو ئێستا نەبوونی چاودێری بە سەر نەخۆشخانە ئەهلییەکان بووەتە سەرچاوەی کێشە بۆ ئەو کەسانەی کاریان دەکەوێتە نەخۆشخانە ئەهلییەکان، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ڕۆڵی چاودێریی پێویست لەلایەن وەزارەتی تەندروستی و لاوازیی کاری سەندیکا پەیوەندیدارەکان بە بواری پزیشکی و تەندروستی.» هاوکات گوتی: «یەکێك لە کێشە گەورەکان تاوەکو ئێستا بریتییە لە نەبوونی یاسایەکی تایبەت بە نەخۆشخانە تایبەتەکان و کەرتی تایبەت. لە حاڵەتی نەبوونی یاسایەکی لەوجۆرە دەبوایە وەزارەتی تەندروستی و دام و دەزگاکانی کاریان بە یاسا فیدرڕاڵییەکانی تایبەت بە نەخۆشخانە ئەهلییەکان کردبا، بەتایبەت یاسای ژمارە ٢٥ ی نەخۆشخانە ئەهلییەکانی ساڵی ١٩٨٤، کە بەرژەوەندی و مافی نەخۆشی تێدا پارێزراوە. لەلایەکی دیکەشەوە تەواوی سەندیکاکان لاوازن بە هۆی کۆنیی یاساکانیان و دانانی خەڵکانێك بە دامەزراندن بە بێ پرۆسەی هەڵبژاردن و بەستنی کۆنگرە و ڕێکخستنەوەی یاساکانیان، سەرباری هەبوونی ململانێی سیاسیی حزبەکان لەناو سەندیکاکاندا کە وای کردووە، ئاوڕێك لە پاراستنی مافەکانی نەخۆش نەدەنەوە و پشتگوێی بخەن.» گوتیشی: «ئومێدمان وایە لە کابینەی نۆیەمی حکومەت ئەم بابەتە بە جددی هەوڵی چارەسەری بۆ بدرێت و سنوورێك بۆ ئەم هەموو پێشێلکارییانە دابنرێت دەرهەق بە مافی نەخۆش، ئەویش بە دانانی یاسایەکی شیاو بۆ کاری نەخۆشخانە ئەهلییەکان و کاراکردنەوەی سەندیکا پزیشکییەکان بە هەڵبژاردن و بەستنی کۆنگرەکانیان و هەموارکردنەوەی یاساکانیان بە ئاراستەی خزمەتکردنی هاووڵاتیان و پاراستنی مافی نەخۆش».

د. دلۆڤان محەمەد فاتح بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستی هەولێر سەبارەت بە نرخی نەخۆشخانە ئەهلییەکان و بەدواداچوونەکانیان دەڵێت: «لەو بارەیەوە ئەو زانیارییانەی لای من هەبێت، ئەوەیە سەرەڕای ئەوەی لیژنەی تایبەتمان لە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان هەیە، هەروەها بەشی پشکنین و بەدواداچوونمان هەیە، هاوکات تیممان هەیە سەردانی ئەو نەخۆشخانانە دەکەن بۆ چاودێریی نرخەکان و بەدواداچوونی هەر سکاڵایەك دەکەن کە نەخۆش پێشکەشی بکات، هەروەها لە وەزارەتی تەندروستیش لیژنەیەکی باڵا هەیە بۆ پێداچوونەوە و بەدواداچوونەکان لە سکاڵای نەخۆش لەبارەی نرخەکان بێت یان خزمەتگوزارییەکانی نەخۆشخانە ئەهلییەکان، لیژنەیەکی دیکەمان لە وەزارەتی تەندروستی هەیە، بۆ پێداچوونەوە بە یاسایەك بە مەبەستی ئامادەکردنی یاسایەك بۆ نەخۆشخانە ئەهلییەکان کە نرخیان بۆ دیاری بکرێت، هەروەها چۆنیەتی کارکردنی پزیشك و کارمەندانی تەندروستی لەو نەخۆشخانە ئەهلییانە، دەتوانین بڵێین بەشێك لە نەخۆشخانە تایبەتەکان پابەندن بە ڕێنماییەکان، ئێمەش لە بەدواداچوونەکانمان بەردەوام دەبین و لیژنەکان لێپێچینەوە لەو نەخۆشخانانە دەکەن کە خزمەتگوزارییان باش نییە، یان نرخی چارەسەرییان جێگیر نییە.

**نزیکەی دوو هەفتە لەم نەخۆشخانەیە ئەم سەر و ئەو سەریان پێ کردین، دەرەقەتی ئەو هەموو قەرزە نەهاتین، براکەم ئوتۆمبیلەکەی نارد، بۆیان فرۆشت**

**داواکارم وەزارەتی تەندروستی سنوورێک بۆ ئەو نەخۆشخانە ئەهلییانە دابنێت، چونکە پاراستنی گیانی نەخۆش لە ئەستۆی ئەواندایە**

**گرنگ و پێویستە حکومەت و وەزارەتی تەندروستی هەوڵ بۆ پێشخستنی کەرتی گشتی بدەن و چاودێری زیاتری کەرتی تایبەت بکەن**

**من خەڵک دەناسم بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشەکانیان خانوویان فرۆشتووە، یان قەرزی زۆریان کردووە و کەوتوونەتە سەر ساجی عەلی**

**لەم کوردستانە بیمەی تەندروستی نییە، وەزعی تەندروستی باش نییە، لێرە ئەوەی نەخۆشێکی هەبێت، تووشی ماڵوێرانی دەبێت**

# بەیان بەهۆی دایکایەتی و ژن بوونیەوە
# باجی قورسی بە ژیان داوە، بەڵام کۆڵی نەداوەو گرەوی لە ژیان بردۆتەوە

زۆرن ئەو ئافرەتانەی بوونەتە قوربانیی دەستی پیاو و بە هۆی ئەرکی دایکایەتی باجی قورس دەدەن، تەنانەت زۆرجار کۆمەڵگەش بەهۆی ژن بوونیەوە بێ بەزەییانە کۆمەڵێ یاسا و ڕێسای بەسەردا دەسەپێنێت.

گولان: کۆمەڵایەتی



بەیان بەهزاد ئەو ئافرەتە تەمەن ٤٠ ساڵەیە کە وەك خۆی باسی کرد، ساڵانێك لەگەڵ نەخۆشیی جەنگاوە و دواجار شکستی بە شێرپەنجە هێناوە.

ئەو ئێستا لەگەڵ سێ منداڵەکەی دەژی. لەو ماوەیەدا چ وەك هاوسەرێك و چ وەك دایکێك رووبەڕووی کۆمەڵێك کەندو کۆسپی گەورە بووەتەوە و باسی ئەوەش دەکات کە گەورەترین نەهامەتییەکانی لەو کاتەوە دەستی پێکردووە، کە پزیشکییەکەی لەوە ئاگاداری کردووەتەوە کە تووشی نەخۆشیی شێرپەنجە بووە.

بەیان پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە بە وەرەی بەرز و پشتیوانیی خوا و عەشقی منداڵەکانی توانیویەتی بەسەر نەخۆشییەکەیدا زاڵ بێت و بەیەکجاری لەو دەردە رزگاری بێت.

بەیان بەمجۆرە بەسەرهاتی ژیانی خۆی بۆ خوێنەرانی گۆڤاری گوڵان باس دەکات:» من و هاوسەرەکەم دوو منداڵی جوانمان بە ماندوو بوون و شەونخونی گەورە کرد، ساڵانێکی زۆر تاڵی و سوێری ژیانم چەشت، بەڵام، گیرفانم لە لەگەڵ گیرفانی هاوسەرم جیا نەبوو، شان بەشانی ئەو و بگرە زۆر جار زیاتریش لەو کارم دەکرد، ئەوەی لە داهاتی خۆمان کۆمان کردبووەوە، خانوو و زەویمان پێ کڕی، هەمووشی بەناوی هاوسەرەکەم کران، چونکە ئەوم لە گیانی خۆم خۆشتر دەویست، هیچ بەلامەوە گرنگ نەبوو بە ناوی کاممان بێت. ئەویش زۆر رێزی دەگرتم و بۆ منداڵەکانیش باوکێکی نموونەیی بوو. بەڵام دوای ئەوەی دەرکەوت تووشی نەخۆشی شێرپەنجە بووم، زۆر گۆڕا.

کاتێك لە پزیشکەکەمم بیست تووشی شێرپەنجە بووم، ئەو هەواڵە بۆ من هێدمەیەکی زۆر گەورە بوو، شەو و رۆژ دەگریام بۆ منداڵەکان و بۆ هاوسەرەکەم نەك بۆ ژیانی خۆم، چارەسەرەکەم بە جوانی دەڕۆیشت و بە قسەی پزیشکەکان قۆناغێکی سەختم تێپەڕاند، بەڵام هاوسەرەکەم تەنیا دووساڵ تەحەمولی کرد، دوای ئەوە مامەڵەی لەگەڵم گۆڕا، زوو زوو سەفەری دەرەوەی دەکرد، زۆر شتی لێم دەشاردەوە، چونکە ئەو وای دانابوو من دوای دوو ساڵ دەمرم، دواتر زانیم هاوسەرگیری لەگەڵ کچە خاڵەکەی کردووە، ئەو کچە خاڵەی دەیان جار هاتۆتە ماڵەکەم و نمەکی دەستی کردووم، بەڕاستی ئەو دۆخە کاریگەریی خراپی لەسەر تەندروستیشم دروست کرد.

لەو کاتە ناخۆشانەدا هاوسەرەکەم پشتی تێکردم مەسروفی خۆم و منداڵ و تەنانەت نەخۆشخانەش کەوتە سەرشانی ماڵی باوکم، ئەوان وەك هاوسەرەکەم لە نیوەی رێگە بەجێیان نەهێشتم و دایکم بۆ یەك جاریش دەستی بەرنەدام، زۆر بێزار بووم تەنیا دڵخۆشیم منداڵەکانم بوو و لە پێناو ئەوان حەزم بە مانەوە لە ژیان دەکرد لە خوای گەورە دەپاڕامەوە تەندروست و سەلامەت و تەمەن درێژم بکات تا ئەو کاتەی منداڵەکانم گەورە دەکەم، بۆیە بە وەرەی بەرز و پشتیوانیی خوا و عەشقی منداڵەکانم توانیم بەسەر نەخۆشییەکەدا زاڵ بم.

کاتێك بێوەفایی هاوسەرەکەم و پەرتەوازەیی منداڵەکانم و فرمێسکەکانی چاوی دایکمم بینی وەرەم بەرزکردەوە و هەموو هێز و توانای جەستەمم کۆ کردەوە بۆ رووبەڕووبوونەوەی نەخۆشییەکەم، ئیدی وازم لە گریان و نوزە نوز هێنا و وام دانا ئەو پیاوە هەر بوونی نییە و پشتم بە خوا بەست، بۆ خۆم و منداڵەکانم ژیام، راستە رۆژانی زۆر سەختم بەڕێکرد ئازاری زۆرم چەشت بەڵام ماندوو بوونەکەم بێ ئەنجام نەبوو، دوو منداڵی وەك گوڵم هەیە دوو پەپوولەی باڵ نەخشین تام و رەنگ و بۆنی خۆشییان بە ژیانم بەخشیوە.

وێڕای بێوەفایی و بێ مەوقفی هاوسەرەکەم بەڵام هەرگیز نەبوومەتە رێگر لە بینینی منداڵەکان چونکە پێموایە هەمیشە نەرمی و لێبووردەیی دەیباتەوە، راستە ئەو لە دڵی مندا شوێنێکی بۆ خۆشەویستن نەماوە، بەڵام ئەو باوکی منداڵەکانمە و لەبەر خاتری ئەوان تا ماوم رێزی لەسەر چاومە.

**کاتێک لە پزیشکەکەمم بیست تووشی شێرپەنجە بووم، ئەو هەواڵە بۆ من هێدمەیەکی زۆر گەورە بوو، شەو و رۆژ بۆ منداڵەکان و بۆ هاوسەرەکەم دەگریام**

**هاوسەرەکەم تەنیا دووساڵ تەحەمولی کرد، دوای ئەوە مامەڵەی لەگەڵم گۆڕا، زوو زوو سەفەری دەرەوەی دەکرد، چونکە ئەو وای دانابوو من دوای دوو ساڵ دەمرم**

**کاتێک بێوەفایی هاوسەرەکەم و پەرتەوازەیی منداڵەکانم و فرمێسکەکانی چاوی دایکمم بینی هەموو هێز و توانای جەستەمم کۆ کردەوە بۆ رووبەڕووبوونەوەی نەخۆشییەکەم**




# لە ئەڵمانیا یازدەیەمین خولی فێستیڤاڵی فیلمی کوردی «بەرلین» بەڕێوە چوو

**یازدەیەمین خولی فێستیڤاڵی فیلمی کوردیی «بەرلین» بە نمایشی بەرهەمی سینەماکارانی کورد و وڵاتانی بیانی، لە بەشە جۆراوجۆرەکانی چیرۆکی بەڵگەفیلم و، هەورها بەشی پێشبڕکێی «کورتە فیلم» لە شاری بەرلین لە وڵاتی ئەڵمانیا بەڕێوە چوو.**

**مەنسوور جیهانی**

یازدەیەمین خولی فێستیڤاڵی فیلمی کوردیی «بەرلین» Berlin لە لایەن کۆمپانیای سینەمایی میتۆس فیلم (mîtosfilm)ی ئەڵمانی بە بەرپرسیاریی سینەماکاری کورد «مەمەد ئەکتاش» Mehmet Aktas، لە دەرهێنانی «کانی مەعرووف» Kani Marouf فیلمسازی کورد و بە نمایشی بەرهەمی سینەماکارانی کورد و وڵاتانی بیانی لە بەشە جۆراوجۆرەکانی چیرۆکی، بەڵگەفیلم و هەروەها بەشی پێشبڕکێی «کورتە فیلم» بە شێوەی ئامادەبوون و ڕچاوکردنی هەموو ڕێکارە تەندروستییەکان، هەروەها بە شێوەی ئۆنلاین بۆ هۆگرانی هونەری سینەما لە سەرتاسەری دنیا، لە ڕۆژانی ١٤ تا ٢٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١ لە سینەماکانی «بابیلۆن» BABYLON، «مۆڤیمێنتۆ» Moviemento و «ئێف ئێس کەی» FSK لە شاری بەرلین لە وڵاتی ئەڵمانیا بەڕێوە چوو.

فێستیڤاڵی فیلمی کوردیی بەرلین لە ساڵی ٢٠٠٢ دامەزراوە و، بە گەورەترین فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لە سەرتاسەری ئەورووپا دێتە ئەژمار.

ڕێوڕەسمی کردنەوەی یازدەیەمین خولی فێستیڤاڵی فیلمی کوردیی «بەرلین» لە کاتژمێر حەوتی ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە ١٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١ بەڕێوە چوو و، لە کاتژمێر ٧:٣٠ شەو بە نمایشی فیلمی سینەمایی «ئەزموون» The Exam لە دەرهێنانی (شەوکەت ئەمین کورکی) لە سینەما «بابیلۆن»ی شاری بەرلین بە شێوەی فەرمی دەستی پێکرد و، پاشان کۆڕی وەڵام و پرسیاری ئەم فیلمە بە ئامادەبوونی دەرهێنەر، هەروەها (ئاڤان جەمال و حوسێن حەسەن) ئەکتەرانی ئەم بەرهەمە کوردییە بەڕێوەچوو.

**بەرنامەی فێستیڤاڵەکە بەم شێوەیە بوو:**

لە ڕۆژی هەینی ١٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١ و لە کاتژمێر ٢:٤٥ی دوانیوەڕۆ بەڵگەفیلمی بڵندی «ئابوور» Abur لە دەرهێنانی هاوبەشی (گوڵ ئێرتۆنان کارا ئەسڵان) Gül Ertunan Karaaslan و (سێدات کیران) Sedat Kıran لە وڵاتی بەریتانیا و، لە کاتژمێر پێنجی ئێوارە نمایشی بەرهەمەکانی بەشی پێشبڕکێی «کورتە فیلم یەك» لە سینەما «مۆڤیمێنتۆ» و هەروەها لە کاتژمێر ٧:٣٠ی شەو فیلمی سینەمایی «لایەنێکی دیکە لە ڕووبار» The other side of the river لە دەرهێنانی

«ئانتۆنیۆ کیلیان» Antonia Kilian لە سینەما «بابیلۆن» لە شاری بەرلین نمایش کران.

لە ڕۆژی شەمە ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١ و لە کاتژمێر ٢:٤٥ی دوانیوەڕۆ فیلمی سینەمایی «کیسەڵەکانیش دەتوانن بفڕن» Turtles Can Fly، لە دەرهێنانی سینەماکاری ناوداری کورد «بەهمەن قوبادی» لە سینەما «مۆڤیمێنتۆ»، لە کاتژمێر سێی دوانیوەڕۆ و، بەڵگەفیلمی بڵندی «ئامازۆن شارێکی گەورە» Amazonen einer Großstadt لە دەرهێنانی «دایس ئۆدۆرمات» Thais Odermatt کاتژمێر پێنجی ئێوارە لە سینەما «بابیلۆن»پێشکەش کرا، نمایشی بەرهەمەکانی بەشی پێشبڕکێی «کورتە فیلم دوو»، لە کاتژمێر حەوتی شەو، فیلمی سینەمایی «دوای ڕووخان» Après la chute لە دەرهێنانی سینەماکاری کورد «هونەر سەلیم» و هەروەها لە کاتژمێر ٩ی شەو فیلمی سینەمایی «پارێزەریی برا» Brother‘s Keeper لە دەرهێنانی «فەرید کاراهان» Ferit Karahan لە سینەما «مۆڤیمێنتۆ» نمایش کرا.

لە ڕۆژی یەکشەمە ١٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١ و لە کاتژمێر سێی دوانیوەڕۆ نمایشی بەرهەمەکانی بەشی دەرەوەی پێشبڕکێی «کورتە فیلم»، لە کاتژمێر چواری دوانیوەڕۆ صصو لە بەشی «سینەمای منداڵان» کورتە فیلمەکانی «بیرەوەرییە زستانییەکان» لە دەرهێنانی زەهرا کەبابیان و، «باڵەکۆلارە» لە دەرهێنانی سەید پەیام حسێنی و «زەیزان» Ziazan لە دەرهێنانی دەریا دورماز Derya Durmaz نمایش کران، لە کاتژمێر پێنجی ئێوارە بەڵگەفیلمی «برای بێدەنگی» Brother‘s of Silence لە دەرهێنانی تایلان مێنتاش Taylan Mintaş و، لە کاتژمێر حەوتی ئێوارە فیلمی سینەمایی «کیلۆمەتر زێرۆ» KilomÈtre ZÉro لە دەرهێنانی «هونەر سەلیم» و هەروەها لە کاتژمێر ٩:١٥ی شەو بەڵگەفیلمی بڵندی «ئەوینی کورد» Kurdish lover لە دەرهێنانی کلاریس هان Clarisse Hahn لە سینەما «مۆڤیمێنتۆ» نمایش کرا.

هەر لە بەردەوامیی ئەم چالاکییانەدا لە ڕۆژی دووشەمە ١٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١ و لە کاتژمێر سێی دوانیوەڕۆ، بەڵگەفیلمی بڵندی «نامەیەك بۆ باوکم» A letter to my dad لە دەرهێنانی ئیبراهیم سەلمان، لە کاتژمێر ٤:٤٥ فیلمی سینەمایی «ڕەشەبا» The Dark Wind لە دەرهێنانی سینەماکاری کورد حوسێن حەسەن و، لە کاتژمێر حەوتی ئێوارە بەڵگەفیلمی «هەڵەبجە: منداڵانی ونبوور» Halabja: the lost children لە دەرهێنانی «ئەکرەم هیدوو» Akram Hidou لە سینەما «مۆڤیمێنتۆ» نمایش کران، هەروەها لە کاتژمێر حەوتی ئێوارە دەستکرا بە نمایشی بەرهەمەکانی بەشی ئەزموونی لە سینەما FSK و لە کاتژمێر ٩ی شەویش فیلمی سینەمایی «سرتە لەگەڵ با» Whisper With the Wind لە دەرهێنانی سینەماکاری کورد شەهرام عەلیدی نمایش کران و، لە کاتژمێر پێنجی ئێوارەش کۆڕی ئەدەبیی (جەمیل شاهین) لەگەڵ (داستان جەسیم) نووسەری کتێبی «لەگەڵ هەموو سەگەکان بمرە» ALLE HUNDE STERBEN.

لە ڕۆژی سێشەمە ١٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١ و لە کاتژمێر ٢:٣٠ی دوانیوەڕۆ بەڵگەفیلمی بڵندی «خاڵکۆ» Xalko لە دەرهێنانی هاوبەشی سامی مێرمێر (Sami Mermer) و «هیند بێنچێکرۆم» Hind Benchekroun، لە کاتژمێر ٤:٤٥ بەڵگەفیلمی بڵندی «بەهەشت!» (Para-!dies! Paradies) لە دەرهێنانی کوردوین ئەیووب Kurdwin Ayub، لە کاتژمێر ٦:٤٥ نمایشی بەرهەمەکانی بەشی پێشبڕکێی «کورتە فیلم ١» لە سینەما «مۆڤیمێنتۆ» و هەروەها لە کاتژمێر ٧ی ئێوارە نمایشی بەرهەمەکانی بەشی پێشبڕکێی «کورتە فیلم ٢» لە سینەما FSK نمایش کران.

لە ڕۆژی سێشەمە ١٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١ و لە کاتژمێر ٩ی شەو بەڵگەفیلمی بڵندی «نانی پیرۆز» Holy Bread لە دەرهێنانی ڕەوانشاد «ڕەحیم زەبیحی»، لە بەرهەمهێنانی سینەماکاری کورد «توورەج ئەسڵانی» و بەرهەمی کۆمپانیای سینەمایی «مادموڤی» MAAD Movie لە سینەما «مۆڤیمێنتۆ» لە شاری بەرلین نمایش کران.

لە ڕۆژی چوارشەمە ٢٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١ و لە دوایین ڕۆژی یازدەیەمین خولی فێستیڤاڵی فیلمی کوردی «بەرلین» و لە کاتژمێر ٣:٣٠ فیلمی سینەمایی «بیرەوەرییەکانی سەر بەرد» Memories On Ston لە دەرهێنانی «شەوکەت ئەمین کورکی»، لە کاتژمێر ٦ی ئێوارێی «عەمەلیاتی ڕوماڵکردن» Heskîf + cleaning operation لە دەرهێنانی هاوبەشی «ئیلیف یگیت» Elif Yiğit و «باریس ستیوان» Baris Seyitvan، هەروەها ئەم ڕووداوە سینەماییە لە کاتژمێر ٨ی شەو بە نمایشی فیلمی سینەمایی «ئەزموون» The Exam لە دەرهێنانی «شەوکەت ئەمین کورکی» لە سینەما «مۆڤیمێنتۆ» لە شاری بەرلین لە وڵاتی ئەڵمانیا کۆتایی پێهات.

# هونەری کوردی بەردەوام دەدزرێت

هەمیشە هونەرمەندان و ئەکادیمیستانی بواری هونەری کوردی گلەیی ئەوە دەکەن کە هونەر و موزیکی رەسەنی کوردی لەلایەن نەتەوەکانی دیکەوە سوودی لێ بینراوە و، بەناوی نەتەوەو گەلانی دیکەوە بڵاو کراوەتەوە، بێ ئەوەی ئاماژە بە سەرچاوەکەی بکەن.

بەم دواییانە هونەرمەندی ناسراوی کوردی شەهرام نازری کە ماوەی چەندین ساڵە میدیاکانی ئێران بێ ئەوەی رەزامەندیی ئەویان هەبێت، بەرهەمە هونەرییەکانی بەکار دەهێنن، بۆیە لەم بارەیەوە گوتی: «ماوەی ٤٢ ساڵی بەردەوامە بەبێ ئەوەی ڕەزامەندیی منیان وەرگرتبێ و بەبێ ئەوەی مافی کۆپی ڕایتیان پاراستبێت و بێ ڕەچاوکردنی مافی مادی و مەعنەویم، دەنگ و میوزیکی من بڵاو دەکرێتەوە».

شەهرام نازری پێشتر و لە ساڵی ٢٠١٦ لەو فێستیڤاڵەی کە خەڵاتی تەندیسی فەرهەنگ و هونەری لە شاری کرماشان پێشکەش کرا، ڕایگەیاند: «ئەگەر میدیای ئێران گۆرانیم بڵاو بکاتەوە، ئەوا من گۆرانی ناڵێم».

شەهرام نازری ساڵی ١٩٤٩ لە شاری کرماشان لەدایك بووە و لەبەر ئەوەی بنەماڵەکەی لایەنگری هونەر بوون، هەر لە منداڵییەوە دایکی لەگەڵ شیعر و ئاواز ئاشنای کردووە و، لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا کەڵکی لە شێعرەکانی مەولانا وەرگرتووە و، گۆرانییەکانی تێکەڵەیەکە لە شێوەی حیماسی و عیرفانی، بە گوتەی خۆی لە بواری شانامەخوێنیی فارسیدا داهێنانی کردووە، هاوکات چەندین گۆرانیی کوردی و شانامەی کوردیشی چریوە، کە دەنگدانەوەی باشی هەبووە.

شەهرام نازری، لە ماوەی زیاتر چوار دەیە کاری هونەریی خۆیدا لە ئاستی ئێران و ناوچەکە و جیهاندا، چەندین خەڵاتی بەرچاوی وەرگرتووە، کە ناسراوترینیان خەڵاتی خەڵاتەکانی (لوژیۆن دۆنۆر و شوالیەی ئەدەب و هونەری)ی فەرەنسایە کە پێی بەخشراوە.

# ئەدیل بە چەند سەعاتێک ١٠ ملیۆنی کۆکردەوە

بەم دواییە خانمە گۆرانیبێژی بەریتانی (ئەدیل) نوێترین کلیپیی خۆی بە ناوی (Easy on Me) لەسەر پێگەی تایبەتی خۆی لە یوتیوب بڵاوکردەوە و لە ماوەیەکی زۆ کورتدا لە رووی بینینەوە ژمارەیەکی پێوانەیی تۆمار کرد.

ئەلبوومە نوێیەکەی ئەدیل بە ناوی (٣٠)ە و لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا گۆرانیی (Easy on Me) زیاتر لە ١٠ ملیۆن بینەری هەبووە، گۆرانییەکە باس لە خۆشەویستی پێشووی و پەیوەندیی ئەدیل بە کوڕەکەیەوە دەکات.

ئەدیل بە یەکێك لەو گرنگترین گۆرانیبێژانە دادەنرێت، کە خاوەنی بەهرەیەکی راستەقینە و دەنگێکی ناسك و بەهێزە، یەکەم دەرکەوتنیشی لە ساڵی ٢٠٠٨ بوو، کاتێك یەکەم ئەلبوومی پێشکەش کرد، کە سەرکەوتنێکی بێ وێنەی بەدەستهێنا و دوای بڵاوکردنەوەی بڕی شەش ملیۆنی لێ فرۆشرا، لە لایەکی دیکەوە ئەم ساڵ توانیی خەڵاتی گرامی بەدەست بهێنێت.

ئەم گۆرانییە نوێیەی ئەدیل وەك وەڵامێکە بۆ ئەنجیلۆی کوڕی، سەبارەت بە هۆکاری جیابوونەوەی لەگەڵ سایمۆن کۆنیکیی کۆنە هاوسەری.

لەلایەکی دیکەوە ئەدیل رایگەیاند کە بە هۆی وەرزشی بەردەوام و چارەسەری دەروونییەوە توانیویەتی لەو دڵەڕاوکێیە رزگاری ببێت، کە پێش ماوەیەك تووشی هاتبوو و نزیکەی ٤٥ کیلۆگرامی کێشی دابەزاندووە، هەروەها رەتی کردەوە کە بەنیاز بێت هیچ گەشتێکی هونەری دوای بڵاوکردنەوەی ئەلبوومەکەی ساز بکات، بە هۆی رێکارەکانی خۆپارێزی لە پەتای کۆڤید ١٩.

**سەرچاوە: العربیة**





# No Time To Die
# گەورەترین سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت



کۆمپانیای یونیڤێرساڵ پیکچەرزی تایبەت بە بەرهەمهێنانی فیلمی سینەمایی رایگەیاند کە دوایین بەشی زنجیرە فیلمەکانی جیمس بۆند (No Time To Die) توانیویەتی گەورەترین سەرەتا بەدەست بهێنێت و، لە ماوەیەکی زۆر کەمدا داهاتەکانی گەیشتە زیاتر لە ٣٤ ملیۆن دۆلار.

No Time To Die دوایین بەشی زنجیرە فیلمەکانی جیمس بۆندە کە ئەکتەر بەریتانی دانییل کریج رۆڵی تێدا دەبینێت، توانی بگاتە پلەی شەشەم لە زنجیرەی ئەو فیلمانەی کە لە رووی داهاتەوە لە مێژووی سینەمای بەریتانی باشترین دەستپێکیان هەبووە، ئەم دەستپێکەش هیوایەکی بۆ سینەمای بەریتانی گەڕاندەوە، دوای ئەوەی لە ماوەی رابردوودا بەهۆی بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا و بەهۆی دواخستنی نمایشکردنی، ئەم فیلمە بۆ چەندین جار تووشی دارمانێکی بێ وێنە هاتبوو.

ماوەی فیلمەکە دوو کاتژمێر و ٤٣ خولەکە، بەمەش دەبێتە درێژترین فیلم لە زنجیرەکانی جیمس بۆند کە گەیشتۆتە ٢٥ فیلم، بەڵام سەرەڕای گەورەیی فیلمەکە، رەخنەگرانی بواری سینەمایی پێیان وایە کە ماوەی فیلمەکە زۆر درێژە، لەم فیلمەدا هەریەکە لە رامی مالك و لاشانا لینش رۆڵیان تێیدا هەیە.

ئەم فیلمە لە ٥٤ وڵات نمایش دەکرێت و تا ئێستا داهاتی زیاتر بووە لە ١٣٠ ملیۆن دۆلار، بەمەش دەبێتە یەکەم کاری هۆلیۆد کە بتوانێت لە سەرەتای نمایشکردنیدا ١٠٠ ملیۆن دۆلار تێبپەڕێنێت، بێ ئەوەی لە وڵاتی چین نمایش بکرێت.

**سەرچاوە:** https://asharq.com/ar






# دەنگ و رەنگی ژنانە




بۆ ئاشنا بوون بە هەستی ژنانە، وا پێویست دەکات گوێ لە دەنگی ئەوان بگرین و تەماشای رەنگ و سیمای داهێنانی ئەوان بکەین، لەنێو شێوەکارییشدا نیگار پێگەیەکی تایبەتی هەیە، خەسڵەتێکی نەرم و نیانی هەیە و، رەنگ و هێڵ دەخاتە خزمەتی هونەرمەندی کارامەوە، بۆ ئەوەی زمانی داهێنەرانەی خۆی گەلاڵە بکات، لەمەشدا مەرج نییە هەموو کاتێك بەرهەمی خانمی شێوەکار بە دەوری جوغزی خەمی ژنانەدا بسوورێتەوە، زۆر خانمی شێوەکار هەن دوور لە بابەتی رەگەز کار دەکەن و، لەنێو خولگەی مرۆڤانەدا وەك مرۆڤ بیر دەکەنەوە و داهێنان دەکەن.

ئەوەی لێرەدا مەبەستمە بیخەمە روو، بەرهەمەکانی خانمە شێوەکارێکی شاری کفرییە (گولاڵە حەمید) ئەو لە روانگەیەکی قووڵی هزرییەوە هاتووەتە گۆ، لە دنیای مێیینەوە خۆی بە گۆڕەپانی هونەری شێوەکاریدا کردووە، لە گەرمیانی زێدی گولاڵە خاندا، تراژیدیا رواڵەتی هەرە دیار و بەرجەستەیە بە دۆخی ژنانی ئەو دەڤەرەوە. گەرمیان بە مکوڕ بوونێکی

# گولاڵ





**هەرچەندە شێوەکاری پیاو بیەوێت وەك زمانحاڵی ژن بێتە دەنگ، پێم وا نییە بتوانێت بە تەواوی پەی بە قووڵایی دنیای مێیینە ببات، پێچەوانەی ئەوەش هەر راستە. خەسڵەتی جڤاکی ئێمەش وایە، بەو جۆرەی لە هەموو بوارێکدا دەروازە بە رووی نێرینەدا کراوەیە، ئافرەتان لە بازنەیەکی زۆر تەسکدا لە گەلێك بواردا دەجووڵێنەوە.**

**تاریق کارێزی**

زۆرەوە توانیویەتی ناسنامەی خۆی بەرانبەر بە هەموو شاڵاوەکانی ریشەکێشکردنی کورد وەك بوون و کولتوور بپارێزێت، ئەو بەرەنگارییەی مرۆڤی ئەو دەڤەرەی کوردستان دژ بە داگیرکەرانی خاکی نیشتمان نواندوویەتی، باجێکی قورسی (لە نموونەی شاڵاوی ئەنفال) ویستووە، لێرەوە رایەڵێکی دژواری تراژیدیای مرۆڤ خۆی نواندووە، لە بەرهەمی گولاڵەشدا بەرجەستە بووە.

گولاڵە حەمید بەرهەمی خۆی تەنیا بە تراژیدیای ئافرەتانی دەڤەرەکەی خۆی قەتیس نەکردووە، بەڵکو وەك خانمێکی شێوەکار لە هەر شوێنێك پرکێشی کرابێتە سەر شکۆی خانمانی وڵاتەکەی، لە هەر گۆشەیەکەوە تاریکایی و لێڵایی تەم و گومانی بەسەر دنیای ئافرەتەوە دیبێت، هاتووەتە دەنگ، زمانی ستاتیکای خۆیی کردووەتە گوتارێکی کارا و کاریگەر، بۆ ئەوەی خەمی قووڵی ژنانەی پێ بخاتە روو.

لە رووی تەکنیکەوە کاری بەو ئاراستەیە کردووە، شێواز و ستایلی خۆی هەبێت، ئەم هەوڵەی ئەویش تا رادەیەك بە ئاکام گەیشتووە و، رایەڵێکی بەتین لەنێوان مرۆڤ و شوێن دروست دەکات، بە جۆرێك وەك دوو فیگەر ئاوێزانی یەك دەبن، ئەوان دەبن بە دوانەیەکی لە یەکدی دانەبڕاو و ئاوێتە بە یەك، کە لە تەواوی ئەو هەوڵەی خۆیدا دەیەوێت هونەر زادەی ژینگە و خەیاڵی نێو دەوروبەر بێت، ئەمەش مۆرکی خۆماڵی و تایبەتمەندی بە هونەر دەدات، بۆیە دەبینین پەنجە مۆری شوێن و رواڵەتی ژیان و ژینگە بە چڕی خۆی لە تابلۆی ئەودا دەنوێنێت.

ئەم هونەرمەندە لە قۆناغێکی گەورەی ئەزموونداییە، قسەی ئێمە لە بارەی کۆی بەرهەمەکانی نییەتی، بەڵکوو ئێمە باسی دوایین پیشانگای ئەو دەکەین کە لە شاری کفریدا کردیەوە، ئەو لە جۆشدانیی شوێن و شوێنەوار و بەکارهێنانی وەك تانوپۆی تابلۆدا سەرکەوتوو بووە، گوتارێکی چڕی دیدەیی و جوانییەکی باڵا پیشان دەدات، بەڵام هەندێك جاریش، مۆرکی پۆستەر گوتاری ستاتیکاییانەی ئەو لە جوغزی هزر دادەبڕێت و، بەرەو جیهانی پۆستەری دەبات، واتە بە زمانێکی زۆر راستەوخۆ دێتە گۆ، ئەمەش دۆخێکە کە پێویستە هونەرمەند تێی بپەڕێنێت.

سرووشت عومەر

یاریزانی فوتساڵی یانەی سیروانی نوێ:

# پێویستە میدیای ناوخۆیی زیاتر گرنگی بە وەرزشی کچان بدات



پارێزگای سلێمانی خاوەنی چەندین تیپی جۆراوجۆرە لە یارییە وەرزشییەکاندا کە خاوەنی ئەنجامی شایستەن، تیپی فوتساڵی یانەی سیروانی نوێ-ش، یەکێکە لەو تیپانەی کە لە داهاتوودا چاویان لە ئەنجامی گەورەیە لە سەر ئاستی کوردستان و عێراق، یانەکەش خاوەن تیپێکی تۆکمەی پڕ لە یاریزانی ئاستبەرزە، بۆ ئەوەی بتوانن بەم کچە یاریزانانە کێبڕکێ لەسەر ئەنجامی شایستە بکون لە خولی فوتساڵی نایابی کوردستان، سرووشت عومەر یەکێکە لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یانەکە و لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٣ی شاری سلێمانییە، پێشتریش بۆ یانەکانی باکوور و ناوەراستی عێراق و چەندین یانەی دیکەی کوردستان یاریی کردووە و، ئێستاش یاریزانی یانەی سیروانی نوێیە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد.

دیمانە: کارزان کانەبی



* ئاستی یاریی فوتساڵ چۆن دەبینیت کە ساڵانە خولتان بۆ دەکرێتەوە؟
- لە ئێستادا گرنگیی زیاتر بە تۆپی فوتساڵی کچان دەدرێت و، لەچاو پێشتردا پێشکەوتنی زیاتری بەخۆیەوە بینیوە، یانەکانیش گرنگیی زیاتر بەم یارییە دەدەن.

* کەمیی ئەنجامدانی پاڵەوانێتی تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەو پێش نەچێت؟
- بێگومان ئەنجامنەدانی پاڵەوانێتی هۆکاری سەرەکییە بۆ بەرەوپێش نەچوونی ئەم یارییە، یانەکان و یاریزانان بەردەوام ئامادەکاری و راهێنان دەکەن، بەڵام ئەگەر خول و پاڵەوانێتی نەبێت بەدڵنیاییەوە سارد دەبنەوە.

* پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی یاریی فوتساڵ ئاستی بەرز ببێتەوە؟
- پێویستە گرنگیی زیاتر بەم یارییە بدرێت، ئەمەش بە کردنەوەی خول و پاڵەوانێتیی بەردەوام، پێویستە لەلایەن یانەکانەوە گرنگییەکی زیاتر بەم یارییە و یاریزانانی فوتساڵ بدرێت، هەروەها پێویستە میدیای ناوخۆیی زیاتر گرنگی بە وەرزشی کچان بدات، بۆ بەرەوپێشچوونی ئاستی ئەم یارییە.

* گرفتی ئەم یارییە لە چیدا ڕەنگ دەداتەوە؟
-گرفتی سەرەکیی ئەم یارییە نەکردنەوەی خول و پاڵەوانێتییە، کە وەك پێویست نییە و، هەروەها گرنگی نەدانی یەکێتییە وەرزشییەکان و یانەکان بە تیپەکانی کچان بە گشتی و فوتساڵی کچان بە تایبەت.

* بەرنامەت بۆ داهاتووی خۆت چییە؟
- بەرنامەم زۆرە لە ژیانی وەرزشیمدا و هەوڵیان بۆ دەدەم، تا بتوانم لە داهاتوودا پشت بەخودای گەورە زیاتر ئاستی خۆم بەرەوپێش ببەم و، ببم بە جێگای متمانەی دەستەی راهێنەرانی یانەکەم.

* لەگەڵ ئەوەی یانەکان پشت بە راهێنەر و یاریزانی دەرەوە ببەستن؟
- نەخێر، بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ هێنانی راهێنەر و یاریزانی بیانی نیم، چونکە کوردستانیش یاریزان و راهێنەری ئەزموونی زۆرە، پێویستە یانەکان پشت بە ئەوان ببەستن، هەم یاریزان هەم راهێنەر، بۆ زیاتر پێشوەچوونی ئاستی ئەم یارییە گرنگە زیاتر دەرفەت بە یاریزانی خۆماڵی بدرێت.

* داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرس چییە؟
-هیوام وایە زیاتر گرنگی بە وەرزشی کچان بدەن، کردنەوەی خول و پاڵەوانێتی لە کاتی خۆیدا زۆر پێویستە بۆ سارد نەبوونەوەی یاریزانان، هیوادارم زیاتر پشتگیریی وەرزشیی کچان بکرێت.

*بەهیوای ئەوە نیت هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێ لەم یارییە؟
- بەدڵنیاییەوە ئەوە خەونی هەموو یاریزانێکە.

* بەچ یاریزانێکی جیهانی سەرسامیت؟
- کریستانۆ ڕۆناڵدۆ و مارسیلۆی بەرازیلی.

* خەونی وەرزشیت چییە وەکو یاریزان؟
- خەونی وەرزشیی من وەکو هەموو وەرزشکارێکی دیکە ببمە یاریزانێکی سەرکەوتوو، ئومێدەوارم بتوانم دریسی هەڵبژاردەکەم بپۆشم و خزمەتی وەرزشی کوردستان بکەم.

* ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتایدا؟
-سوپاس بۆ راهێنەر و دەستەخۆشکەکانم و خانەوادەکەم بکەم بۆ پاڵپشتییان، زۆر سوپاسی گۆڤاری گوڵان دەکەم، بۆ ئەو خزمەتە گەورەیەی بە وەرزشیی کوردستان دەکات.

# ئیکاردی

## هەڕەشەی جێهێشتنی پاریس سانت جێرمان دەکات

ماورۆ ئیکاردی هەڕەشەی ئەوە دەکات ئەگەر واندا نارای هاوژینی نەگەڕێتەوە لای، ئەوا ناچارە ریزەکانی یانەی پاریس سانت جێرمانی فەرەنسا جێبێڵێت.
رادیۆی مۆنتی کارلۆی فەرەنسی بڵاویکردەوە، دوای ئەو کێشەیەی لە نێوان ماورۆ ئیکاردی یاریزانی ئەرژەنتینی یانەی پاریس سانت جێرمانی فەرەنسا و واندا نارای خێزانی، کە لە هەمان کاتدا بەڕێوەبەری کارەکانیەتی دروست بوو ئەم خانمە شاری پاریسی جێهێشتووە، ئێستاش یاریزانەکە هەڕەشەی ئەوەی لێدەکات ئەگەر نەگەڕێتەوە لای، ئەو کات ناچارە ریزەکانی یانەی پاریس سانت جێرمانی فەرەنسا جێبێڵێت.
هەرچەندە زەرەرمەندی یەکەمی ئەم کارە خودی ئیکاردی دەبێت، بەڵام لە هەمان کاتدا واندا ناراش، کە بەڕێوەبەری کارەکانیەتی زەرەرمەند دەبێت و پارەیەکی باش لەدەست دەدات.
واندا نارا دوای ئەوەی لە یاریزانی ئەرژەنتینی ماکسی لۆپێز جیابووەوە، راستەوخۆ لە ٢٠١٤ پەیوەندی لەگەڵ ماورۆ ئیکاردی بەست، دوای نزیکەی هەشت ساڵ لە پێکەوە ژیان، هەفتەی رابردوو واندا نارا لە ئینستاگرام پۆستێکی کرد و ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، کە ئیکاردی خیانەتی لێکردووە و هەر بۆیە تەواوی وێنەکانی خۆی و ئیکاردی لە ئەکاونتەکانی لە سۆشیاڵ میدیا سڕییەوە.





## ئەرسین ڤینگەر لەگەڵ سەرجەم راهێنەرەکان کۆدەبێتەوە

یەکێتی تۆپی پێی جیهانی بانگهێشتی سەرجەم راهێنەری هەڵبژاردەکان و ژمارەیەك کەسایەتی وەرزشی گەورەی کردووە بۆ ئەوەی گفتوگۆ بکرێت لە بارەی بەڕێوەچوونی مۆندیال بۆ دوو ساڵ جارێك.
ئارسن ڤینگەر راهێنەری پێشووی ئەرسناڵ ئێستا بەرپرسی گەشە پێدانی فیفایە و سەرپەرشتیاری کۆبوونەوەکە دەکات و تێیدا تاوتوێی ئەوە دەکەن مۆندیال لە چوار ساڵەوە بۆ دوو ساڵ کەمبکرێتەوە.
یەکێتیی تۆپی پێی ئەورووپا لە یەکەمین کاردانەوەیدا ڕەتی دەکاتەوە بەشداری لە هەر خول و پاڵەوانێتییەکی نوێ بکەن، تەنانەت رازی نین ئەگەر دەستکاری خشتەی بەڕێوەچوونی مۆندیال و کەمکردنەوەی بۆ دوو ساڵ بکرێت.
ئارسن ڤینگەر راهێنەری پێشووی فەرەنسی لە لێدوانێکدا دەڵێت: ئامادەبوونی ژمارەیەك راهێنەری گەورەی هەڵبژاردەکان رۆڵێکی گەورە لە یەکلاییکردنەوەی ئەو گفتووگۆیانە دەبینێت، دەشڵێت: پێویستە سوود لەو خڕبوونەوە و بەشداریکردنی راهێنەرەکان ببینین، چونکە لە ئێستادا فیفا بیر لەوە دەکاتەوە مۆندیال دوو ساڵ جارێك بەڕێوەبچێت، ئەمەش پێویستی بە گفتووگۆیە، ئەگەر ئەم بیرۆکەیە سەربگرێت، دەبێت لە پێناو پشووی زیاتر بۆ یاریزانەکان، هەندێك لە پاڵەوانێتییەکانی ئەورووپا سنووردار بکرێن و کەمبکرێنەوە.
ڤینگەر، کە ڕاوێژکارێکی نزیکی جیان ئینفانتینۆی سەرۆکی فیفایە، جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەست بە نادادپەروەری دەکەن، کە مۆندیال چوار ساڵ جارێك بەڕێوەدەچێت، چونکە چەندان هەڵبژاردە هەیە تا ئێستا نەیتوانیوە بەشداریی مۆندیال بکەن.




# کەریم بنزیما لە باڵۆن دۆر بێبەش دەبێت

کەریم بنزیما لە لێدوانێکدا بە کەناڵ پلەسی فەرەنسی گوت: بردنەوەی باڵۆن دۆر خەونی منداڵیمە، زۆر یاریزانی هاوشێوەی رۆناڵدۆ و زیدان زۆریان پێشکەشی ریال مەدرید کردووە و تۆپی زێڕیان بردووەتەوە.
کەریم زیاتر دەڵێت: ئێستا بیر لەبردنەوەی خەڵاتەکە دەکەمەوە و بە دووری نابینم.
بنزیما ناوی لە لیستی ٣٠ بەربژێرەکەی فرانس فۆتبۆڵ دایە بۆ رکابەریکردن لەسەر بردنەوەی خەڵاتی باشترین یاریزانی جیهان، بەڵام بەپێی راپۆرتێکی رۆژنامەوانی رادیۆی مۆنتی کارلۆی فەرەنسی، دادگایی کەریم بنزیما دەکرێت بەهۆی ئەو رووداوەی هەڕەشەکاری سێکسی، کە بەرامبەر ماتیۆ ڤالبوێنا، یاریزانی پێشووی هەڵبژاردەی فەرەنسا کردی.
بەپێی راپۆرتەکە یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی بردنەوەی باڵۆن دۆر ئەوەیە، کە ئەو یاریزانەی خەڵاتەکەی پێدەدرێت پێویستە هیچ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی نەبێت و لە یاسای یاری خاوێنیشدا بێ کێشە بێت، بۆیەش بەهۆی ئەو کێشەیی، کە لەگەڵ ڤالبوێنا هەیبوو، یاریزانەکە ناتوانێت خەڵاتەکە بباتەوە.
دوایین یاریزانی فەرەنسی کە خەڵاتی باشترین یاریزانی جیهانی بردبێتەوە، زینەدین زیدان بووە لە ١٩٩٨.
کەریم بنزیما، بەهۆی ئەو ئاستە بەرزەی لەگەڵ ریال مەدرید و فەرەنسا پێشکەشی دەکات، بەشێکی هاندەران و چاودێرانی وەرزشی بە پاڵێوراو بۆ بردنەوەی باڵۆن دۆر ناوی دەبەن.

# برووسک پلانی تۆکمەی داناوە

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی برووسك ئەم وەرزە سەرکەوتووە بۆ خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، ئیدارەی یانەکەش پلانی هەیە، ئەم وەرزە لە یارییەکانی خولی پلەیەکیش هەنگاوێکی دیکە بنێت بۆ گەیشتن بە خولی نایابی یانەکانی کوردستان، بۆ ئەم مەبەستەش تیپەکە کۆمەڵێك یاریزانی باشی لە یانەکە کۆکردۆتەوە، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ناوی برووسك بچێتەوە نێو تیپە گەورەکانی کوردستان، لەم بارەشەوە محەممەد حەمە خان سکرتێری یانەی وەرزشیی برووسك بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ماوەی مانگێکە ئامادەکارییەکی چڕمان دەست پێ کردووە، بۆ وەرزی نوێی خولی پلە یەکی کوردستان، پشتمان بە یاریزانانی یانەکەمان بەستووە و چەند یاریزانێکیشمان هێناوە لە ریزی یانەکانی شەقلاوە و ئارارات و سۆران و هەولێر، بۆ ئەوەی بەم یاریزانانە شەڕی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە بکەین لەم وەرزە»، حەمە خان گوتیشی: « وەکو یانە ئامانجی ئێمە سەرەتا مانەوەیە



# پێشمەرگەی سلێمانی پشت لە خولەکانی کوردستان دەکات

بڕیار بوو ئەمساڵ لە خولی پلە نایاب، هیچ یانەیەك دانەبەزێ، بەڵام دواتر یانەی پێشمەرگەی سلێمانی دابەزێندراوە، لە بەرامبەریشدا یانەی پێشمەرگەی سلێمانی بڕیاریدا تەنیا بەشداری لە خولی پلە یەکی عێراقیدا بکات، بۆ ئەوەی یانەکە بگەیەننەوە بەخولی نایابی عێراقی، لەم بارەشەوە هەرێم بورهان یاریدەدەری راهێنەری یانەی وەرزشیی پێشمەرگەی سلێمانی بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «تیپەکەمان بەشداریی خولی کوردستان ناکات، تەنیا تیپەکانی لاوان و تازەپێگەیشتووان بەشدار دەبن، بەر لە کۆتاییهاتنی خولی نایابی کوردستان لە وەرزی رابردوو، بەیانەکان گوترابوو کە هیچ یانەیەك دانابەزێ، بە قسەی ئیدارەی پێشمەرگەی سلێمانی و ئەندامی یەکێتیی تۆپی پێی کوردستانیش واژۆیان کردووە کە هیچ یانەیەك دانەبەزێ، دواتر بڕیارەکە گۆڕاوە، زیاتر بە سیاسی کراوە، بۆیە ئیدارە بڕیاریداوە بەشداریی خولەکانی کوردستان نەکات، من وەکو راهێنەرێك قسە دەکەم، یەکێتیی تۆپی پێی کوردستان بێبەرنامەیی پێوە دیارە، بۆیە چەند یانەیەکی دیکەش بڕیاری بایکۆتی خولی کوردستانیان داوە، بڕیارەکان درووست نین و سیاسییانەن و هەندێك دادەبەزێت و هەندێك سەردەخرێ، خول بۆ کێبڕکێیە نەك بە ئارەزوو تیپ سەربخرێت، ئەوەش جێگای هەڵوەستەکردنە لە سەر یەکێتیی تۆپی پێی کوردستان»، هەرێم بورهان گوتیشی: «لەئێستادا سەرقاڵی ئامادەکاریین بۆ خولی پلە یەکی عێراقی و بەشدارین لە یارییەکانی جامی عێراقی، ئامانجمان سەرخستنی یانەی پێشمەرگەی سلێمانییە بۆ خولی پلە نایابی عێراقی و، هەموو ئامادەکارییەکانمان کردووە بۆ ئەم دوو خولە و، زیاتر گرنگی بە یاریزانانی خۆمان دەدەین، بۆ ئەوەی بتوانین ئاست و ئەنجامی شایستە پێشکەش بکەین بۆ گەیشتن بە خولی نایابی عێراقی، ئامادەکاریی زۆر باشمان کردووە و یاریزانی باشمان هێناوەتە ریزی یانەکە، بۆ ئەوەی بتوانین کاری گەورە ئەنجام بدەین، بۆ گەیشتن بە خولی نایاب.



له خولی یانه پله یه‌كان، ئینجا به‌ده‌ستهێنانی پلێتی سه‌ركه‌وتنه بۆ خولی نایابی یانه‌كانی كوردستان، ستافی راهێنه‌رانیش له هه‌ریه‌ك له مامۆستا كه‌یفی و مامۆستا كارزان و كاپتن هێرش پێك دێت، ده‌مانه‌وێت به‌م ستافه راهێنه‌ره ئه‌نجامی شایسته به‌ده‌ست بهێنین، له باره‌ی گرێبه‌ستی یاریزانانیش سكرتێری یانه‌ی وه‌رزشیی برووسك گوتیشی: «سه‌رجه‌م یاریزانانی یانه‌ی برووسك به مووچه یاری ده‌كه‌ن و، هیچ گرێبه‌ستێكمان له‌گه‌ڵ یاریزاناندا نییه، ئه‌گه‌ر پێویستمان به یاریزانان هه‌بێت له هێڵه‌كانی یاریكردن، ره‌نگه ئێمه بتوانین یاریزانی دیكه‌ش بهێنین، به‌ڵام جارێ ته‌نیا هێڵه‌كان پڕ ده‌كه‌ینه‌وه، ئیداره‌ی یانه‌كه‌ش هه‌موو پاڵپشتین بۆ ئه‌وه‌ی ئاستی تیپه‌كه‌مان به‌رز ببێته‌وه و بتوانین ئه‌م وه‌رزه‌ش ئاستی شایسته پێشكه‌ش بكه‌ین، متمانه‌ی ته‌واویشمان به یاریزانانی خۆمان هه‌یه، كه ده‌توانن كێبركێ سه‌رجه‌م یانه‌كانی دیكه‌ی كوردستان بكه‌ین له خولی پله یه‌كی كوردستان».



## رامیار ئازاد گرێبه‌ستی له‌گه‌ڵ یانه‌یه‌كی ئه‌ڵمانی نوێ كرده‌وه

یانه‌كانی ئه‌وروپا له ئێستادا گرێبه‌ستیان له‌گه‌ڵ چه‌ندین ئه‌ستێره‌ی یانه‌كانی كوردستان كردووه، بۆ ئه‌وه‌ی ئه‌م یاریزانه كوردانه بتوانن ئاست و ئه‌نجامی شایسته له خوله‌كان به‌ده‌ست بهێنن، رامیار ئازاد هێرشبه‌ر و گۆڵكاری پێشووی یانه‌ی وه‌رزشیی هه‌ولێر، ئه‌م وه‌رزه‌ش له‌گه‌ڵ یانه‌ی كیل(FC Kilia kiel) به‌رده‌وامه له یاریكردن، كه له پله پێنجی خولی ئه‌ڵمانی یاری ده‌كات، له باره‌ی نوێكردنه‌وه‌ی گرێبه‌سته‌كه‌شی رامیار ئازاد بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئه‌و یانه‌یه یانه‌یه‌كی زۆر باشه بۆ من، ماوه‌ی دوو ساڵه له‌گه‌ڵ ئه‌و یانه‌یه به‌رده‌وامم، گرێبه‌ستی من مانگی حه‌وتی ساڵی داهاتوو له‌گه‌ڵ ئه‌م یانه‌یه كۆتایی دێت، یانه‌ی (FC Kilia kiel) یه‌كێكه له یانه كۆنه‌كانی وڵاتی ئه‌ڵمانیا، كه مێژووی دامه‌زراندنی بۆ ساڵی ١٩٠٢ ده‌گه‌ڕێته‌وه، ئه‌م وه‌رزه‌ش ئاستێكی به‌رزمان پێشكه‌ش كردووه له شه‌ش یاریی سه‌ره‌تای خوله‌كه‌د له خولی (landesligaya) ٣٠ گۆڵمان تۆماركردووه، ده‌مه‌وێت ئه‌م وه‌رزه‌ش له‌گه‌ڵ یانه‌كه بتوانم ببمه گۆڵكاری خوله‌كه و ئاستێكی به‌رز پێشكه‌ش بكه‌م، تا ئێستاش هیچ گرفتێكم نییه له‌گه‌ڵ ئه‌و یانه‌یه و، وه‌كو یاریزانێكی كورد گرنگیی زیاتر به ئاستی خۆم ده‌ده‌م، یارییه‌كانی خولی ئه‌ڵمانیا ته‌واو جیاوازه له‌گه‌ڵ خوله‌كانی دیكه»، رامیار ئازاد له باره‌ی ئاستی خۆشی گوتی: «خولی ئه‌ڵمانی خولێكی



به‌هێزه و یاریزانی ئاست به‌رزی ده‌وێت، ئه‌م وه‌رزه‌ش ئاستی باشم پێشكه‌ش كردووه له‌گه‌ڵ یانه‌كه‌م، بۆیه ده‌مه‌وێ له سه‌ر ئه‌و ئاسته به‌رده‌وامبم، بۆ ئه‌وه‌ی بتوانم زیاتر گرنگی به ئاستی خۆم بده‌م»، له باره‌ی گرێبه‌ستی دیكه‌ش ئه‌م یاریزانه هێرشبه‌ره گوتی: «چه‌ندین گرێبه‌ستم هه‌بووه له یانه‌كانی دیكه، به‌ڵام بۆمن ئه‌و یانه‌یه له هه‌موو لایه‌نیه‌ك باشتر و گونجاوتره‌و، ده‌مه‌وێت ئه‌نجامی گه‌وره‌تر له‌گه‌ڵ ئه‌و یانه‌یه به‌ده‌ست بهێنم.

# زیانەکانی خواردن درەنگانی شەو

ئەوە سەلمێندراوە کە لە نێوان پێوانەی تێکرای بارستایی لەش BMI و ڕێژەی چەوریی لەش لەگەڵ کاتی خواردن و، هاوکات لەگەڵ کاتژمێری بایۆلۆژیی لەشدا Circadian clock پەیوەندییەکی تەواو هەیە، هەروەها ئاستی هۆرمۆنی میلاتۆنین Melatonin لە لەشدا کە سووڕی نووستن و بێداری ڕێك دەخات. لەکاتی شەودا ئاستی تێکرای میتابۆلیزمی لەش BMR دادەبەزێت، خواردن لەکاتی شەو و بەتایبەتی لە درەنگانی شەودا، میتابۆلیزمی لەش هێشتا زیاتر دادەبەزێنێت، ئەمەش هاندەرە بۆ زیادبوونی کێشی لەش و قەڵەوی. زیانەکانی دیکەی خواردن لە درەنگانی شەودا ئەمانەن: گرفت لە توانای فێربوون و بیرهاتنەوەدا، بەرزبوونەوەی ئاستی شەکری خوێن، گرفتەکانی پەیوەست بە زیاد و کەم خواردن و شڵەژانی ئارەزووی خواردن، گەڕانەوەی ترشەڵۆکی گەدە بۆ بەشی خوارەوەی سووڕێنچك GERD، ناڕەحەتیی جیاواز لە کۆئەندامی هەرسدا، بەتایبەتی زیاد دەردانی ترشەڵۆکی گەدە و دڵەکزێ Heartburn، تێکچوونی سووڕی دروستی خەو، کاریگەریی نێگەتیڤ لە ئافرەتی دووگیاندا بە شێوەی تێکچوونی میتابۆلیزمی لەشی دایك و زیان بۆ تەندروستیی کۆرپە. بۆ خۆپاراستن لەم گرفتانە، پسپۆڕان ڕێنمایی دەکەن کە ژەمی ئێوارە بەلای کەم ٢-٣ کاتژمێر پێش کاتی نووستن بێت، تا دەرفەتی گونجاو بۆ کۆئەندامی هەرس هەبێت، بۆ ئەوەی کە بەر لە ڕاکشان خۆراك هەرس بکات.

# بۆچی کۆڤید ١٩ بۆ منـ

لەکاتی تووشبوون بە کۆڤید١٩ لە گەورەکاندا، ڤایرۆسی کۆرۆنا جگە لە کۆئەندامی هەناسە، زۆربەی ئەندامە گرنگەکانی لەش دەگرێتەوە، وەك: کۆئەندامی دڵ و سووڕان، گورچیلەکان، کۆئەندامی دەمار، پێست..تاد، بەڵام کە منداڵ تووشی کۆڤید١٩ دەبێت، ئەوا ڤایرۆسی کۆرۆنا زیاتر دوچاری ڕێڕەوی سەرەوەی کۆئەندامی هەناسە دەبێت، واتە دەم و لووت و قورگ، کە هۆکارە بۆ دەرکەوتنی نیشانەکانی هاوشێوەی




## ـــداڵ مەترسیی زۆری نییە؟



هەڵامەت. جگە لەمە، ژمارەی پرۆتینە وەرگرەکانی ACE٢ لە سییەکانی منداڵدا کەمترە بەراورد بە ژمارەی ئەم وەرگرانە لە سییەکانی گەورەکاندا، بۆیە بەگشتی منداڵ بە شێوەیەکی سووکتر لە گەورەکان دوچاری کۆڤید١٩ دەبێت. ئەم پرۆتینانە وەرگری سەرەکین بۆ چوونەژوورەوەی ڤایرۆس بۆ لەش، پاشان گەشەکردن و زیادبوونی ژمارەی ڤایرۆسەکان لە کۆئەندامی هەناسە و تەشەنەکردنی هەوکردن بۆ بەشەکانی دیکە لەش. نیشانەکانی تووشبوون بە کۆڤید١٩ لە منداڵدا سووکن، بە شێوەی: بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی لەش، سەرئێشە، کرانەوەی قوڕگ، کۆکەی وشك، لەگەڵ هەستکردن بە ماندووبون کە لە ماوەی ١-٢ هەفتەدا لەخۆیانەوە نامێنن، بەڵام ژمارەیەکی کەمی تووشبووان بە سەختی دەیگرن و دوچاری نیشانەی توندتر دەبن، کە لەوانەیە پێویستیان بە خەواندان لە یەکەی چاودێریی چڕدا ICU هەبێت.

## ئەو تووشبووانەی زوو لە کۆڤید١٩ چاک دەبنەوە



بەگشتی تووشبووانی کۆڤید کە نیشانەکانیان سووکن و خاوەن تەندروستییەکی جەستەیی و دەروونی باشن، زووتر چاك دەبنەوە، بەڵام زۆربەی هەرە زۆریان لە ماوەی ١٤ رۆژدا بە تەواوی چاك دەبنەوە. ئەو تووشبووانەی کە زوو لە کۆڤید ١٩ چاك دەبنەوە، خاوەن کاردانەوەیەکی بەردەوامی دژتەنەکانن لە لەشیاندا Antibody sustainers، کە بۆ ماوەی چەند مانگێك پاش چاکبوونەوە بەردەوام دەبێت. پسپۆڕانی تەندروستی لە هەوڵدان کە سوود لەم زانیارییانە وەربگرن، بە مەبەستی بەدەستهێنان و پەرەپێدانی ڤاکسینێکی کاریگەرتر بۆ ڤایرۆسی کۆرۆنا، ئاماژە بەوەش کراوە کە ئەو کەسانەی بەرگریی بەهێزیان بەرانبەر بە کۆڤید١٩ هەیە، ئەوا بۆ ماوەیەکی کورتر دوچاری نیشانەکان دەبن، کە بەگشتی بەراورد بە زۆربەی کەسانی تووشبووی دیکە لە ١٠ رۆژ کەمترە، کە نیشانەکانیان بۆ ماوەی ١٤-١٦ رۆژ بەردەوام دەبن. تێبینی ئەوەش کراوە کە ئاستی خانەکانی T و B کە دوو جۆری خڕۆکە سپییەکانی خوێنن و، رۆڵیان لە بەهێزکردنی سستمی بەرگریی لەش و زووچاکبوونەوە لە کۆڤید١٩ هەیە. زۆربەی منداڵە تووشبووەکان بە کۆڤید١٩ لە ماوەی تەنیا یەك هەفتەدا چاك دەبنەوە، هەرچەندە لە رێژەیەکی زۆر کەمی تووشبوواندا، نیشانەکان درێژە دەکێشن، یان سەختتر دەبن.



# بۆچی خوێ بە ژەهری سپی ناوزەد دەکرێت؟

گەلێك سەرچاوەی پزیشکی خوێ هاوشێوەی شەکر بە ژەهری سپی White poison ناوزەد دەکەن، چونکە زیادخواردنی دەبێتە ئەگەری بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، کە بە گەورەترین هۆکاری مردنی پێشوەختە بە هۆی نەخۆشیی دڵ، یان جەڵتەی مێشك Stroke هەژمار دەکرێت. جگە لەمە، ئەوەش سەلمێنراوە کە وەرگرتنی بڕی زیادی خوێ لە خۆراکدا، هاندەرە بۆ تووشبوون بە شێرپەنجەی گەدە. ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی ئاماژەی بەوە کردووە کە پێویستە لەسەر هەر وڵاتێك کە تا ساڵی ٢٠٢٥ بەکارهێنانی خوێ تا ڕێژەی ٣٠٪ کەم بکاتەوە، ئەمەش بە هاوکاریی حکومەت و سیستمی پیشەسازیی خۆراك، بە مەبەستی کەمکردنەوی بڕی خوێ لە خۆراکە پرۆسێسکراوەکاندا. خوێ یان سۆدیۆم Sodium ئاو لەگەڵ خۆیدا ڕادەکێشێتە ناو خوێن، بەمەش قەبارەی خوێن زیاد دەبێت و پەستانی خوێن بەرزدەبێتەوە. پێویستە بڕی ڕۆژانەی خوێ بۆ کەسێکی پێگەیشتوو کەمتر بێت لە ٦ گرام، کە دەکاتە ٢,٤ گرام سۆدیۆم، واتە یەك کەوچکی کوپ، هەر چەند تەمەن بچووکتر بێت، ئەوا پێویستە کە بڕی خوێی ڕۆژانەش کەمتر بێت، بۆنموونە لە تەمەنی ٧-١٠ ساڵ تەنیا ٥ گرام خوێ (٢ گرام سۆدیۆم)، لە تەمەنی ٤-٦ ساڵ تەنیا ٣ گرام خوێ (١,٢ گرام سۆدیۆم)، هەروەها لە تەمەنی ١-٣ ساڵ تەنیا ٢ گرام خوی کە دەکاتە ٠,٨ گرام سۆدیۆم بخورێت.



# دوودڵی بەلاوەبنێ.. ڤاکسینی کۆڤید وەربگرە!

لە سەرتاسەری جیهاندا کەسانێك دژی وەرگرتنی ڤاکسین بوون و کەسانێکی دی دوودڵ بوون لە وەرگرتنی ڤاکسین، چونکە بە بێ بوونی هیچ بەڵگەیەکی زانستی چەند بیروڕایەکی هەڵە سەبارەت بە ڤاکسینی کۆڤید لە هزریاندا هەبوو، نموونەی ئەم بیرورا هەڵانە وەکو ئەوەی کە دەگوترا: ڤاکسینەکە سەلامەت نییە، ئەو کەسەی وەریبگرێت تووشی کۆڤید١٩ دەبیت، لە جۆرە گۆڕاوەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا ناتپارێزێت، تووشبوو بە کۆڤیدپاش چاکبووەوە پێویست بە ڤاکسین ناکات، ڤاکسینی کۆڤید هۆکارە بۆ نەزۆکیی ئافرەت، کاریگەرییەکەی بەهێز نییە بۆ خۆپاراستن لە کۆرۆنا، زیانە لابەلاکانی توند و مەترسیدارن، کاریگەریی دەکاتە سەر DNA لە خانەکانی لەشدا، ماددەی کیمیایی خراپ لەخۆ دەگرێت...تاد. پاش چەندین لێکۆڵینەوە و بڵاوکردنەوەی زانیاریی پزیشکی باوەڕپێکراو، دودڵی سەبارەت بە وەرگرتنی ڤاکسینی کۆڤید Vaccine hesitancy لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٠ و سەرەتای ساڵی ٢٠٢١ دا بە تەواوی کەمبوویەوە و، خەڵك دەستیانکرد بە وەرگرتنی ڤاکسین، کە خۆشبەختانە منداڵ و گەورەکانی گرتەوە. هاندەرێکی دیکە ئەوەبوو کە جۆری گۆڕاوی دێلتا سەری هەڵدا، کە هۆکارە بۆ تووشبوون بە کۆڤید١٩ بە شێوەیەکی سەختتر، هاوکات لەگەڵ روونکردنەوەی زانا و پسپۆڕانی تەندروستی کە ڤاکسینی کۆڤید کاریگەرە بەرانبەر بە جۆری گۆڕاوی دێلتای ڤایرۆسی کۆرۆنا، بۆیە تۆش بێ دودڵی ڤاکسینی کۆڤید وەربگرە.



# بۆچی پێویستە دووریی فیزیکی یەک تا دوو مەتر بێت؟

ئەوە روونە کە ڤایرۆسی کۆرۆنا بە شێوەیەکی سەرەکی لە رێگای هەوادا بە هۆی دەرداو، یان پرووشکەکانی کۆئەندامی هەناسە Droplets لە یەکێکی تووشبوو بۆ کەسێکی دیکە دەگوازرێتەوە. هەندێك سەرچاوە ئاماژەیان بەوە کردووە کە لە تووشبووان بە ڤایرۆسی کۆرۆنادا، پرووشکی ورد کە لەگەڵ کۆکەی تونددا دەردەچن، لەوانەیە کە بۆ دووریی زیاتر لە هەشت مەتر بڵاو بنەوە، بەتایبەتی لەکاتی کەمیی رێژەی شێداریی هەوا، چونکە کێشی پرۆشکە وردەکان زۆر سووکە. دیارکردنی دووریی فیزیکی بە چەند هۆکارێکەوە بەندە، سەرەتا دیاریکردنی دووریی کۆمەڵایەتی لەسەر بنچینەی دابەشبوون، یان پەرشو بڵاوبوونی پرووشکە گەورە و بچووکەکان دانراوە، کە لە کۆئەندامی هەناسە لەکاتی قسەکردن و پژمین و کۆکەدا دەردەچن و رۆڵیان لە گواستنەوەی ڤایرۆسدا هەیە. قەبارە و شێوەی پرووشکەکان لەگەڵ هەناسەدانەوە و کۆکە و پژمیندا بەردەوام لە گۆڕاندایە، ئەمەش رۆڵی گرنگی هەیە بۆ دیاریکردنی ئەو دوورییەی کە پرووشکەکان دەیبڕن، یان دەیگەنێ. رێکخراوی تەندروستیی جیهانی WHO بە مەبەستی کەمکردنەوەی ریسکی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، دووریی فیزیکی وا دیاری کردووە، کە لە یەك مەتر کەمتر نەبێت. واباشترە کە ماوەی دووریی فیزیکی لەگەڵ چەند فاکتەرێکی دیکەدا رێك بخرێت، بۆنموونە: پێویستە کە دووریی فیزیکی لە ژووری داخراودا بەلای کەم دوو مەتر بێت، ئەگەر زیاتریش بێت باشترە.





## بۆ فەیسبوك ت...

فەیسبوك ئێستاكە بۆتە گەورەترین تۆڕی كۆمەڵایەتی لە جیهاندا و زۆرترین بەكارهێنەری هەیە. ڕێژەی ئەو هەژمارانەی لە فەیسبوكدا كراونەتەوە، نزیكە لە نیوەی دانیشتوانی گۆی زەوی. ئەم تۆڕە كۆمەڵایەتییە بەربینە چەند لق ویۆپێكی دیكەشی لێدەبێتەوە وەك ئینستاگرام و واتساپ و ماسنجەر.

لە ساڵی ٢٠٠٤ەوە لەلایەن چوارکەسەوە دامەزرێنرا، (مارك زاكەربێرگ، ئیدواردۆ ساورین، داسكین موسكۆڤیتز، كریس هیوز). بەڵام زیاتر «زاكەربێرگ» وەك دامەزرێنەر و بەرپرسی گشتیی فەیسبوك دەناسێندرێ.

لە ساڵی دامەزراندنیەوە هەتاكو ئێستا تەنیا دوو جار تووشی كێشە بووە و ماڵپەڕەكە بۆ خاوەن هەژمارەكان نەكراوەتەوە. ساڵی ٢٠١٩ كە تەنیا

## ئامێرێكی دژە كامێرای سیخوڕی

ئەگەر پێتوایە لە شوێنێك كامێرای تایبەتیان داناوە، ئەو كامێرا بچووكانەی كە لە ئامێرەكاندا دەشاردرێنەوە. ئەگەر پێتوایە سیخوڕیت بەسەرەوە دەكرێ و هەڵسوكەوتی ڕۆژانەت تۆمار دەكرێن، ئەگەر ئافرەتان پێیان وایە لە شوێنی جلگۆڕینی بەشێك لە ماركێتەكان كامێرای سیخوڕی دانراوە. ئەوە دەتوانی بە ئامێری دژە سیخوڕی و دۆزەرەوەی كامێرا شاراوەكان، هەموو كامێرایەكی شاراوە بدۆزیەوە، تەنانەت ئەگەر بەقەد دەنكە نۆكێك بێت و لە شوێنی زۆر ئاستەمیش حەشاردرابێ.

ئامێری SQ101 كاتێك هەست بەوە بكات ئەو شوێنە كامێرای شاراوەی لێیە، زەنگی ئاگاداركردنەوە لێدەدا. بەهۆی تیشكی سەرووی سوور، شوێنی كامێراكە دەدۆزێتەوە. یان ئۆتوماتیكی دەست بە لەرزین دەكا. ستایلێكی ئامێرەكە وەك وردبینێك دەچێت. شەحن دەكرێتەوە و هەتا دە كاتژمێر كاركردن شەحنی دانابەزێت. بە زۆری لە ژووری هوتێلەكان، شوێنی كۆبوونەوەكان، ژووری جل گۆڕین، گەرماوە تایبەتی و گشتییەكان سوودی لێوەردەگیرێت.



## وێستگەیەكی گەڕۆك

ئەم ئامێرەی لێرە دەبینن پاوەربانك نییە، چونكە پاوەربانك و توانا و قەوارەكەی سنووردارە، بەڵام ئەم ئامێرە دەكرێت بڵێن وێستگەیەكی گەڕۆكی شەحنكردنەوەیە. ئێستا لە سەردەمێكدا دەژین زۆربەی ئامێرە پێداویستییەكانی ژیانمان پێویستیان بە شەحنكردنەوە و بارگاوی كردنە. مۆبایل، كۆمپیوتەر، تەبلێت، درۆن، ئامێرەكانی دەنگ و سپیكەر، ئامێرەكانی بلاوكردنەوەی فیلم، بەگشتی زۆربەی ئامێرەكانی ماڵەوە.

ئەگەر كاربا هەبێ ئەوە شەحنكردنەوەی ئامێرەكان ئاسانە، بەڵام ئەگەر لە شوێنێك بی و دەستت بە كارەبا ڕانەگا ئەوە پێویستە پاوەربانكێكت لەلابێ، بەڵام پاوەربانك سنووردارە. ئامێری Monster Portable ئێستگەیەكی گەڕۆكی شەحنكردنەوەیە. بۆ گشت




## ـــــــــــووشی گرفت بوو؟

بۆ کاتژمێرێك تووشی کێشە بوو، لە ٥ی ئۆکتۆبەری ئەمساڵیش بۆ ماوەی ٦ کاتژمێر نەکرایەوە.

هۆکارەکەی وەك خودی کۆمپانیای فەیسبوك رایگەیاند بەهۆی کێشە لە راوتەرەکانی گواستنەوەدا بووە کە نەیاندەتوانی ئەدەرسی سایت (DNS) بخوێننەوە. هەرچەندە ئاماژە بۆ ئەوە دەکرا کە هێرشی ئەلکترۆنی بێت و لەلایەن نەیارانیانەوە هاك کرابێ یان تەگەرەی خرابێتە پێش.

لەراستیدا ئەو گریمانانە نەکردەنی نین، بەڵام زۆریش رێی تێناچێ. فەیسبوکێك کە تەنیا بەداخرانی بۆ ماوەی چەند کاتژمێر تووشی زیانێکی گەورەی مادی بوو و بەشێکی پشکەکانی لەدەستدا، دەبێ بیر پاراستنی ئەمنییەتی نەکرابێ؟ بانکێکی بچووك کە پارەیەکی کەمیشی تێدایە بەو پەڕی ئەمنییەتەوە دەپارێزرێ. ئەدی بانکێکی ئەوا گەورەی جیهانی هەروا بە ئاسانی هاك دەکرێ؟ لە راستیدا نە راگەیاندراوەکەی فەیسبوك رێی تێدەچێ کە بەهۆی کێشەی راوتەرەکانەوە بێت، چونکە ئەوان بەر لەوەی راوتەرەکان بگوازنەوە، بیریان لەهەموو شتێك کردۆتەوە، نە کێشەی هاك و ئەمنییەتیش بووە. بەڵکو کێشەکە لەوە قووڵترە هەروەك راگەیاندنە نزیکەکانی خۆشیان باسی دەکەن. کێشەکە پەیوەندی بە کێشەی ناوخۆیانەوە هەبووە. کێشەی ناوخۆیی نێوان خاوەن پشك و بەڕێوەبەرانی کۆمپانیاکە. ئەو کێشە ناوخۆییانە چ پەندێك دەنێنەوە!




## سکانەری تەندروستیی لەش

ئەگەر تووشی نەخۆشی بی و بچی بۆ لای دکتۆر، سەرەتا بەو ئامێرانەی لەبەردەستیدایە یان لە تاقیگاکاندا هەیە، بۆیان دەردەکەوێ کە کام بەشی جەستە کێشەی هەیە. بەڵام ئەگەر حەز دەکەی بەرلەوەی بچی بۆ لای دکتۆر هەر لە ماڵەوە زانیاری لەبارەی ئەندامانی جەستەت وەدەست بێنی، ئەوە لە ئامێری RaDoTech سوود وەربگرە. ئەم دەستگایە هەروەك لە وێنەکەدا دەبیینن بچووکە، بەڵام سکانی یەکە یەکە ئەندامانی لەش دەکا، ئەگەر گرفتێك لە هەر شوێنێك هەبێ ئاگادارت دەکاتەوە.

سکانەکە ئاگادارت دەکاتەوە کە کام ئەندامی لەشت زۆر ماندووە، کامەیان ناتوانێ وەك پێویست کار بکا. پاشان زانیارییەکان لە رێگای ئەپێکەوە بۆ مۆبایل دەگوازرێنەوە و بە دەنگ و وێنە بەکارهێنەرەکەی تێدەگەیەنێ کە چ بکات و چ بەشێکی پێویستی بە چارەسەرییە.

ئامێری ناوبراو تەنیا بۆ ئەندامانی دەرەوەی جەستە نین، بەڵکو دەتوانرێن ئەو ئەندامانەی لە هەناویشدا سکان بکا. وەك دڵ و جگەر و گورچیلە... تەنانەت ئەو رەگە خوێنبەرانەی بەباشیش کار ناکەن دەستنیشانیان دەکا.

## ـــــــــــی شەحنکردنەوە

ئامێرەکان کە پێویستیان بە شەحنکردنەوە بێ دەگونجێ.

ئامێری ناوبراو دەتوانێت کارەبای باتریش بکاتە کارەبای گشتی واتە AC 120. شوێنی دانانی سێ USB هەیە. هەروەها شوێنی دوو پلاکی کارەبا. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو مۆبایل و ئامێرانەی بەبێ وایەر شەحن دەبنەوە بەهۆی ئەو ئامێرەوە شەحن دەکرێنەوە چونکە سەری ئامێرەکە بۆ ئەو مەبەستە دروستکراوە.

دوو گلۆپی تێدایە بۆ رووناککردنەوە، هەروەها لەوکاتانەی کارەبا لەبەردەست دانەبوو بۆ شەحنکردنەوە شوێنی شەحنکردنەوە بە وزەی خۆریشی هەیە.

دەتوانێت ٩ ئامێر پێکەوە شەحن بکاتەوە. تەنانەت تەلەڤزیۆنیش بۆ ماوەی ٣ کاتژمێر کاری پێدەکات. کێشی ئامێرەکە چوار کیلۆ دەبێت.



# پرۆگرامێک بۆ سڕینەوەی لۆگۆ و واترمارک

زۆر وێنە کە تایبەتن یان زۆر فیلم کە خاوەنێکی دیاریکراویان هەیە، خاوەن کۆمپانیا بێ یان کەسێك بۆ ئەوەی کە وێنەکە هەڕەمەکی بڵاونەکرێنەوە، لەسەر وێنە یا ڤیدیۆیەکە لۆگۆ یا ئارم یا شتێك جا دەق بێ یا وێنە کە پێی دەگوترێ Watermark زۆر بە کاڵی لەسەر وێنە یا ڤیدیۆکە دەدەن، بۆ ئەوەی کە بینەر بزانێت ئەو وێنە یا ڤیدیۆیە هی خاوەنی لۆگۆ و ئارمەکە.. بەڵام هەندێك کەس دەیانەوێ ئەو لۆگۆ و واترمارکە لەسەر وێنەکان لابەرن، بە پرۆگرامی فۆتۆشۆپ و هاوشێوەکانی لەسەر وێنە لادەچن، بەڵام لەسەر ڤیدیۆ ئەوە تۆزێك دژوارترە.. پرۆگرامی HitPaw Watermark Remover بۆ ئەو مەبەستە بەرهەم هاتووە. بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە تەنیا بە کلیکێك واترمارکەکە لەسەر وێنە و ڤیدیۆکان لادەچن. بەکارهێنەری پرۆگرامەکە پێویستی بە شارەزاییەکی ئەوتۆ نییە بۆ لابردنی واترمارکەکان، بەڵکو پرۆگرامەکە خۆی بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی و خۆکار لۆگۆکان دەسڕێتەوە.






## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز پرسیار دەکات ئایا دەکرێت لەسەر مۆبایل سیستەمی ویندۆز دابندرێت؟**

بەڵێ خوێنەری بەڕێز سیستەمی ویندۆز، هەر سیستەمێك بێت ٧، ١٠، لەسەر ویندۆز دادەندرێت. بەڵام دەبێت لەسەرەتادا ئەوە بزانی کە سیستەمی ویندۆز شوێنێکی زۆر دەگرێت و رامێکی بەرزیشی دەوێت، بۆیە دەبێت میمۆری مۆبایلەکەت لە ٦٤ کەمتر نەبێت و رامەکەشی ٤ بەرەو سەرەوەبێت. ویندۆز لەسەر هەموو مۆبایلێك دانابەزێت. بۆ دابەزاندنی ویندۆز پێویستە پرۆگرامی Change My Software بەکاربهێنی. لە سەرەتا لەسەر کۆمپیوتەر و دواتر مۆبایلەکەی بە کێبڵێکەوە پێوە پەیوەند دەکەی و دواتر سیستەمی ئەندرۆید هەڵدەبژێری و ویندۆزەکە لەسەر مۆبایلەکە دادەبەزێت.

## میسا هاوڕێی منـــ



رۆبۆتەکان وردە وردە خۆیان لەناو ژیانی کۆمەڵگادا دەکەنەوە و رەنگە لە داهاتوودا زۆربەی ئەرکەکان بەوان بسپێردرێ و ژیان بەبێ ئەوان دژوار بێ، هەروەك ئێستا مۆبایل بۆتە هاودەمێکی مرۆی سەردەم.

رۆبۆتەکان بۆ زۆر مەبەست بەرهەمدێن، یەکێك لەو رۆبۆتانە کە بەم دواییانە بەرهەم هاتووە رۆبۆتی Misaیە. رۆبۆتێك بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.

رۆبۆتی میسا رەنگە ببێتە رۆبۆتی ئایندە، چونکە تەنیا تایبەت نییە



## کاتژمێری ئەنگوستیلەیی

هەتا جیهانی تەکنەلۆژیا زیاتر پێشدەکەوێ، ئامێری و گەجێتی ناوازەو سەرسوڕهێنەر دەبینین.. هەر ڕۆژە داهێنانێکی نوێ.

کاتژمێری ئەنگوستیلەیی لەمێژساڵە بەرهەم هاتووە، ئەو کاتژمێرانەی لە پەنجە دەخرێن، بەڵام کاتژمێرە ئەنگوستیلەییەکانیش گۆڕانیان بەسەرداهاتووە. ستایل و توانایان گۆڕاوە.

کاتژمێری Watch on your Finger، کاتژمێرێکی ئەنگوستیلەییە لە دوو ئەڵقە پێکهاتووە، کە لە پاڵ یەك خراون. پێکهاتەکەیان لە پۆڵای دژە ژەنگە. ئەڵقەیەك یەکەم لە پەنجەدایە و ئەڵقەی دووەم وەك بازنەیەك بەدەوری ئەڵقەی یەکەمدا دەخولێتەوە. ئەم سووڕانە دەبێتەهۆی هەڵبوونی گلۆپی LED بەم جۆرە ژمارەکانی کات کەلەسەر ئەڵقەکە هەڵکەندراون نیشان دەدرێن.

ئەڵقەکەی سەرەوە لە سێ بەشی کاتژمێر، خولەك ژمێر و چرکە ژمێر پێکهاتوون. ڕەنگەی گلۆپەکە بۆ دوو ڕەنگی شین و زەرد دەگۆڕدرێ.

بۆ ئەوەی کە وزەی زۆر بە فیڕۆ نەچێ، گلۆپی نیشاندانی کات تەنیا ئەوکاتە هەڵدەبن کە پێویستت بە زانینی کاتە. کاتژمێرەکە زەنگی ئاگادارکردنەوەشی تێدایە. هەرکاتێك شەحنکرایەوە هەتا یەك حەوتوو شەحنی دانابەزێت. بەهۆی شەحنکەرەوەیەکی تایبەتی بێ وایەر هەم شەحن دەبێتەوە و هەم دەتوانی کات بگۆڕی.



## ماڵپەڕی فۆتۆشۆپی ئۆنلاین

پرۆگرامی فۆتۆشۆپ یەکێکە لە گرنگترین پرۆگرامەکانی دەستکاری کردنی وێنە و کارو ئەرکە گرافیکیەکان. ئەگەر لەسەر کۆمپیوتەرەکەت پرۆگرامی فۆتۆشۆپت دانەبەزاندووە، بە ئاسانی و بەبێ گرفت دەکرێت لە ماڵپەڕی فۆتۆشۆپی ئۆنلاین سوود وەربگری کە ئەمە ئەدرەسەکەیەتی https://www.photopea.com/. شێواز و کارکردی جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ پرۆگرامی فۆتۆشۆپ. ئەگەر شارەزای کارکردن بە فۆتۆشۆپی هیچ کێشەیەکەت نییە لە بەکارهێنانی ماڵپەڕەکە و بەڵکو لە هەندێك بوارەوە کارئاسانی زیاتریشی تێدایە.




## ـــــدالْ و بە ساڵاچووان


بۆ ئەرکێك و زۆر ئەرکی لەسەرشانە. وەك هاوکاریکردنی ئەندامانی ماڵەوە، پێکهێنانی ئەمنییەت و چاودێری. ڕێکخستنی پەیوەندیی باشتر لە خانوویەکی زیرەکدا. گرنگترین ئەرکیشی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی پتەو لەگەڵ مرۆیەکانە.

وەك مرۆڤ هەستەکانی خۆشی و ناخۆشی هەیە، پێدەکەنێ و نیگەران دەبێ. دەکرێ وەك ڕاهێنەرێکی باش، یان مامۆستایەك و پەروەردەکاری بۆ منداڵان سەیر بکرێ. یارمەتی و هاودەمێکی بە ساڵاچووانیشە.

هەر پرسیارێکی لێی بکەی وەڵامت دەداتەوە، ئەگەر نەشی زانێ هەوڵدەدا لە داهاتوودا وەڵامەکەی بدۆزێتەوە. هەربۆیە میسا بە ڕۆبۆتی داهاتوو ناسراوە.







# جێگرەوەکانی تارای سپی بۆ خانمانی بووک

پێشتر تارای سپی بۆ خانمانی بووك باو بوو، بەڵام ئێستا زۆربەی بووکەکان حەز بەو ستایلەی پێشوو ناکەن، هەندێکیش دەیانەوێت شێوازێکی تازە لە ڕۆژی ئاهەنگیان بە دی بهێنن، پسپۆڕانی جوانکاری چارەسەری ئەوەشیان دۆزیوەتەوە لە ڕێگەی جێگرەوەی تارای سپی، کە بەپێی شێوەی جلی بووك دادەنرێت، جێگرەوەکانیش بریتیین لە، یەکەم: ئێکسسوار birdcage کە لە شێوەی تەل دەخرێتە سەر قژ، دووەم: جێگرەوە سەرپۆشی قوماش کە نیوەی قژ دادەپۆشێت، وا چاکە ئەو سەرپۆشە لە ڕەنگی سپی بێت، کە هەمان ڕەنگی جلی بووکە، تاجەکانیش جێگرەوەیەکی بەهێزن بۆ ئەوەی تارای سپی لەسەر سەری بووك نەبێت، کە مۆدێکی باوە و ناسکە، شێوازێکی جوانیشی پێ دەبەخشێت، هەندێ لە بووکەکانیش دەتوانن کڵاو بەکار بهێنن، کە ستایلێکی کلاسیك و سەرنجڕاکێشە، گوڵی سرووشتییش مۆدێکی دیکەی جێگرەوەی تارای سپییە، کە دەستە گوڵێکی سرووشتی و ناسك لەلایەن دیزاینەرانەوە ئامادە دەکرێت و، دەتوانی لە شوێنی تارای بووك لە ڕۆژی ئاهەنگدا بەکار بهێنرێت.



# ئاشنای جۆرەکانی ئایلانەری چاو بە

ئایلاینەر، یان هێڵکاریی چاوەکان، گرنگترین بەشی کەرەستەکانی ماکیاژن، کە وەك خانمێك دەتوانیت بۆ ڕازاندنەوەی چاوەکانت بە جوانترین شێواز جۆرێك لە ئایلانەرەکان هەڵبژێریت، بە جۆرێك لەگەڵ شیوەی چێوە چاوت گونجاو بێت، جۆرەکانی ئایلاینەر زۆرن، بەڵام دیاترینیان چوار جۆرن، لێرەوە ئاشنایان بە: سەرەتا بە ئایلاینەری کرێمی دەست پێ دەکەین، کە مۆدێکی ناسك و هێڵێکی تەنك و دراماتیکی بە چاو دەدات، ئەو جۆرە دەتوانی لەسەر هێڵی ئاوییش بەکاربهێنیت، بەبێ ئەوەی بەشی دیکە پیس بکات، ئەو جۆرە لە شێوەی قەڵەم، یان کارتۆنی بچووکە. دووەم جۆر ئایلانەری جێڵە، کە هاوشێوەی شەمع وایە، دژە ئاوە و بۆ ماوەیەکی زۆر دەمێنێتەوە، دەتوانیت بە فڵچەی ماکیاژ لە چاوت بدەیت، بەکارهێنانی ئاسانە و کاریگەرییشی زۆرە. ئایلانەری شل، کە زوو وشك دەبێتەوە و بە قورسترین جۆری هێڵکاریی چاو دادەنرێت، کە لەگەڵ فڵچەیەکی بچووك دابۆ شێوازی چاوی پشیلە گونجاوە، ئەگەر نەتتوانی بەکاری بهێنیت، دەتوانیت بە فڵچەی ماکیاژی بچووك بەکاری بهێنیت، کە دەرچەکانی دیاریکراو بن. دواجۆری ئایلاینەرەکان، بریتییە لە ئایلاینەری نێوان وشك و کرێمی، کە بە قەڵەمی کل دەناسرێت، ئەو جۆرە قەڵەمە ڕێگە بە هەڵەکردن نادات، بۆ ئەوانە گونجاوە کە لە سەرەتای ئاشنابوونیانن بە ئایلانەری چاو.



# ڕەنگی قژ لە وەرزی گەڵاڕێزاندا

وەرزی پاییز، بەهۆی بوونی باران و کەشێکی سارد و خۆش لەو چەند مانگەدا بە وەرزێکی خۆشەویست و دڵڕفێن ناسراوە، کە وادەکات خانمان حەز بە گۆڕانکاری و تازەگەری لە مۆدی جلوبەرگ و ڕەنگی قژ و کەرەستەکانیاندا بکەن، ڕەنگی قژیش یەکێکە لەو گۆڕانکارییانەی کە لەم وەرزەدا هەڵبژاردنێکی دروستە، ئەو ڕەنگانەی لەم وەرزەدا باون، بریتیین لە: ڕەنگی قاوەیی، کە بۆ ژیانی ڕۆژانە و دەوام و زانکۆ گونجاوە، بۆ ئەوانەی حەز بە ستایلی کلاسیك دەکەن، دەتوانن ئەو ڕەنگە هەڵبژێرن، کە تا کۆتایی ئەم وەرزە ئەو ڕەنگە باو و بەرچاو دەبێت، ڕەنگی دووەم بریتییە لە ڕەنگی زەردی زێڕین، کە هاوشێوەی ڕەنگی زێڕە و بریقەدارە، جوانییەکی بێوێنە بە شێوەت دەبەخشێت. ڕەنگی ڕەش، کە ڕەنگێکی باوە و گشتییە، لەگەڵ هەموو ستایلێکی دیکەی ماکیاژ و پۆشاك دەگونجێت، بە تایبەت ئەگەر بریقەدار بێت، کە دەتوانیت بۆ شوێنی گشتی و ئاهەنگ قژت ڕەش و بریقەدار بکەیت، ڕەنگی خۆڵەمێشی، یان ڕەنگی تێکەڵی خۆڵەمێشیی تاریك، مۆدێکی ناسکە و سەرنجڕاکێشە بۆ گەشت و سەیران و دەرچوون گونجاوە.

# جوانی و سەرنجڕاکێشی ئافرەتانی چاو بچووک



وێنەگرێك بە ناوی (جەیسی ژانگ)، جوانیی ڕاستەقینەی خانمانی چاوبچووك و ڕوخسار منداڵ BABY FACE بە جیهان نیشان دەدات، ئەوانەی ئەو شێوە ڕوخسارەیان هەیە، زیاتر کچانی چین و کۆریا و ژاپۆن و فلیپین و ئەندەنووسیا و تایلەندن، واتە ئەوانەی کە خەڵکی جیهان بە چاو بچووکەکان دەیانناسن، لەلای ئێمەوە شێوەی ئەوان هەموو وەکو یەکە، یان لە یەکتر نزیکە، ئەوانیش هەمان بۆچوونیان هەیە، کە شێوەی خەڵکی وڵاتانی دیکە وەکو یەك دەبینن و ناتوانن لە یەکترمان جیا بکەنەوە، جەیسی وێنەگر پێی وایە: کە جوانیی ڕوخساری ئافرەتانی چاوبچووك، جوانترین ئافرەتانی جیهانن و، زیاتریش بەهۆی شێوە ئاساییەکەیان هێندە بە ناسك و جوانی دەرناکەون، بەهۆی ئەوەی چەناگە و گەردەنیان پانە و ڕوخساریان باریك و لێویشیان وردە، ئەویش هەڵساوە بە دروست کردنی ڕوخساری کەسێك، کە گوزارشت لە جوانی و ناسکیی ئافرەتانی چین دەکات، لە نزیکەوەش وێنەی گرتووە تا خەڵکی جیهان ئاشنای جوانیی ئافرەتانی چین بن.

## یەکەمین یوتوبەری کوردی

**یەکەمین یوتوبەری کوردە کە لە بواری ئوتۆمبێلدا سەدان ڤیدیۆی ناوازەی هەیە، بە ملیۆنان بینین و ڤیویان هەیە، کەسێکە کە بیرۆکەی ئەو کارەی لە خۆیەوە بۆ هاتووە کە وەك یوتوبەرە جیهانییەکانی بواری ئوتۆمبێل لە کوردستان ئەو کارە بکات و، سەرکەوتنێکی گەورەشی بەدەست هێناوە. ئارام فەرهاد ئێستا لە پیشانگای سەفین بۆ ئوتۆمبێل کار دەکات، بە زانیاری و قسە خۆشەکانی توانیویەتی جەماوەرێکی زۆر بۆ خۆی پەیدا بکات، لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ گوڵان وەڵامی چەند پرسێکی داینەوە، بەم شێوەیە:**

*** سەرەتا ئەگەر ناو و پیشەت و لە کوێ کار دەکەی و لەکوێ دەژیت بۆ خوێنەرانی ڕوون بکەیتەوە؟**

- ناوم ئارام فەرهاد ئەحمەدە، لە هەولێر دەژیم و لە کۆمپانیای سەفین بۆ ئوتۆمبێل کار دەکەم.

*** بیرۆکەی یوتوبەری تایبەت بە ئوتۆمبێلت چۆن بۆ هات؟**

- بیرۆکەی کەناڵی یوتیوبی تایبەتی خۆم جگە لەوەی کە حەز و ئارەزووی خۆم بوو، بینیبووم کە ئۆتۆمبێلی زۆر پێشکەوتوو و زۆر گران بەها لە کوردستان هەن و، هەروەها خۆشم لە بواری ئۆتۆمبێل کارم دەکرد، خەڵکێکی یەکجار زۆرم دەبینی کە لە ئۆتۆمبێل و تایبەتمەندییەکانی ئەو ئۆتۆمبێلەی کە هەیانە، نەیاندەزانی کە بەکاری بهێنن و سوودی لێ ببینن، بۆیە بڕیارم دا کە کەناڵێکی تایبەت درووست بکەم و، باس لە ئۆتۆمبێل و خاسیاتەکانیان بکەم و فێرکاری و زانیاری بدەم، کە چۆنن و چۆن بەکار دێن، بۆ ئەوەی خاوەنەکانیان زانیارییان هەبێت و سوودی لێ ببینن و، ئەو خەڵکانەی ئارەزوو دەکەن زانیارییان هەبێت، سوودی لێ ببینن.





# لەمەدوا پێستی ئاژەڵ لە جلوبەرگدا بەکار نایەت

جاران ئەگەر جلەکەت لە پێست و فەروو و خووری بووایە، بە جلێکی کەشخە و پایەدار دادەنرا، وەك ئەوەی گیاندارێك، یان زیاتر راوکراوە و بۆ خزمەتی کەسێك جلوبەرگ و کەرەستەی جۆراوجۆری لێی دروست کراوە، لە بڕیارێکی سەیری هەریەکە لە مارکەکانی (گوتچی و ئیڤ سان لۆران و ئەلیسکتەر مککوین) کە سێ مارکەی ناوداری جلوبەرگن لە جیهاندا داهاتوودا، جلەکان و بەرهەمەکانیان بە هیچ شێوەیەك نابێت پێست و هیچ بەشێکی گیاندارانی تێدا بێت، ئەوەش بەهۆی پاڵپشتیان لە ڕێکخراوی جیهانی بۆ داکۆکیکردن لە گیانداران، کە گوایە نابێت گیاندارێك راو بکرێت بۆ ئەوەی جلێکی مرۆڤی لەسەر دروست بکرێت، ئەو بڕیارە لەلایەن کۆمەڵەیەك بە ناوی (گیرینگ) کە دیزاینەری جیهانیی ناودار (فرانسوا هێنری بینۆڵت) سەرپەرشتی دەکات، لە پرۆژەیەکی جیهانیدا هەڵساون بە نەهێشتنی ئەو دیاردەیە، کە لە داهاتوودا نابێت جلوبەرگ لە پێست و ئەندامانی دیکەی گیانداران و ئاژەڵان دروست بکرێت.

# تایبەت بە ئوتۆمبێل لە کوردستان

*** ڤیدیۆکانت تا چەند بینەریان هەیە و ئایا خۆت هەست دەکەیت کارێکی سەرکەوتووە؟**

- ڤیدیەکانم بە ملیۆنان و هەزاران بینەریان هەیە، بینەرەکانیشم تەنیا کورد نین و تەنیا لە کوردوستان نین، رۆژانەش لە زیاد بوون دایە و، بینەرەکانیش هەمیشە دەستخۆشییان لێ کردووم و خەڵکێکی زۆر سوودیان لێ بینیووە، بۆیە دەتوانم بڵێم کە کارەکەم سەرکەوتوو بووە.

*** سەرچاوەی ئەو زانیارییانەی دەربارەی ئوتۆمبێلەکان لە ڤیدیۆکانت هەن، لە کوێوە دێت؟**

- ئەو زانیارییانەی من باسیان دەکەم لەسەر ئۆتۆمبێلەکان، سەرچاوەکەی لە خودی کۆمپانیای ئۆتۆمبێلەکەوە وەردەگرم، تا هیچ زانیارییەکی هەڵە بە بینەرەکانم نەدەم، هەروەها کە وەك سەرچاوەیەکی گواید واتە ڕێنمایی بۆ ئاشنابوونی خەڵکە بە نهێنی و زانیارییەکانی هەر ئوتۆمبێلێك.

*** چیت تەواو کردووە و بڕوانامەت لە چی دا هەیە؟**

- بڕوانامەی ئەندازیاریم هەیە لە بەشی مێکاترۆنیکس، سوودێکی زۆرم لێ بینیووە بۆ بوارەکەی خۆم، کە تیایدا کار دەکەم.

*** لەگەڵ ئاشنابوونت بەو ڕێژە ئوتۆمبێلە لە ڕێگەی ڤیدۆکانتەوە، خۆت هەواداری چ جۆرە ئوتۆمبێلێکیت؟**

- خۆم هەواداری ئۆتۆمبێلەکانی پۆرشم، کە بەداخەوە لە کوردستان بەهۆی ڕێگاوبان و نەبوونی کەرەستەی یەدەگ، یان گرنگیدانی خەڵك بەو جۆرە مارکەی ئوتۆمبێلە، خواستی زۆر کەمیان لەسەرە.


*** هەست دەکەی کە لە نێو کوردا وەك خەڵکی جیهان گرنگی بە ئوتۆمبێلە مارکەکان برێت؟**

- لە کوردستان گرنگیی زۆر بە ئۆتۆمبێلی گرانبەها و لەکژەری دەدرێت، چونکە خەڵکیش وردە وردە پێیان ئاشنا دەبن و خاسیەتاکانیان شارەزا دەبن.

*** وەك دوا وتە هیچ شتێکت ماوە بۆ هەوادارانت؟**

- لە کۆتاییدا حەز دەکەم کە خەڵکی تریش لەو بوارەی من کار بکەن و، خزمەت بکەن و خەڵك بتوانن سوودیان لێ وەربگرن.


# دووانە و جووتە
## خوشكێكی ڕەش و سپی





(لوسی و دۆنا) ئێڵمەر، دوو خوشی (١٨) ساڵەن، لە دایكبووی (١٩٩٧) و لە دایكێكی بەرەگەز جامایاكی و باوكێكی بەریتانی، وەكو (ماریا و فینس ئێڵمەر)ی دایك و باوكی جمكە دوو ڕەنگەكە دەڵێن: بیرمان بۆ ئەوە نەدەچوو كە جمك دەبن و هەر یەكەشیان ڕەنگێك بێت، دوای پشكنین بۆمان دەركەوت كە دووانەن، بەڵام دوای لە دایكبوون بووین، لە جیاوازیی ڕەنگی پێستی هەردوو كچەكەمان تووشی سەرسوڕمان، كە یەكێكیان سپی پێست و پرچ زەرد و چاو شینە، ئەوەی دیكەش ئەسمەر و چاو قاوەیی و پرچ لولە، تەنانەت تا ئێستاش بەیەكەوە دەچنە دەرەوە و قوتابخانە و هەموو كاتەكانیان بەیەكەوەیە و، كەسیش بیری بۆ ئەوە ناچێت كە دووانە و خوشك بن.

## كاریكاتێر



باس لە گرنگیی خۆ بەستنەوە لە نێو ئوتۆمبێلدا دەكات، كە تەنانەت جگە لە مرۆڤەكان، پێویستە مێش و مەگەزیش بە سەمغ و سرێش ببەسترێنەوە!

## نوكتە

جارێكیان قوتابییەكی تەمبەڵ بە باوكی دەڵێت:
بابە بەیانی كارت وەردەگرمەوە!
باوكەكەش دەڵێت: ئەگەر دەرچوویت كوڕی خۆمی و كوڕی باوكی خۆتیت، بەڵام ئەگەر كەوتی هیچی من نیت!
بەیانی قوتابییەكە كارتی وەرگرتەوە دیارە كەوتبوو، باوكی گوتی ها چی بوو؟
ئەویش گوتی: كێی جەنابت ناتناسم!

## فیلم

## كەسێک لە ماڵەكەتە
## There›s Someone Inside Your House -




ناونیشانی فیلمێكی ترسناك و تۆقاندنە، باس لە كچێك دەكات، كە دەیەوێت بچێتە ماڵی داپیری تا لەوێ بژی، دوای ئەوەی لە یەكێك لە قوتابخانەكانی ئەو شوێنە دەخوێنێت، تووشی نەهامەتی و هەڕەشەكردن دەبێتەوە، ماوەی فیلمەكە یەك كاتژمێر و ٣٦ خولەكە، لە دەرهێنانی پاتریك كاك برایس و لە بەرهەمهێنانی (ئەتمۆیك مۆنستر و ٢١ لاپس ئینتەرتەینمێت، لە نواندنی سیدنی پارك و تیۆدۆر پێللێرن و ئەشجا كووپەر و ئیمیلیجا براناكە.

### كاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

لەگەڵ كەسانی دەوربەرت خۆت بگونجێنە، چونكە كاریگەریی ئەرێنیت لەسەر دروست دەكات و، لەرووی پیشەییەوە هاندەرت دەبێت بۆئەوەی زیاتر پشت بە خۆت ببەستیت، زیاتر سەرنج بخەرە سەر ئامانجەكانی ژیانت و، ڕێگە مەدە كەس هەنگاوەكانت لێ تێك بدات.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

دوای ماوەیەكی زۆر ئەو چانسەت دەبێت كە كەسە نزیكەكانت ببینیت و كاتیان لەگەڵدا بەسەر بەریت، تا دەتوانیت پاڵپشتییان بكە، لەلایەنی پیشەییەوە وادەردەكەوێت كێشەكانت چارەسەریان ئاسان نەبێت، بەڵام لەگەڵ یەكەمین هەنگاودا دەزانیت زۆر ئاسانە، هەربۆیە بە روكەش گرفتەكان هەڵمەسەنگێنە.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

ڕەنگە ڕووبەڕووی دۆخێكی سەخت ببیتەوە و نەتوانیت بە ئاسانی چارەسەری بكەیت، پێویستە زۆر ئارام بیت، هەوڵ مەدە خۆت لە كێشەكان دوور بخەیتەوە، بەڵكو هەوڵی چارەسەركردنیان بدە، باشتر گرنگی بە خێزانەكەت بدە، چونكە لە كاتە سەختەكاندا پشتیوانت دەبن.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

دوای ماوەیەكی زۆر ئەو چانسەت دەبێت پشویەك وەربگریت و لە زەحمەتییەكانی ژیان بۆ ماوەیەك خۆت دووربخەیتەوە، با هەمیشە چاوت لەسەر داهاتوو بێت، ئەم ماوەیە كاتی خۆشبینییە لە ژیاندا، هەموو شتێك بە خواستی تۆ دەبێت، بە ئاسایی لە گرفتەكان بڕوانە و لەخۆتیان قورس مەكە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

ڕەنگە بەشێك لە كارەكان بە پێی ئەو پلانە بەڕێوە نەچن كە خۆت داتناوە، بۆیە پێویستە پلانی باشتر دابنێیت، كاتێك هەست دەكەیت گرفتەكان گەورەن، پێویستە كۆنترۆڵی خۆت و هەڵچوونەكانت بكەیت، بەدوای ئامانجە ڕاستەقینەكەی ژیانتدا بگەڕێ و خۆت بەشتی لاوەكییەوە سەرقاڵ مەكە.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

بە زویی بڕیار لەسەر شتەكان مەدە، چونكە دەكەویتە كێشەوە، هەروەها گرنگە پارێزگاری لە پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانت بكەیت و، خۆت لە دەوروبەرەكەت دوورنەخەیتەوە، بۆكەسە نزیكەكانتی بسەلمێنە كە چەندە خۆشت دەوێن و ئەوان چەند بۆتۆ گرنگن.



## بیرکردنەوە و فەلسەفە

### سەرمایەداری

دەرئەنجامگیرییەکەی تۆنی کلیف لە جەوهەری رووسیای ستالینیستیدا، واتا نموونەی سەرەکیی تیۆرییەکەی بەشێوەی ئەو پێشبینییە بوو، کە خەباتی چینایەتی لە رووسیای ستالینیستیدا خۆی لە تەقینەوەیەکی گەورەی خۆڕسکانەی میلیۆنان کەسیدا دەربخات، کە وەك «یەکەم وەرزی شۆڕشی سەرکەوتووی پرۆلیتاریا دەبێت»، ئەو روانگەیەی لە ساڵەکانی دواتردا لەبەرانبەر کەسانێکی وەك ئیزاك دویچەر بەرگریی لێ کرا، کە چاوەڕوانی ئەوە بوون بیرۆکراسییەتی سۆڤێیەت خۆی ڕیفۆرم بکات، ئەندرسن (تەفسیری ترۆتسکی بۆ ستالینیزم) باس لەوە دەکات وەسفکردنی یەکێتیی سۆڤێت وەك کۆمەڵگەیەکی چینایەتیی، پێویستی بە گونجان لەگەڵ سەرمایەداریی غەربدا هەیە، چونکە سەرمایەداریی غەرب خاوەن ئازادییە دیموکراتییەکانە، کە لە شەرقدا نییە، بۆیە پێدەچێت سەرمایەداریی غەرب کەمتر توندتر بێت، چونکە تۆتالیتار نییە. سەرەنجام شاختمان وەك دیموکراتێکی (هەواداری) جەنگی سارد، ئاشکراکەری حەقیقەتی سیاسیی تیۆرییەکانی سەرمایەداریی دەوڵەتی و، هەروەها کۆلێکتیڤیزمی بیرۆکراسییانە بوو، لۆژیکی ئەم تیۆرییانە، هەمیشە لە کۆتاییدا حەزی بۆ گۆڕانی ئاراستەی لایەنگرەکانی بەرەو راستڕەوی هەبوو، ئەگەرچی بەگوێرەی تاکەکان، ئاوارتەگەلێکی کەمتر جێگیربوونی هەبوو، بۆیە لۆژیکەکەی شاختمەن بەهێز نییە.





## پەند و وتە

مارگرێت ئیلانۆر ئەتوود، نووسەر و رۆماننووسی کەنەدی و، هەروەها رەخنەگر لە بواری دیموکراسی، لە ساڵی (١٩٣٩) لە شاری ئۆتاوەی کەنەدا لەدایك بووە، دەربارەی ترسی پیاوان و ئافرەتان دەڵێت: ترسی پیاوان لە ئافرەتان ئەوەیە، کە یاری و گەمە بە هەست و دڵیان بکەن، بەڵام گەورەترین ترس لای ئافرەت لە پیاوان ئەوەیە، لە پێناویدا پیاوێك پیاوێکی دیکە بکوژێت.



## وێنە

وێنەیەکی راستەقینەیە لە پاشماوەی هەردوو جەنگی جیهانی، کە باس لە دراوی ئاسن دەکات ژیانی چەندین سەربازی جەنگی یەکەمی جیهانیی لە مردن پاراستووە.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

بۆئەوەی بگەیت بە پلەیەکی بەرزتر، پێویستە هەندێك جار سەرکێشی ئەنجام بدەیت، چاوەڕێ مەکە هەموو کاتێك بە ئاسانی بە خواستەکانت بگەیت، بەڵکو هەندێ جار پێویستە شێوازی رەفتارت بگۆڕیت، بەتایبەتی لەگەڵ کەسە نزیکەکانت، دەنا زۆر کەسی گرنگی ژیانت لەدەست دەدەیت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

بڕیار لەسەر داهاتووت بدە و مەترسە، لە ژیانی تایبەتیتدا شتەکان بەو شێوەیە نین کە خۆت دەتەوێت، ئەمەش نیگەرانی کردویت، هەوڵب دە هێندە کێشە بچووکەکان گەورە مەکەنەکەیت و بە ئەندازەی خۆیان لێیان بڕوانە، سوپرایزێکت لەلایەن کەسە خۆشەویستەکانتەوە بۆ دەکرێت، چاوەڕوانبە.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

رێگە مەدە وشەی نەرێنی کەسانی دیکە بتروخێنێت، متمانە بەخۆبون کلیلی سەرکەوتنەکانتە، کەسانی چواردەورت وەکو کەسێکی کراوە لێتدەڕوانن و تۆیان خۆشدەوێت، پێویستت بە کات و ئارام گرتنە بۆئەوەی سەرنج بخەیتە سەر شتە گرنگەکانی ژیانت.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

ئەوەی هەتە پارێزگاریی لێی بکە، هەوڵەکانت بەرەو داهاتوو ئەنجامی دەبێت، با ژیانی خۆتت خۆشبوێت و هەست بە دڵخۆشی بکە، ئەمەش خاڵێکی ئەرێنییە لە تۆدا، لەگەڵ هاورێکانتدا کاتێك تەرخان بکە بۆئەوەی قسەکانی دڵتان بۆ یەکتر باس بکەن، ئەمەش سترێس و نیگەرانییەکانت کەم دەکاتەوە.


### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨


هانی کەسانی دیکە بدە بۆئەوەی کاری باش بکەن و، هەوڵ بدە کاریگەریی ئەرێنییان لەسەر دروست بکەیت، لەلای کەسانی دیکە خۆشەویستیت و گوێت بۆ دەگرن، دوربکەوەرەوە لەوەی خۆت سەرقاڵی بیرکردنەوەی لابەلا بکەیت، تەنیا ئەوە بکە، کە خۆت دڵخۆش و ئاسودە دەکات.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

ئەمرۆ کارکردنی گرووپ گرنگترە لەوەی بەتەنیا و دوور لە کەسانی دیکە هەوڵ بدەیت، ئێستا کاتێکی زۆر گونجاوە بۆ ئەوەی هەنگاوێکی نوێ و ئەرێنی بنێیت، ژیانی تایبەتیت ئاوێنەی کارەکەتە، هەربۆیە بزانە چ کارێك هەڵدەبژێریت، تەندروستیت بەرەو باشی دەڕوات.


## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری
## (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media

AJANSA PARASTINA ASAYIŞA HERÊMA KURDISTANÊ

ئاژانسی پاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان

**بۆ ئەوەی خۆت و خێزان و وڵاتەکەت پارێزراو بن**
**لە هەستکردن بە هەر شتێکی گوماناوی**
**پەیوەندی بکە بە**
**هێلی ئارامی ئاژانسی پاراستن**
**ژمارە ١٢٣**



Gulan Weekly October 25, 2021 Issue,No.1290


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:

Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626